# دیلانه و مۆزیک

# دیلانە و مۆزیک

ڕەهبەر سەید برایم

- **ناوی کتێب: دیلانە و مۆزیک**
- **نووسینی: ڕەهبەر سەید برایم**
- **دیزاینی بەرگ: مەحمود خۆشناو**
- **دیزاین: هەرێم عوسمان**
- **چاپ: چاپخانەی حەمدی**
- **تیراژ: ١٠٠٠دانە**
- **نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم**
- **ساڵی چاپ: ٢٠١٨ – سلێمانی**

**لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**
**ژمارەی سپاردنی (      ) ی ساڵی ٢٠١٨ ی پێدراوە**

# تیشک وستایش

مۆزیك شاخێكه له ئاوەگردی دۆڵی سماقوڵی، له ناوچەی خۆشناوەتی نزیك كۆیه، لوتكەی مۆزیك دەكەوێته ئاستی سماقوڵی گرتك، دۆڵێك لەوێ هەیه به ناوی (دڵكۆ)، بۆیه پێی گووتراوه (مۆزیك)، دەڵێن لەگەڵ شنەبا پەلك و لق و مازوو لەراونەتەوەو جۆره ئاوازو سۆزێك دروست بووه، بۆیه ئەو كتێبەمان ناوناوه (دیلانەو مۆزیك)، چونكه له كۆیه به گۆرانی گووتراوه (دیلانه)

**لوتكەی مۆزیك و كێشكێ و فاتمەلان**
**جوولەی دار و ئاو ئاهەنگی مەلان**
**زایەڵەی زوڵاڵ سۆز و سۆڵۆیه**
**سەرچاوەی هونەر وراتی كۆیه**

له كتێبی (دیلانه ومۆزیك) یادگاری رۆژگاری پێش پێشمەرگایەتیم باسكردووه، تا رادەیەك خۆم ناساندووه، بگره خۆشم هەلكێشاوه، شیعر و ئاواز وبیرەوەریم تێكەڵ كردووه، بەڵام دەستم بۆ هەموو باسێك نەبردووه، قوول نەبوومەتەوه له ژیانی سیاسی وپێشمەرگایەتی، وەك پێویست پرشەنگم نەخستوتەوه سەر كارەسات وهەلوێست و رووداوەكان !

لـە بـنی کولەکـەم نـەداوە، زیـاتر بـەرەو بـواری کـەناری ئـەدەبی وهونـەری هـەنگاوم نـاوە، لـە راسـتیدا زۆر ماندووبومـە چـونکە جارێکیـان لێ فەوتانـدم !! بۆیە دەبێت سوپاسی ئەو زاتانە بکەم:

١- مەحمود خۆشناو دیزاینەر وهونەرمەند وپێشمەرگە. (خۆشنووس)
٢- سەرمەد سەلاح سابیر. (تایپ)
٣- ڕازاوە ڕەزا. (تایپ)
٤- ئیسماعیل رەسول. (تایپ)
٥- توانا ئەحمەد. (دیزاین)
٦- پیشتیوان غەفووری (وێنەی بەرگ)
٧- شێخ تالیب سەید عەلی (ئەرشیف)

**رەهبەر سەید برایم**

# بانیژە[1]و کەویژە[2]

## درەخت و ڕێچەڵەک

ناوم (رەهبەر)ە، بابم (سەید برایمی حاجی سەید سەعیدی سەید برایمەفەندی)، نەوەی (کاك سەیدی هەولێری)یە، باپیرەگەورەمان بە (کاك سەیدی هەولێری) بەناوبانگە، بە گوێرەی تۆمارو درەختی سەیدایەتی بە (٤٣)پشتان دەگەینەوە ئیمامی عەلی(د.خ)، باپیرم (حاجی سەید سەعید) لە ساڵی(١٨٩٦) لە شاری هەولێر لە دایك بووە، لە (١٩٨٣/٨/٢٠) کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی (شێخەڵڵا) لە هەولێر نێژراوە، (شێخەڵڵا)کۆسە ئامۆزای باپیری بابم بووە، باپیری باپیرم لە هەولێر نێژراوە! گوایە نهێنی خواو کەرامەتی کەشف بووە، بۆیە کۆچی دوایی کردووە !

---

[1] بانیژە: شوێنێکی تەختە دەکەوێتە ژوورووی بەرداشی ئاشەوە، دانی تێدەکەن لەوێڕا دەڕژێتە کونی بەرداشی سەرەوە، لە نێوان دوو بەرداشەکاندا ورد دەبیٚ!

[2] کەویژە: ئەو شوێنەی کە باراشەکەی پێدا دەچێتە ناو بەرداشەکانەوە.





(لەسەر گۆری باپیرم حاجی سەید سەعید لە گۆڕستانی شێخەڵلا لە هەولێر)        درەخت وریچەڵەکی سەیدایەتیمان

دەبێت (سەید برایمەفەندی) باپیری بابم، یان کارمەندێکی گەورەی شەقڵاوە بووبێت، چونکە باپیرم تەمەنی هەشت ساڵ بووە  کە باوکی کۆچی دوایی کردووە بۆیە لامان روون نییە، بەرێوەبەری ناحیە بووە یان دادوەر ! دەزاندرێت لە گەڕەکی خانەقای هەولێریٚ، تەکیەی هەبووە، ئەوسا شەقڵاوە سەر بە کۆیە بووە، پاش کۆچی دوایی سەید برایمەفەندی، باپیرە (حاجی سەید سەعید)م خۆیو دوو خوشکی (فەیمەو حەیات) فەیمە خان شووی بە حاجی ئەحمەدی عەزیزی کردووە، ناسراوە بە حاجی ئەحمەدی فەیمە خان چوار کوڕی بووە (حاجی حەوێز + جەلال+ حاجی عبدالرحمان + قادر) حەیات خان شووی بە ئەمینی حەمەدی نازیٚ کردووە ئەو مندالأنەی هەبووە(کەمال+حاجی بدیعە )بە یەکجاری دێنە کۆیە، مووچەی بابیان لە کۆیە وەردەگرن



باپیرم حاجی سەید سەعید



نەنە ڕەحمە



نەنە حەمدیە

(حاجی سەید سەعید) لە کۆیە ژیاوە، سێ ژنی هێناوە، ژنی یەکەمی (فاتمە فەقێ ساڵح)و لە (١٩٢٠/٧/٢٠) هێناویەتی، نەنە فاتم خوشکێکی هەبوو بە ناوی (عەیشێ) دایکی کەریم مەغدید و خالید مەغدید و تۆفیق مەغدید و ئامینە و فەهاوو خەرمان و خێریە و عەبدول خالق و وشیار. باپیرە حاجی سەید سەعید ژنی دووەمی (ڕەحمە شێخ عەبدول کەریم بەرزنجی) لە بنەماڵەیەکی دیارو ناوداری کۆیەن، ژنی سێیەمی (حەمدیە سەعید مختار) ئامۆزای خادمی شاعیر بووە! (حاجی سەید سەعید)ی باپیرم (١٠)کچ و (٨)کوڕی هەبووە:

(سەید برایم، ئامینە، فەخریە، شوکریە، خەجاوە، د.سەید ئەحمەد، سەید عیسامەدین، سەیدجەواد، بەدریە، سەبریە، لوتفیە، پەرژین، سەید جەوهەر، شێخ سەلاح، قەدریە، سوعاد، شێخ جەعفەر، شێخ سەلام).

دایکی (حاجی سەید سەعیدی سەید برایمەفەندی) ناوی (ئامینەی کچی شێخ عەلی دۆڵ پەمۆ) بووە، بۆیەش (حاجی سەید سەعید)، کوڕی گەورەی بە ناوی (سەید برایمی) باوکییەوە ناوناوەو کچە گەورەکەشی بە ناوی دایکییەوە ناو ناوە (ئامینە)

# نا وویێنەی برا و خوشکەکانی بابم:


د. سەید ئەحمەد


مامۆستا شێخ سەلاح


ئەندازیار شیخ جەعفەر


ئەندازیار شێخ سەلام


ئامینە


فەخریە


خەجاو


شوکریە


ست بەدریە


ست قەدریە


سوعاد

– ئامینه – خێزانی (حەویز خارە)منداڵەکانی (ئازاد + قومری + هیمداد + ئاراس +نەوزاد +نەبەز + خەبات + شەپۆل + برزوو)

– فەخریە: خێزانی (خارە حەمە) منداڵەکانیان (پەروین + فاتم +کەریم + مهاباد)

– شکریە: خێزانی (کەریم مەغدید) منداڵەکانیان (ژیان + بەیان + محمد+ سەوسەن + دلێر +زانا + دلاوەر)

- خەجاوە: خێزانی(سەید کاکەی گۆمەشین) بووە منداڵەکانیان (خاوەر +خومار+ سالار)

- د. سەید ئەحمەد: نازانین ژن و منداڵی هەیە یان نا جاروبار دەنگۆیەك بڵاو دەبێتەوە کە ژن و مناڵی هەیە بەڵام روون نیە.

- شێخ سەلاح: خێزانەکەی (سەرگوڵ وەیس) منداڵەکانیان (سەرهەد + میدیا + گۆڤەند + رەنج + بروا+ سەرنج)

- قەدریە: خێزانی (مامۆستا قاسم عەبدوللاّ) منداڵەکانیان (لانە + رووداو +هانا+ محەمەد)

- سوعاد: خێزانی (مامۆستا سلێمان ئەحمەد) منداڵەکانیان (بۆتان +ئالان+ بەڵێن)

- شێخ جەعفەر: خێزانەکەی (گوڵەباخ رەسول) منداڵەکانیان (بێلان +باخان +باوان دلاّن)

– شێخ سەلام: خێزانەکەی (سکالاّ فازیل) منداڵەکانیان (شێنێ +سایە +شاهۆ+ سەهەند)

- بەدریە:خێزانی (مامۆستا شێخ رەئوف عەبدولقادر) منداڵەکانیان (نەبەز + شیراز + خاڵدار + سەنگەر + فیراز + کەناچە)

مامە (سەید ئەحمەد)م (١٩٣٢–١٩٨٦) دکتۆر بووە، لە رووسیا لە زانکۆی پزیشکی لینینگراد خوێندنی تەواو کردبوو، بە داخەوە لە لوبنان ساڵی(١٩٨٦) لەسەر دەوڵەمەندی کوشتیان، تەرمەکەشی هەر لە لوبنان مایەوە! سامان و کۆشك و تەلاری لە (بەیروت) لە پاش بەجێ ماوە، بایی چەندان ملیۆن دۆلارە، بێ خاوەن ماوەتەوە!

مامە (شێخ سەڵاح)م لە دایك بووی ساڵی(١٩٤٤)ەو مامۆستا بووەو لە(٢٠١٠/٧/١٩) لەگەڵ مامۆژنە (سەرگوڵ)م لە ئاستی (فریزەڵەو ئاریشە) لە دۆڵی خەلەکان ئۆتۆمبیلیان لێوەرگەڕاو گیانیان لەدەستداو فەوتان! لە گۆڕستانی (شێخ ئەحمەد) لە هەولێر نێژران! مامە (شێخ سەڵاح)م لە گوندی خەرابە مامۆستا بووە لەشەستەکان.

لە خەرابە، (عەزیزاغا ساڵحاغا) ویستوویەتی بیگوازێتەوە، لەوێ نەمێنێ! چونکە مامە (شێخ سەڵاح) نوێژی دەکردو قوماری نەدەکرد! مامە (شێخ سەڵاح) بە (عەزیزاغا) دەڵێ: بۆچی دەمگوازنەوە! (عەزیزاغا) دەڵێ: نە دەخۆیەوە نە قومار دەکەی! مامە (شێخ سەڵاح) دەڵێ: فێرم بکەن با نەچمە جێیەکی دیکە! سەرەنجام لەوێ فێرە قومارو خواردنەوە دەبێ، تا ئەو رۆژەی کۆچی دوایی کرد، وازی لە قومارو خواردنەوە نەهێنا.

بابم (سەید برایم) زۆر لێ ی نیگەران بوو ، ئێمە هەموومان خۆشمان دەویست بە تایبەتی من، زۆرم مامە (شێخ سەلاح) خۆش دەویست، چونکە ئەو بە (کاکە ڕەهبەر) ناوی دەهێنام، جا منیش گلەیم لە بابم دەکردو دەمگووت: بۆ گلەیت لێ ی هەیە، بۆ نێوانت زۆر خۆش ناکەی لەگەڵی برا گەورەی ئەوی، ئەویش دەیگووت: قومار چییەو وەتەنی نییە!

دوو مامم (شێخ جەعفەر، شێخ سەلام) ئەندازیارن و دوو پوورم خوشکی بابم (بەدریە، قەدریە) مامۆستای سەرەتایی بوون و خانەنشینن! بابم (سەید

برایم) نۆبەرەیە، لە ساڵی(١٩٢٣) لە کۆیە لە دایك بووەو لە (١٩٩٨/٨/٣) کۆچی دوایی کردووەو لەسەر داواو وەسیەتی خۆی لە کۆیە لە (مەرقەدی چیای هەیبەسوڵتان) نێژراوە!

دایکم (خەجاوە خانی سمایلە سووری نەجاڕ) ساڵی(١٩٣٨) لە کۆیە لە گەڕەکی قەڵات لە دایك بووە لە(٢٠٠٤/٨/١٨) لە سوید کۆچی دوایی کردووە! شێخانیەو لە بنەماڵە هەرە کۆنەکانی کۆیەن، لەتەك بابم لە هەیبەسوڵتان نێژراوە!



(گرێبەستی هاوسەرگیری سەید برایم وخەجاوە خان)



سەید برایم



خەجاوە خان

(خەجاوەخان و سەید برایم) لە (١٩٥٤/١/٤) زەماوەندیان کردووە، کە دایکم بە بووك چووە، دوو برادەری باوکم (محەمەد شوان، جەلال جۆبار)، دەستی دایکمیان گرتووە.

محەمەد شوان یەکەم وێنەگر بووە لە کۆیە دوکانی وێنەگری داناوە بە ناوی (ستۆدیۆ شوان)، دەبێت سەید برایمی باوکم یەکەم کامیرای لە بەغدا بۆ کڕی بێ !


جەلال جۆبار


محەمەد شوان


سەید برایم

دایك وباوكم بەرهەمیان دوو كوڕو چوار كچە (پێشڕەو، رەهبەر، دیمەن، شەهێن، چیمەن، دیدەن).

## برا وخوشکەکانم:



دیدەن دیمەن شەهین چیمەن پێشرەو

(دیمەن)ی خوشکم، بابم ناوی لێنابوو (کۆنگرە)، دیارە لە سەروبەندی کۆنگرەی پارتی بووە لە کۆیە، بەڵام (د.خالیدی نەمر) برادەری باوکم بووە، ناوی لێنا(دیمەن)و ناوی (دیمەن)ی پێ خۆش بووە، تەنانەت خوشکێکی خۆشی ناو لێنابوو (دیمەن)!

کاتێك (شەهێن)ی خوشکم لەدایك بووە، بابم زیندانی سیاسی بوو، بۆیە خاڵە گەورەم (خاڵەتایەر) ناوی لێنا (رووناك)، بابم ناوی (گوڵشەن و دیلبەند)ی بۆ هەڵبژاردبوو، بۆ خۆشی دەمانگووت: بریا ناوی (حەپسە) با، مادام بابمان حەپس بووە، سەرەنجام بە (شەهێن) ناونرا!



د.خالید

دایکم سێ براو چوار خوشکی هەبوو (تایەر، حەلیمە، مەجید، محەمەد، پەرژین، گەلاوێژ، شلێر)، هەر چوار پوورم مێردیان بە خزمی خۆیان کردبوو، بەس بابم خزمیان نەبوو! دایکی دایکم پێی ناخۆش بوو پێی بڵێن: نەنە، پێمان دەگووت: (دایە زەوە). دایە زەوە، دایکی دایکم واتە نەنکم بە کوڕی گەورەی خۆی دەگوت کاك تایەر وای بانگی دەکرد بە ڕێز و کاکەوە ناوی دەهێنا نەنکم بە باپیرە (سمایلە سووری نەجاڕ)ی مێردی دەگووت: (بابی کاك تایەری)، چەند جوان و ئەدەبی خۆشەویستی تێدایە، بە کوڕی خۆت بڵێ کاك و بە مێردەکەی خۆی بلێ بابی کاك تایەری (خاڵەتایەر) خاڵی گەورەمان بوو، لە ویلایەتی (ویتا) لە ئەمریکا خوێندنی تەواوکردبوو. پسپۆری گوڵ ودرەخت ودارستان بوو

بابی دایکم باپیرە سمایلە باوکی واتە سالح لە سەفەر بەلەك بێ سەرو شوێن بووە، باپیرم بچووك بوو لەگەڵ دوو برای حەسەن و حوسێن، حوسێن مامی دایکم بە توتنەوانی لە بیتوێن خۆیی وخێزانی فەوتان سێ کچی هەبوو (قەدریە، بەدریە، کەوکەو) جگە لەوەی ئامۆزای دایکم بوون وەك خوشکیش وا بوون(قەدریە) بووە خاڵۆژنی دایکم بوە، خێزانی (زاهیر قوندیل)، (بەدریە) بوە هاوسەری (سادق ئاغای عەنبار) کەوکەو بوە خێزانی (جەلال سابیر)

******

حەمە ڕەفیق حەوێزی قەساب: کوڕی پووری دایکم بوو، ئامۆزای مێردی پوورە پەرژینم بوو، دایکی ناوی پلە عەیشێ بوو، ژنەکی زۆر جوان و چاو شین و سورو سپی و نازداربوو، دوو کچ و کوڕەکی هەبوو(سەبیحە مەلیحەو حەمەرەفیق) ئەو حەمە ڕەفیقە وەك کفر ئەحمەد وابوو، هەمیشە کفری دەکردو ناشوکرو نارەزایی لەبەرامبەر خوا دەردەبڕی، جگەرەی زۆر دەکێشا لە کونی بازاری قەیسەری کۆن هەڵدە ترووکاو دەستی بەکفران دەکرد، قورئانی

مزگەوتانی دەسوتاند، (بتگوتبا پۆلیس هات، دەترساو ئەو جیٚ یەی بە جیٚ دەهیٚشت) باوکی قەساب بوو دەیگوت باوکی خەڵکی دەمریٚ قەسرو قەمەرە بەجیٚ دەهیٚلیٚ، باوکی منیش دوو جزمەی لینگە گۆرو قەمەی بۆ بەجیٚهیشتووم، ڕوی لەئاسمان دەکرد و دەستی بەکفران دەکرد، لە ڕاستیدا عەشق شیٚتی کردبوو، ئەو عەشقەش سەر گوزەشتەی خۆی هەیە.

سالی ١٩٧٤ شەڕ بوو(جەمال سابیر) پۆلیس بوو، ئامۆزای حەمە ڕەفیق بوو، پەیوەندی بەهیٚزی پیٚشمەرگەوە کرد سوپای ڕژیٚمی عیٚراق هیٚرشی کردە سەر (گوندی عەودالان) جەمال سابیر گویٚ ی نەدابویە، لە ماڵیٚك بوو داریٚکی بەدەرگاوە نابوو وای دەزانی دەرگاکە ناکەنەوە تا سوپا هات گرتی و بردی لە سیٚدارەیان دا، حەمە ڕەفیق بەپەرۆشەوە دەیگوت توخوا ئەتو هی پیٚشمەرگایەتی (حەپەتان) تاقەتت نە بوو، برۆیە دەر دارت بەدەرگاوە نابو بەداخەوە جەمال سابیر قەساب شەهید کرا، ئەوساڵی چەندان کەس لەسیٚدارەدران و شەهید کران لە ١/٢٢/ ١٩٧٥ جگە لە شەهید جەمال سابیر، شەهید نیهاد حەمە سدیقی باخچەوان و شەهید دلیٚر سابیر و شەهید صەمەد محەمەد ئەمین سەلام، شەهید فوئاد عەبدولاٚ تۆفیق شەهید عەلی عەبدولاٚ باوە قوبی، شەهیدمحەمەد عەبدولاٚ بتویٚن، شەهید مەلا علی مەلا سالح .





حەمە ڕەفیق جمال سابیر

(سەید برایم) شانازی زۆر بە دایکیەوە دەکرد، دەیگووت: کچەزای (شێخ محەمەدی بریندار)ەو نەنکی (باجی مەنیج) قورئان خوێن و خوێندەوار بووە، خەڵکی سلێمانی بووە، کچی (شێخ محەمەد)ی بریندار بووە.

(حاکم پێشڕەو) نۆبەرەی (سەید برایم)ە، بابم زۆرجار دەیگووت: دەربارەی ناوی (پێشڕەو) یەکەم ناو (پێشڕەوی مامۆستا کەریم ئەحمەد)ی حزبی شوعییە! دووەم ناو (پێشڕەوی عومەر سەعد)ە، (پێشڕەو)ی من سێیەمین ناوە!





ڕەهبەر لە تەمەنی حەوتساڵی ڕەهبەر لە تەمەنی دووساڵی

من کوڕی دووەمم، بە گوێرەی دەستنووسی بابم لە(١٩٥٧/٧/٢٧) لە کۆیە لە گەڕەکی (بایزاغا) لە دایك بوویمە، بە گوێرەی قسەی دایکم (خەجاوەخان) پێ و قدومم خێر بووە، کە لە دایك بوویم خانوومان پەیدا کردووە، چووینەتە گەڕەکی (گردی جوان) لە کۆیە، خانووەکە وەستا حەویزی گۆمەشینی وەستایەتی تێدا کردووە، سیاسەت مەدار و ئەندازیار عەلی عەبدوڵا نەخشەی بۆی کێشاوە ! دەشیگووت: بە چاوەزار کەوتووم و دوو کوڕم لەسەریەك بووە، دایکم دوای من چوار کچی لەسەر یەك بووە، کوڕی دیکەمان نەبووە، بابم جیاوازی کچو کوڕی نەدەکرد، ئەوسەردەمە خەڵكو خزم پێیان سەیر بووە ئەو بۆچوونەی هەیە! دایکم کەڵەگەت و بابم و کاکم دەستە پیاو بوون و کەڵەگەت نەبوون، من زۆر باڵام کردو لە بەژنو باڵا بەسەر باب و کاکم کەوتمەوەو لەوان کەڵەگەتر بووم، خۆشی لەوەدابوو، لە وەختی جەژندا باپیرە (حاجی سەید سەعید)م وای دەزانی من گەورەترم، چونکە لە حاکمی برام کەڵەگەتتر بووم، بۆیە جەژنانەی من لەچاو ئەو زیاتر بوو!



نەخشەی خانووی سەید برایم بە دەست خەتی ئەندازیار وسیاسەتمەدار عەلی عبدوڵڵا



مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا

دایکم دەیگووت: بە قوربانی بەژن و بالآت بم شێخی عارەبان! دایکم زۆرجار دەیگێڕایەوەو دەیگووت: (ئەو کوڕەم زۆر پاك و نوورانیە)، گوایە خەونم دیوە، بۆ دایکم گێڕاوەتەوەو گووتوومە: (دایە پیاوێکی گەورە لە ئاسمانێ سووتا)، نەمزانیوە ئەو پیاوە گەورەیە کێ بوو، هەروەها خەونەکەشم بە بیر نایە، دوایی کە گەورە بووم زانیم ئەو پیاوە گەورە (عەبدول سەلام عارف) بووە، سەرۆك کۆماری عێراق لە مانگی نیسانی ساڵی (١٩٦٦) بە هۆی کۆپتەر لەگەڵ چەند ئەفسەرێك لە (قوڕنە) شاری (بەسرە) کەوتۆتە خوارەوەو سووتاوەو بووەتە زوخاڵ، ئەو کاتە تەمەنم نۆ ساڵان بووە!

لە بیرمە کە جادەی (گردی جوان) کرا، (ئەحمەدی یا بەیبوونێ) بە تیرۆگ قیری جادەکەی پان دەکردەوە، (ئەحمەدی یا بەیبونێ) زۆر قەڵەو بوو، بە تیرۆگە کورت و ئەستوورەکەی پانی دەکردەوە، قیرەکە وەك دۆشاو وا بوو.




دەست خەتی سەید برایم لە ڕۆژی لە دایکبوونم

لە مێشکم چەسپەو لە یادم ناچێ، ساڵی(١٩٦٣) بە ساڵی بەعسیان و حەرەس قەومیان دەناسرێت، بە چاوی خۆم دیومە، لە باخچەی سەید برایم بە گەڵابە مەیتی کوژراویان لێ هەڵڕشتووە، بە دەست بەستراوی و ڕەش ڕەش بووبوون.

باخچەی (سەید برایم)ی ئێستا (ئەوسا گۆڕستان بوو)، لەگەڵ کوڕانی گەڕەك چەندان جار کێلۆبەردانێمان لێکردووە، پاش ڕاپەڕین دەیانویست ئەو جێگایە بەزیادەڕۆیی بکەن بە خانوو، بەڵام بەرهەڵستیمان کردن و نەمانهێشت، سەرئەنجام خۆشمان کردو دارمان لێ چاندو بوو بە باخچە، لەلایەن ئەنجومەنی شارەوانی کۆیەوە بە باخچەی (سەید برایم) ناونرا.

منداڵ بووم نەچووبوومە قوتابخانە، لەبەر دەرکی ماڵی خۆمان ئینزیباتێك تێپەڕی، منیش دارێکم پێ بوو، گووتم (ئیرمی بلرەشاش) ئینزیباتەکە غەدارەکەی هێنایە خوارەوەو دایکم باوەشی پێداکردم و ڕزگاری کردم، نەمدەزانی ئەو ڕستەیە ماناشی چییە ! بەڵام ساڵی بەعسیان ئیڕمی بەڕەشاش و مەنع تەجەول زۆر گوێ بیست دەبووین و بێ ئەوەی ماناشی بزانیین.

لە گەڕەکەکەمان هەر لە گردی جوان (دلێر تایەر مونیف) دراوسێمان بوو، بە کارەبا گیانی لە دەستدا لە (١٩٧١/٥/٢٠)، گەڕەك و کۆیە پێی تاسان، چونکە گەنجێکی هێند قۆزو جوان بوو، (بڵند ئەجەوید) لە بەرەبابی ئەوان بوو، بابم (سەید برایم) ئەو چوار خشتەکیەی بۆ دارشت بوو:

کاکە دلێری جوانە مەرگم ڕۆ
گلێنەی چاو و ڕیشەی جەرگم ڕۆ
ڕۆڵەی نەدیتووی شادی ژیانم ڕۆ
لاوی دوا ڕۆژی کوردستانم ڕۆ





خوالێخۆشبوو (دلێر تاهیر مونیف)

هەر لە گەڕەکی خۆمان، لە بیرمە، (بەهزادی عەبدە تەها)ی بە نەخۆشی کۆچی دوایی کرد! لە تەمەنی ١٧ ساڵی، مامۆستا کەریم شارەزای خاڵی شعرێکی بۆ دارشت بوو:

ئێوە قەت مەڵێن بەهزاد مردووە
تەنیا بە دیمەن لێمان ون بووە
چۆتە سەردانی مام و باپیری
چونکە دڵپاکە و حەلاڵە شیری
لە چواری مارتی ساڵی شەست و هەشت
پەپولەی گیانی فڕی بۆ بەهەشت

**********

ئەحمەدی حەمە مەلا: (١٩١٣-١٩٦٩ کۆیە) ئەحمەدی حەمە مەلا کوڕی مەلا ئاورەحمانی کوڕی مەلا پیرۆتی کوڕی مەلا عەولایە، بە رەسەن چەند پشت خەڵکی گوندی (کانی وەتمان) ن باپیری ئەحمەدی حەمە مەلا نوسەری

قایمقامی کۆیە بووە، ماڵیان لە خوار سیلەی کۆڵانەی گەرەکی گردی جوان بوو، لە یەك ڕیز بووین  لە گەرەك، دوکانیشی لە قەیسەری کۆن نزیك دوکانی بابم بوو، لە دوکان و ماڵ دراوسێ بووین، خۆش گوزەران و دوکانی بازرگانی هەبوو، خۆم ئەحمەدی حەمە مەلام بە جلکی جوان و شەدە و گۆچانەوە دیوە،



ئەحمەدی حەمە مەلا



وریا ئەحمەد لەسەر گۆڕی باوکی



ساڵح قەساب (ڕیخەڕۆك)



عومەری عەولا شەل

خێزانەکەی یا (سەبیحە) بوو، یەك کوڕ و دوو کچی هەبوو هونەرمەندی گەورە وریا ئەحمەد و کچەکانی ناویان (شیرین و ڕەوشەن) بوو، وا بەناوبانگ بوو ئوستادی مەقام و گۆرانی ڕەسەنی کوردی بوو بێت، دەبێت یەکەم مەقام زان بوو بێت، هونەری مەقام و گۆرانی و بەستەی، لە مینبەری مزگەوت و ئاهەنگی مەولودان بردە سەر شانۆی نەورۆز بۆنە نیشتمانی یەکان، هێند بە زەوق و خۆش و مەشرەب بوو، گروپێك بوون، لە ناورەزان و سەیرانگاکانی کۆیە دەیانخواردەوە هەرامە شەربەتان، لە گەڵ عومەری عەولا شەل و سالح ریخەرۆك و حەمە سەرەخۆرە وەتمانی عەولا شەل و عوسمان عەونی و کاکەی حاجی مەحموود... دۆستی دڵدار بوون دڵدار لە مزەکەراتی نوسیویەتی (ئەحمەد تەفەنوونی دەکرد لە شەدە بەستن)!

کۆری تایبەتی  گۆرانی و مەقامیان بە خۆشی و خرۆشی و زەوقەوە گرتووە کۆری تایبەتیان لە کۆیە بۆ (ڕەفیق حیلمی و تۆفیق وەهبی بەگ و سەعید

قزان) کردووە، چوونەتە سلێمانی بۆ بەزم و گۆرانی سلێمانیەکان گوتویانە (زەوق هەبێت لای کۆیی یانە) بۆیە من، لە چامەی بەختی حاجی گوتوومە:

**گوڵزاری زەوقن دەنگیان لەلایە**

**سەدای ئەحمەدی حەمە مەلایە**

دەستەیەك بوون شێخ حیسامەدین تاڵەبانی باوکی مام جەلال یان لەگەڵ بووە بەڵام کە بۆتە رابەری تەکیەی تاڵەبانی لە کۆیە، لە گەڵیان نەیخواردۆتەوە، دابڕاوە لێ یان، بۆیە شعرێك هەیە لەسەری ئێستاش ئەو شیعرە تام و چێژی خۆی هەیە ! دەڵێن هی مەلا سابیری (مەیلی) یە بەڵام دوایی حاشای لەو شیعرە کرد سوختەخانەی هەبوو لەکن ئاشیلکەی کۆیە:

**شێخم تۆ مەی بنۆشە**

**بەرگی رییا مەپۆشە**

**مەجلیسی ئێمە خۆشە**

**چیت لە تەکیەی رووخاوە**

****** *

**عەبدێکی بێ ریيامە**

**مەیخانە خانەقامە**

**هەر وەعدێکت مەرامە**

**شێخی من ئەمری داوە**

*******



شێخ حیسامەدین تاڵەبانی (باوکی مام جەلال) ١٩٧٦

**شێخ رەزای تاڵەبانی چایەکەی مام غەفووری بەدڵ نەبووە دەڵێ:**

**چایەکەی مامە غەفوورم زەردە وەك میزی نەخۆش**

**، شێخ غەفوور کە دەکاتە باپیری باوکی شێخ حیسام، کەچی رۆستەم حەوێزی (١٩١٣–١٩٩٩ کۆیە) لە شیعری بەسەرهاتی کۆیە، باسی چایە بەتامەکەی شێخ حیسام الدین دەکا، کە دەکاتە کوڕی نەوەی شێخ غەفووری ودەڵێ:**

**بۆ تەکیە وبەری کاك شێخ حیسامی**

**بۆ قسەی خۆش وچایەی بەتامی**

*** * ***

**سمایلە سووری نەجار پیاوێکی زۆر موسوڵمان و دلۆڤان بوو، بە تایبەتی دایکمی زۆر خۆش دەویست، کەدایك و بابم گیران لەسەر پێشمەرگایەتی ئێمە، باپیرم سمایلە سوور زۆر تێك چوو بوو زۆر خەفەتی دەخوارد دەیگووت چۆن کچی من بگیرێ و لەسەرایێ بێ، نزای دەکرد و بەس خەجاوەی کچی بەربێ بشمرێ قەیناکە دایکم پاش ساڵێك و چەند مانگێك بەربوو باپیرم حاجی سمایلە سووری نەجار ئەو رۆژی دایکم بەر بوو خەنی بوو لە مزگەوتی (خادم**

سجادە) کە مزگەوتی ماڵی دڵداری شاعیرە لە کاتی نوێژو شایەتمانی ئەو ڕۆژە دڵی وەستا و کۆچی دوایی کرد لە ڕۆژ مێژووی ١٩٨٢/١/١٢ ، گوایە بە ئاواتی خۆی گەیشتووە کە دایکم ئازاد کراوە، باپیرم لە گۆرستانی شەهیدانی کۆیە نێژراوە



وەستا سمایلە سووری نەجار

لە کۆیە لە ناو ژنان نەریتێك هەیە، کە ژنێکی ناسیاو لێت دەپرسێ کوڕی کێی؟ تۆش هەر ناوی باوکت دەڵێی، ژنە ناسیاوەکە هەر ناوی دایکت دەهێنێ! زۆرجار ژن لێیان پرسیوم کوڕی کێی؟ گووتوومە: کوڕی (سەید برایم)م، ژنە ناسیاوەکە یەکسەر گووتوویەتی کوڕی (خەجاوەخان)ی خۆمانە، یان گووتوویەتی کوڕی خەجاوەی قەلەندەرە!

# ناو و وێنەی براو خوشکەکانی دایکم



تایەر اسماعیل سالْح



حەلیمە



مەجید



محەمەد



پەرژین



گەلاوێژ



شلێر



(گەلاوێژ + شلێر+ مەحەمەد + خەجاوەخان +منداڵەکە پێشرەو + نەنە زەهوە + پەرژین + وەستا سمایلی سووری نەجار)

تایەر: خێزانەکەی (شوکریە سابیر فەتحوللا ) منداڵەکانیان (د.ئاڤا + د. سۆزان + د. دالیا +بڵند +نەبەز)

حلیمە: خێزانی (وەستا مەعروف عەبدول رەحمان شێخانی) منداڵەکانیان (ئیلهام) ئیلهام بۆتە خێزانی حاکم پێشرەوی برام ئەندازیار بوو

مەجید: خێزانەکەی (گەلاوێژ رشید)

محەمەد: خێزانەکەی (شلێر حەمە عەلی) منداڵەکانیان (دانا + تارا+ زانا + توانا + سانا

پەرژین: خێزانی (سەلاح سابیر قەساب) منداڵەکانیان: (حاجی ساڵح + نیاز + نەسرین + دلێر + سەرمەد+ ئەکرەم + سیروان)

گەلاوێژ: خێزانی (عبدالرزاق مەحمود شێخانی) منداڵەکانیان (ئاڤێستا + ئاشنا +ئاکام + ئاکار + ئامراز + ئارێز + ئاراسن)

شلێر: خێزانی (غازی بەکر سابیر) منداڵەکانیان دەوەن + دەروون + دەشنێ)




کۆیە / رەهبەر سەید برایم ١٩٧٦



ڕەهبەر سەید برایم ١٧-٢-١٩٧٦



ڕەهبەر سەید برایم – کەڵەك – ١٩٧٦

# ناوی ڕاستەقینەم (ڕەهبەر) ە !

من ناوم (ڕەهبەر)ە، ناوەکەشم، بابم و پوورێکم (ئامینەی حاجی سەید سەعید–خوشکی بابم) هەڵیان بژاردووە!

ئەو پوورەم بۆتە خاڵۆژنی دایکم، بۆیە لە زاری دایکمانەوە پێی دەڵێین: (خاڵۆژنە ئامینە)، هەر ئەو (خاڵۆژنە ئامینە)م دایکمی بۆ بابم دۆزیوەتەوە، خێزانی (حەوێز سابیر بەکر)ە، کە ناسراوە بە (حەوێز خارە)و خاڵی دایکم بووە، لە ساڵی(١٩٢٩) لە کۆیە لەدایك بووەو لە(١٩٦٩/٥/٦) لەسەر ڕێی ڕووباری کۆیە، لەگەڵ (حەمە سەعید مستەفا) کەوتنە بەر مین، کە بە ئۆتۆمبیلەکەیاندا تەقیەوەو شەهید بوون. دایکم (٥) خاڵی هەبوو (خدری دەباغ، حەوێز خارە، بەکر سەموون، مستەفا عەرەب، زاهیر قوندیل) هەموو خاڵەکان نازناویان هەبووزیاتر دایکیان نازناوی بۆ دانابوون بۆ خۆشی و خۆشەویستی.


خدر


بەکر


زاهیر قوندیل


مستەفا عەرەب


حەوێز خارە


حەمە سەعید


رەهبەر جەلال

پێشتر لە کۆیە ناوی(رەهبەر) هەبووەو من یەکەم ناو نیم، بەر لە من (رەهبەر جەلال مامەش) هەبووە، کە لە رۆژ مێژووی ١٩٥٣/١٠/١ لە شاری کۆیە لە دایك بووە، ئەو لە منیش گەورەتر بووەو دراوسێی ماڵی خاڵە (حەوێز خارە) بووە. ئەو (رەهبەر جەلال)ە، هونەرمەندو خۆشنووس و ئەکتەرو نووسەر بووە، کەسایەتیەکی دیارو بە هەڵوێست و کوردپەروەرو کۆیی بوو، (رەهبەر جەلال مامەش) باوکی مامۆستا بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواوکردووە، بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە، لە بەغدا نەماوەتەوەو هاتۆتەوە کۆیە، دواتر چووەتە هەندەران و لە رووسیا ماستەری بەدەست هێنا، بەداخەوە بە هۆی نەخۆشیەوە لە (١٩٩٨/٤/٦) لە نەخۆشخانەی (هیلنسکی) لە فنلەندا کۆچی دوایی کردو هەر لەوێش نێژرا.

ناوی من (رەهبەر) قورس و گرانە، بە دەگمەن وەك خۆی بانگم دەکەن، لەناو کوردو خزم و برادەران، هەر پێم دەڵێن (رابەر)، بە فەرمی لە ناسنامەو رەگەزنامەدا نووسراوە (رەهبەر)، لە ناو عەرەبان پێم دەڵێن (رەجەب)، لە

قوتابخانە بە عەرەبی دەنووسرا (رهبر)و دەبووە (زهێر)، بە نووسین لێك دوورە، بەڵام بە شێوە نزیکە. لە هۆڵەندا بووم سەردەمێك بانگ دەکرام (رەبەر).

خۆش لەوەدا بوو (مام جەلال) بە (ڕێبەر، ڕێبوار، ڕادار، بەرهەم) ناوی دەهێنام! کەچی کە نامەی دەنووسی بۆم، زۆربەی جار دەینووسی (رەهبەر)، ناوی رادارەکەی لەوەوە هێنابوو، لە ساڵی(١٩٨٤) دووجار لە ماوەی چەند مانگێکدا لە شەڕ بریندار کرام، یەکەم برینداری (خەستەخانەی شۆڕش) بووم لە سووورداش، هەر دووجار (مام جەلال) سەردانی کردووم، بۆیە لە دووەم جار گووتی: (تۆ رابەری یان راداری، هەرگوللەیەك دێت، دەیگریتەوە)! (بەرهەم)یش لەوەوە هاتبوو، پێش راپەڕین (مام جەلال) نامەیەکی بۆ نووسی بووم، بۆ خۆسازدان بۆ راپەڕین، نووسیبووی (کاك بەرهەم)، لەگەڵ ناوی (د.بەرهەم) لێی تێك چووبوو، ئەو چیرۆکە باسێکی تایبەتە لە نێوان ناوی من (رەهبەر)و (د.بەرهەم).

پێش راپەڕین من و سەفین مەلا قەرە ئەندامی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەگەی کوردستان بووین، بارەگامان لە (زەڵێ) بوو نزیك شێنێ و قاسمە ڕەش، مام جەلال لە شام نامەی بۆ ئەندامانی فەرماندەی گشتی نوسیبوو بە جووتە وەك شێردل حەوێزی و نەقیب خەلیل دۆسکی وشێخ جەعفەر شێخ مستەفا و حامد حاجی غالی و عەبدول رەزاق محەمەد و مام رۆستەم بەس بۆ من و سەفینی مەلا قەرەی نەنوسیبوو، سەفین نامەیەکی گلەیی بۆ مام جەلال نارد گلەیی لێکرد بوو بۆچی نامەی بۆ ئێمە نەنوسیوە، مام جەلالیش نامەکەیەکی نوسیبوو لەسەر پشتی زەرفەکە نوسیبووی (برایانی خۆشەویستم کاکە سەفین و کاکە رەهبەر) بەس لە ناوەرۆکدا نوسیبووی جووتە برای خۆشەویستم کاك سەفین و کاك بەرهەم !

مام جەلال گلەیی یەکانی روون کردبۆوە، بە گەش بینی یەوە دوا ڕۆژی کوردستانی لێك دابۆوە، بە لووتفەوە باسی کردووە، من وتم ئەو نامەیە هی من نیە، جا خۆم نامەیەکی تایبەتیم بۆ نوسی و گوتم مامە گیان لەوەتی چوویتە شام ناوی منت بیر چۆتەوە، دەزانم بەرهەمێك هەیە زاوای کۆیی یانە ئەستێرەی زۆر گەشە، گەر بەوم بشوبهێنی زۆر سوپاست دەکەم، ئەو دەم (د.بەرهەم) واناسراو نەبوو، نازانم ئەو بەرهەمەت لە کوێوە هێناوە گەر کلکی (بەرهەم) بپەڕێنی بە تێکەڵ پێکەڵی (رەهبەر) ێك دروست دەبێت



رەهبەر سەید برایم - د.بەرهەم _چنارۆك

مام جەلال نامەکەی زۆر پیّ جوان و خۆش بوو، بەداخەوە لە راپەڕین لەبەر باران وەرامی نامەکەی مام جەلالم لیّ تەڕ بوو، بۆیە بە باشی ناخوێندرێتەوە، سەرەنجام مام جەلال بریاڕی دا ناوی من ببیتە بەرهەم ناوی (د. بەرهەم) ببێتە (رەهبەر) هەمیشە د. بەرهەم بە (بەرهەم) ناوی دەهێنام و منیش بە (رەهبەر) ناوم دەهێنا، بە فەرمانی مام جەلال ناوی یەکترمان گۆری ببۆوە، یەکترمان دەدیت، (بەرهەم ) (رەهبەر) بوو، رەهبەر د. بەرهەم بوو دوایی د. بەرهەم بوو بە سەرۆك ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم، لە شوێنێکی قەرەباڵغ زۆربەی ئەندامانی م.س لەویّ بون منیش چووم کە چووم (د. بەرهەم) گووتی

بەرهەم بەخێر بێ ی منیش گووتم زۆر سوپاس کاك ڕەهبەر، برادەرانی ئەوێ گوتیان ئەو بەرهەم و ڕەهبەرە چی یە؟ بە یەکتر دەڵێن، ناوتان دەگۆرنەوە ! د. بەرهەمیش بە زمانی شیرین ئەو حیکایەتەی گێرایەوە، گوتی ئەوە ئەمری مام جەلالە، پێی بڵێم (بەرهەم) ئەویش بەمن بڵێ (ڕەهبەر) بە خۆشی و پێکەنینەوە باس کرا، منیش گووتم جا کاك د.بەرهەم گوێ بگرە: بە ڕاستی تۆ بوویە (ڕەهبەر) منیش بەرهەمی خۆم نەخوارد، گووتی دەك خوابتگرێ ! ئێستاش ئەوبوو بە سەرۆك کۆماری عیراق لە ٢/١٠/٢٠١٨ سەنجام هەردووکمان ناوی خۆمان وەرگرتۆتەوە، بریارەکە سەری نەگرت !



ڕەهبەر سەید برایم + سەفینی مەلا قەرە







شاهۆ شەریف
1990/12/23

جوتە برای خۆشەویستم کاک سەفین و کاک بەرهەم

سڵاوێکی گەرم

شادی و خۆشی و سەرکەوتنتانم داوایە.
زۆر بەداخەوە نامەم بۆتان نەنووسیبوو! بەڕاستی زۆرم لێ ناخۆش بوو
کە لە نامەنووسیندا ، یادەوەریەکەی هەر لە نامەنووسیندا ، ئێوەم لەبیر کردبوو.
هۆیەکەشی سەرقاڵی و زۆری نامە و پەلەپەلی هەڵگری نامەکان بوون.
بەڵام عەرز دەکەم دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئێوە نەوەبزرن هەڤاڵی تێکۆشەرو
خەباتگێڕ و بەوەج و جوامێرن و بەدوڵی پیاوی خۆشەویست و بەڕێزن لە لای من.
ئێوەش وەک دەیان کادری نەبەزی ی.ن.ک دیسان ئیسپاتتان
کردەوە لەو سەرمایانەدا بووە کە ڕۆژی ڕەشی گەل وەستانن.
نایشارمەوە کە زۆرم پێ ناخۆش بوو ، زۆرم پێ خۆشبوو کە جوامێرانە و دلێرانە
نەبەزانە خۆتان دووبارە کردەوە.
هەڤاڵانی خۆشەویست : مێژوو پڕە لە شانازی شۆڕش و یەکێتییەکەمان
هەرچەندە نفوچەی و هەڵدێراتیک نییە وەنەبووە ، مێژووی هەڵسەنگاندنی
کوردایەتی و جوشدانەوەی خەبات و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بوو ،
مێژووی ئاشبەتاڵ کردن بوو بە ئاشبەتاڵ ، مێژووی سەرەوەری
زۆروزەوەندو خەباتی ئاوچیان و سەربەرزانەی ئێوەگیانان و
هەزاران شەهید و هەزاران تێکۆشەری ی.ن.ک/م.
شەوەزەنگ چەندە تاریکتر بێت بەرەبەیان نزیکتر دەبێتەوە!
وا لە ئاسۆی بەخوێنی شەهیدان سوورکراوی کوردستانەکەشماندا نەوە ،
هیوادارم سەرەتای ... دەکەنەوە ، گوڵەکانی دەرمان کە ... لێتری
و بەرەو هەڵدێری هەزار بە هەزار شۆڕدەبێتەوە! بەڵامی منەوە ، زۆری
تەماشە لە سەرەقافی کوردستانی خۆشەویستی خۆماندا ، لە یادەوەری
گەرم و پیر لە سەروەری و شەرەف و سۆزی گومڕانی هەڵگرا

لـە کـاتی بانگەشـەی هەڵبـژاردن و بۆنـەکان لایـەنگرانی یـەکێتی هاواریـان دەکرد، کێ (ڕابەر)ە، (مامە)، کوڕەکەم ئەوسا منداڵ بوو دەیگووت: بابە!

(مام جەلال، شـێخ جـەنگی، شـێخ حەمەساڵح) یـەك خاڵیـان هـەبوو (حـاجی ڕەسول)، یەك کوڕە خاڵیشیان هەبوو (حـاجی حەمەسوور)، ئـەو (حـاجی حـەمە سوور)ە، لە گردی جوان لە کۆیە، ماڵیان ڕێك بەرانبـەر ماڵی ئێمـە بـوو، دایـك و پووری لەگەڵی دەژیان، جا ئەو پوورەیان، کە دەکاتە پووری (مـام جـەلال، شـێخ جەنگی، شـێخ حەمەساڵح، حاجی حەمەسوور)، نـاوی (پوورمەلکان) بـوو، نـاوی منـی نـەدەزانی، یـان هـەر نەیبـستبوو، بۆیـە (ڕەهبـەر)ی کردبـووە (ئەکبـەر)، گچکەشی کردبۆوە کردبوویە (ئەکبەرۆکە)، بۆیە (پوورمەلکان) بە (ئەکبەرۆکە) ناوی دەهێنام و بانگی دەکردم!



حاجی حەمە سوور + مام جەلال + شێخ جەنگی

باپیرە حاجی سەید سەعیدم دەیگووت: کوڕەکانی (سەید برایم)ی کوڕم، ناوی ئاجووج و ماجوجیان لێناون، دەبوو ناویان (سەید کازم و سەید نازم) بوایە، (پێشڕەو و ڕەهبەر)، کەی ناوی موسوڵمانانە! یان دەیگووت: (سەید برایم)ی کوڕم (دیانە)، چۆن یەك ژن دەهێنیٚ؟

یەك دایکمان هەبوو، بەڵام دوو دایکی شیریمان هەبوو، هەردووك (عەیشیٚ) بوون،



(عەیشە فەتحوڵڵا)



(عەیشە میرزا)

(عەیشە فەتحوڵڵا) خێزانی مام مەولودی پۆلیس کوڕێك و کچێکی هەبوو(قومری –دڵشاد – درەخشان) ، لە گەڕەکی بایزاغا، دایکە شیریەکەی دیکە لە گەڕەکی گردی جوان بوو (عەیشیٚ میرزا حەسەن) خێزانی (ساڵح قادر) ناسراو بە (ساڵح کێشکە)، دوو کوڕ و پێنج

کچی هەبوو ( محەمەد + جەمال + دلار، بەهار + نەورۆز + زلفا + ڕەنگین)

# هیوای برام



جەودەت مەجید سۆڵماس (هیوا)

لە شاخ وپێشمەرگایەتی لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨١ لە بارەگای لقی سێ ی (ی.ن.ك)، لە زەڵێ ی سەر سنووری نزیك شێنێ و توژەڵە کە (د.خدر مەلا مەعسووم) لێپرساوی بوو، لەوە بارەگایە پێشمەرگە و کوردی هەر چوار پارچەی کوردستانی لێ بوو، یەك لەوە کورد وپێشمەرگەانە (هیوا) بوو،

(خەڵکی شەمزینان) بوو کوردێکی پاك ودڵسۆز بە پەرۆشی (ی.ن.ك) بوو، بوێرانە لە ناو خاکی تورکیا هاوکاری شەهید مولازم حەسەن خۆشناو و د.خدری کردبوو، لەو ڕێگایەوە. هاتە ناو بارەگاکانی (ی.ن.ك) خەبات و پێشمەرگایەتی دەکرد، خۆی سەردەمێك (دەدە قادە) بوو، دوای لەگەڵ (ئاڵای رزگاری) بوو، ئەو ماوە درێژە لە ناوچەی سۆران بوو، فێرە شێوەزاری سۆرانی نەبوو کاف دەکرد قاف وەك (لۆکس – لۆقس، مارکسی – مارقسی) لە راستیدا لەگەڵ هیوا زۆر نزیك وبەرێز وهاوسەنگەری گیانی بە گیانی بووین لە سەنگەر و شەڕ وبەرگری وئیشکگری وگەڕان پێکەوە بووین، ناو بە ناو لێك دادەبراین

تەنانەت کە فەرماندەی تیپی ٩٣ ی کۆیە بووم دەهاتە دەشتی کۆیە بۆ سەردانم !! بە یادی جاران ماوەیەك پێکەوە دەبووین، دوایی ون بوو، چارەنووسم نەدەزانی وام دەزانی بۆتە پەکەکە شەهید بووە ! سۆراغم زۆر دەکرد وهەواڵیم نەدەزانی ! لە ساڵی ٢٠٠٥ پەیدا بۆوە هاتە لام گوتی حاڵم شڕە وژنێکی عەجەمم هێناوە، منداڵم هەیە، شاگەشکە وخۆشحاڵ بووم

وا ڕێکەوتین بە ماڵ ومنداڵەوە بێنە کۆیە، خانووی ماڵی باوکمان پێدا، ڕەگەزنامە وناسنامەی عیراقیمان بۆ دەرکرد وەك برای خۆم، بە ناوی دایك وباوکمی خۆم ڕەگەزنامەی دەرچوو، هاوکاریمان کرد وخانەنەشینی بۆکرا چونکە پێشمەرگایەتی زۆری کردبوو ! بوژایەوە و گوزەرانی باش بوو، لە کۆیە خانووی خۆی کڕی ولەگەڵ کۆمپانیایەکی تورکی لە شەریکەی نەوتی شیواشۆك دامەزرا ، لەگەڵ تورکەکان چونکە تورکێکی باش دەزانی، تەنانەت ناسرا بە هیوا تورکی.

ئەوەی سەیر بوو هەر جارێکی لە بازگەکان رادەگیرا دەیگووت برای ڕەهبەری سەید برایمم، لە ڕەگەزنامە وناسنامەش بە ناوی هیوا سەید برایم بوو، ئاگاداریان دەکردمەوە دەیانگووت بەراستی براتە دەمگووت راستە دەیانگووت بۆ سۆرانی نازانی !!چونکە هەر سۆرانی فێر نەبوو بوو، خێزانەکەی شێوەزاری سۆرانی باش دەزانی، هیوا ناوی ڕاستی (جەودەت مەجید سوڵماس) بوو، بەڵام بەداخەوە لە ٢٠٠٩/١٠/٢٢ لە ڕێگای دەشتی کۆیە بە ئۆتۆمبێل وەرگەڕا و گیانی لە دەستدا، داخێکی قوولی خستە ناخی دڵمان ! لە کۆیە پرسەمان بۆ دانا لەگەڵ حاکم پێشرەوی برام ! زۆر لای خەڵکی کۆیە سەیر بوو، دەیانگووت هەموو جۆرە برایەکمان بیستووە (برای نفوس) یەکەم جارە بیبیستین !هەند لێك نزیك بووین ، برا ڕاستەقینەکانی لە (شەمزینان)ەوە هاتن سەرەخۆشیان لە ئێمە دەکرد!! هیوای برامان لە کۆیە نێژراوە، ماڵ و منداڵ و ژنە عەجەمەکی هەر لە کۆیە لە خانووی خۆیان ماونەتەوە !!

**منداڵەکانی**

**١-ئازاد لە دایك بووی ١٩٩٠/٤/٥ بە داخەوە لە ٢٠١٥/٢/٢٨ خۆی کوشت لە تەك باوکی لە گۆڕستانی کەکۆن لە کۆیە نێژرا.**

**٢- لەیلا ١٩٩١/٤/١٠**

**٣- هێڤی ١٩٨٩/٤/٥**

**٤- زیلان ١٩٩٨/٤/٢٧**

**٥-ئارام ٢٠٠٧/٩/٣**

**٦- لاڤین ٢٠٠٩/٧/٢٣**

*******

**لە ساڵی ١٩٨٧ سەرتیپی (٢٥) ی خاڵخالان بووم، لە بەری کەرکوك ئەودەم شەهید (جوامێر برا خاس) سەرتیپی ٢١ی کەرکوك بوو !بە بەرنامەی خۆمان داستانێکی گەورەمان تۆمار کرد لە(کانی شۆك) بەسەرپەرشتی کاك وەهاب، هێزێکی زۆری دوژمنی لێ بوو دەیانویست بنکە وبارەگای سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بگرن دوژمن نەخشەی وا دانابوو لە قوولە پوشینە وقوولە سەوز دوڵی شەدەڵە بگرن ئابلوقەی سەرکردایەتی بدەن، هەر دوو تیپی پێشمەرگە لە پشتەوە، لە هێزەکانی دوژمنمان دا تەفرو و تونا بوون، مەبەست لە قارەمانیەتی و سەرکەوتنی شەڕ وداستانەکە نییە، هەر چەند مام جەلال بروسکەیەکی هێند جوان وکاریگەر وپر حەماسەت بۆ ناردین، دەست خۆشی وپیرۆزبایی لێ کردین، لەو داستانە دا حەمە تایەر حەمید تایەرعەبوڵ لە دەستەکەی خۆم بوو لە ١٩٨٧/٨/٢٤ شەهید بوو، خەڵکی ناوچەکە وپیشمەرگەکان وایان دەزانی برا گچکەمە، هەمیشە لەگەڵم بوو سیما وروخسارمان نەختێ بە یەك دەچوو، بۆیە بە برامیان دەزانی: حەمە تایەر تا**

بڵێ ی ئازا وقارەمان بوو، دڵی بە گەنجی وپێشمەرگایەتی وژیان خۆش بوو ! لەسەر پردی (تابین) بە برینداری گیانی لە دەست دا، هاتە ریزی کاروانی شەهیدان، گوللە بە قاچەکانی کەوتبوو لە کوڵی پێشمەرگەکان بوو، تۆپ بارانێکی هێند سەخت بوو، لەسەر ئەو حاڵەی خۆیەوە بە منی دەگووت (کاکە ئاگات لە خۆ بی) ئەوە دوا وشە و هەناسە بوو، سەیر لەوە دابوو دایکی خەونی پێوە دی بوو کە شەهید بووە، بە لوورە لووری گورك دەوریان دابوو پەلاماریان دەدا، ئاگری جگەر هەڵی گرت بوو، لە کۆیەوە لە خۆیەوە هاتبوو، دڵی خەبەری دابوو کە جەنازەکەمان هێنایەوە لە گوندی(کانی بی) دەشتی کۆیە لە ڕێگای سوور قاوشان بەراستی دەنگی لوورە لووری گورگ دەهات بەو نیوە شەوە، پێمان سەیر بوو دایکی شەهید حەمە تایەر لەوێ بوو ، خەونەکەی راست دەرچوو بوو. هەموو خەڵك وپێشمەرگە سەرەخۆشیان لێ کردم چونکە بە روح برام بوو، هەر لەو داستانە دا کادیریکمان بە ناوی (نەوزاد صالح) خەڵکی کەرکوك برینداریکی پێشمەرگەی لە کوڵ بوو، لەو تۆپ وبارانەی سەر پردی تابین، نەوزاد شەهید بوو بریندارەکە مایەوە شەهید نەبوو.



ڕەهبەر سەید برایم / شەهید حەمە تایەر، ١٩٨٧ کرماشان

باپیرم حاجی سەید سەعید خۆش و کۆمەڵایەتی بوو، خزمی لە کۆیە کەم بوو، دۆستو ئاشنایەتی لەگەڵ (مام یەحیای گەورە) هەبوو، پێی دەگووتن: (ئەسحابە کوڤ)، جا نەنکم بەیانیان پێی دەگووت: پیاوەکە بۆ نیوەڕۆ چ لێ بنێم؟ باپیرە (حاجی سەید سەعید)یشم دەیگووت: ئەوجا لە من دەپرسی؟ بڕۆ لەماڵی (مام یەحیا) بپرسە؟

هێندە زۆرن ئاشنایەتیم لەگەڵ کێ هەیە، هەموو ڕۆژێ یەکیان دەمرێ و یەکیان دەبێ.

## چۆن زانیم باپیرم حاجی سەید سەعید کۆچی دوایی کردووە:

لە بناری قەندیل بووم ئەو دەم جێگری تیپی ۹۳ ی کۆیە بووم لەو شەڕەدا بریندار بووبووم، چەندان شەهیدانمان دابوولە شەڕی براکوژی هەروەك شەهید شوان ئەمین و شەهید عەزیز فەرحان و شەهید عەسامەدین عوبێد ناسراو بە (شۆرش مایلی) و شەهید عەلی مستەفا لە ۱۹۸۳/۸/۱۳ شەهید کران دۆستی بابم مام عەبدول رەحمانە رووتە هاتە قەندیل و کوڕەکانی (پ. م) بوون و خوشکەزایەکەشی شوان ئەمین شەهید کرا بوو، بەمنی گووت بۆ خۆتان خۆش بن، منیش وامزانی مەبەستی شەهیدەکانی تیپی ۹۳ ی کۆیە یە_ کە لە قەندیل شەهید کرا بوون، چونکە ئەو دەم سەرە خۆشی شەهیدەکان لە لیَ پرسراو و فەرماندەکان دەکرا، دواتر گوتی شەهیدەکانتان نالێم بەڵکو باپیرت حاجی سەید سەعید کۆچی دوایی کردووە، منیش گوتم بە داخەوە، باپیرم تەمەنێکی هەبو بەلاّم شەهیدەکان گەنج بوون نەخۆشیش نەبوون، باپیرم لە ۱۹۸۳/۸/۲۰ لە هەولێر کۆچی دوایی کرد و لە گۆرستانی شێخەڵلاّش نێژرا،

مامە رووتە هەر لەویَ لە قەندیل بە رزگاری کوڕی وت کوڕم مادام هاتووم وەرە پشوو بدە بچینە ئەو گوندانە، رزگاریش وتی بابە عەیبە نایەم حەیام دەچیَ، برادەرە پێشمەرگەکانم دەڵێن خۆی دزییەوە وهەڵات، مامە رووتەش دەڵێت: گەر حەیاتان هەبوایە، عەیبەتان بزانیبایە شەڕی براکوژیتان نەدەکرد.

*******

# مامه رووته



مامه رووته ناوی )عەبدول رەحمان سمایلی رەسوولی کێشکەیی) بوو له ١٩١٧-١٩٩٣/٦/١٨ کۆیه پیاوێکی سیاسی و شاعیر و زیرەك بوو، سەر دەمێك له کۆیه دراوسێ بووین له گەرەکی گردی جوان، کەسایەتیەکی دیار بوو نەك رووت نەبوو هەمیشه پۆشته و پەرداخ بوو جلوبەرگی جوان و کوردەواری لەبەر دەکرد جەمەدانی کۆیی یانەی دەبەست!، دۆستی نزیکی مام جەلال و مام عومەر دەبابه بوو هەندێ شیعری هەبوو هەروەك:

وا زستان رۆیی بەفریش تواوه

خاکی کوردستان له نوێ بوژاوه

بەخێر بێ ی بەهار شادیت هێناوه

له خۆشی نەورۆز دنیا رازاوه

****************

سەیری چەند جوانه شاخی تاتووکان

چۆن رازاوەیه وەك تارای بووکان

مژده له کۆیه و هەموو گەلی کورد

دێوی چەپەڵی دوو بەرەکی مرد

کـە ئـاوارە  بـوو لـە عەرەبـستان لـە  شـاری حللـە  بـوو وەسـیـەتنامەی بـەو شێوەیە کردبوو:

**دەستم دامێنی گشت خزم و دۆستان**

**گەر ئەمرۆ مردم لە عەرەبستان**

**لە حللە نەبێ ئارامگا و گۆرم**

**بمبەنەوە بۆ خاکی کوردستان**

**بەخۆشی و شادی تەرمم هەڵگرن**

**گۆرم بۆ لێ دەن لە هەیبەسوڵتان**

سـەرەنجام  لـە نزیك مەرقـەدی هەیبەسـوڵتان نێـژرا،  گۆرسـتانی مـاڵی مـەلا مەعـسوم و بـاوکم و دایکـم و دایکـی ئـەردەلان مـەنگوری لـێ یـە حەشـریان پێکەوەیە !

لـە گونـدی (سـوێرەڵە)ی دەشـتی کۆیـە، (حـاجی عومـەری حەمەسـوور) کـوڕێکی هـەبوو نـاوی (بەشـدار) بـوو، ئـەو دەم فەرمانـدەی تیپـی(٩٣)ی کۆیـە بووم، شەهید (حاجی شـەفیق تۆفیـق سمـەزریان) شـۆفێری ماشـێنەکەمان بـوو، کە دەبلێ قەمەرەیەك بوو، هەر جارێکی بۆ چالاکی دەچووین، دەبلێ قەمەرەکـەمان لـە گونـدی (سـوێرەڵە) لـە لای مـاڵی ئـەوان ڕادەگـرت، بـە پێیـان بەسـەر شـاخی دەچووینە دۆڵی خەلەکان و دەبوو بە تەقەو شەڕ، هـەر لەبـەر ئـەوە  (بەشـداری حاجی عومەری سوێرەڵە) کە ئەوکات منداڵ بوو، بە شەهید (حـاجی شـەفیق)ی دەگووت: مامەی (دیدە)ی، بە منیشی دەگووت: مامەی (تەقە)ی!

پاشـەبەرەی باپیرم (شـێخ سـەلام)ە، بـابم نـاوی لێنـابوو (هـەڵگورد)، کەچـی باپیرم بێ ئـەوەی کـەس بزانـێ، لـە نفـوس گۆڕیبـووی و کردبـووی بـە (سـەلام)! مامە (شێخ سەلام)م تا نەچووە قوتابخانە هەر نەشیزانی بوو ناوی (سەلام)ە.

لە پێشمەرگایەتی وایاندەزانی ناوەکەم نهێنییە، (ڕەهبەر) نازناوی شـۆڕش و پێشمەرگایەتیمە، چونکە فەرمانـدەو سـەرکردەو کادیرەکـان لـە شـۆڕشـی نـوێ

زۆربەیان ناوی خواستراویان هەبوو، ناوی ڕاستەقینەیان شاردرابۆوە. لە دوای ساڵی(١٩٨٠) ناوم بڵاوبۆوە، دەیان کەس بە ناوی منەوە ناویان لێندراو ناودێربن، ڕەهبەر بۆ ناوی کچانیش دەشێت چونکە ناوی کچ هەیە لە کۆیە بە ناوی (ڕەهبەر) زۆر لە من بچوکترە: لە ساڵی ١٩٨٨ من و مولازم عومەر و محمەد تۆفیق لە سورە دێ لە ماڵی مام ڕەسوڵ بووین باوکی شەهید عەلی مام ڕەسوڵ منداڵێکی لە باوەش بوو دەهات و دەچوو، مام ڕەسوڵ هاواری دەکرد ئێ (ڕابەرۆکە) منیش وام دەزانی لەگەڵ منیەتی کەچی کوڕەکەی شەهید عەلی مام ڕەسوڵ ناوی (ڕابەر) بوو عەلی مام ڕەسوڵ کوڕێکی قۆز و ئازا و هاوسەنگەری پێشمەرگایەتیم بوو، یەکترمان خۆش دەویست هاو تەمەن بووین بە داخەوە لە ڕاپەڕین عەلی مام ڕەسولی سورە دێ (١٩٥٧- ٦/٣/١٩٩١) شەهید کرا، بەڵام لە ئێران ناوی (ڕەهبەر) زۆر بوو پێی ئاشنا بوون!

کاتێك خوێندکار بووین لە (ئاسکی کەلەك)، ڕیشی چەناگەم تەنك هاتبوو، (عەبدولرەحمان فەقێ سەلیم)ی برادەرم، هەر پێی دەگووتم: (یاسر عەرەفات)و دەشیگووت: دەبیە سەرۆك، سەیر لەوە دابوو، (هەرکیەکانی ئاسکی کەلەك) پێیان دەگووتم: (فەرزندە)، وا پێ دەچوو شێوەم بە (فەرزندەی هەرکی) چووبووبێت.

لە ڕاستیدا ناوی ڕاستەقینەم لە ناسنامەو ڕەگەزنامەو بە فەرمی لە سەرەتاوە (ڕەهبەر) تۆمارکراوە، گەرچی ناوی (ڕەهبەر) لە فەرهەنگی کوردیدا نامۆ نییە، زۆربەی شاعیرە کلاسیکیەکان، وشەی (ڕەهبەر)یان لە شیعر بەکارهێناوە، تەنانەت شاعیرێکی کەرکوکی



عەبدولرەحمان فەقێ سەلیم



بەشداری حاجی عومەری سوێرەڵە

هەیە، لە ساڵی(١٩٠٣) لە (ئیمام قاسم)ی کەرکوك لە دایك بووە، لە (١٩٧٣/٢/٢٨) کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی (شێخ محێدین) لە کەرکوك نێژراوە، ناوی (شێخ تەها شێخ سەعید) ە، نازناوی (رەهبەر)ی هەڵبژاردووە، ئەو زاتە لە ساڵی(١٩١٩-١٩٢٢) لە کۆیە فەقێ بووە، لە (دەباخانان) لە لای دەباغچییەکی کۆیی فێرە فارسی بووە، کە دیوانێکی شیعری هەیەو چاپکراوە بەناوی (دیوانی رەهبەر).



نموونەی شیعری (شێخ تەهای شێخ سەعیدی شێخ خدری کەرکوکی) بە نازناوی (ڕەهبەر):

شەرتە وەك مەجنونی ریسوا روو بە كەژ دێوانەبم
ڕۆژ و شەو عەودالّی لەیلا هەم دەمی وەحشانەبم
شەرتە تا عومرم بمێنێ روو لەتەقواو دین نەكەم
یاوەكو پیری موغان خۆم حاكمی مەیخانە بم
شەرتە (ڕەهبەر) تاقیامەت كێو بەكێو بخولێتەوە
حەیفە تامردن كە من دڵسۆزو سەرسەودا نەبم

(سەید برایمی) بابم چەندین جار وشەی (ڕەهبەر)ی لە شیعردا بەكارهێناوە، هەر وەك:

بەتەمای تۆیە گشت خوشك و برات
بێتە ڕەهبەر و پێشڕەوی ولآت
******

بووم بە قاچاغی زەمانە لەبەر پێشڕەو و ڕەهبەرم
بەچراو مۆم و شەپڵتە، منت بۆ نا بیندرێتەوە
خاوەنی دوكان و كۆگا، سامان و پارەو قەرز ی زۆر
هەموو وا ڕۆیی بەجارێ، ئیمڕۆ هەق نادرێتەوە

باپیرە حاجی سید سەعیدم هەندێ پارەی لە كن (عەباساغای سەركەپكان) بووە، باوكم چووە بۆ وەرگرتنەوەی داوەتیەوە، بەلآم پێشتر شعرێكی بەسەر عەباس ئاغای سەركەپكان هەڵگووتووە بەرلەبوونی من و ژن هێنانی ناوی (ڕەهبەر) ی هێناوە شیعرەكە هەر ئەوەندەی ماوە لە رابردووی ژیانم لە نوسینی (سەید برایم) تۆمار كراوە:

**بۆ لای گەنجێکی ڕەهبەرو سەردار**
**خاوەنی هێزو لەشکر و سالار**
**لاوێکی خۆش ڕوو پڕ شیرین کەلام**
**سەخی و سەخاوەت قۆناغی تەمام**



عەباساغای سەرکەپکان

**ناوی (ڕەهبەر) کێشەی بۆ من دروست کردووە، کە وەك خۆی ناوم ناهێنن! پوختەی ناوی ڕاستەقینەم (ڕەهبەر)ە، نەك (ڕابەرو بەرهەم و ڕادارو ڕێبەرو ئەکبەرو ئەکبەرۆکەو یاسر عەرفات و فەرزندە):**

# کازیوەی خوێندن

من بە حەوت ساڵی چوومەتە قوتابخانە، بابم لە ساڵی(١٩٦٣) لەسەر سیاسەت و کوردایەتی گیرابوو، بۆیە لە ساڵی(١٩٦٤) چوومەتە قوتابخانە! بیرمە مامە (شێخ سەلاح)م منی لەگەڵ خۆی بردو لە قوتابخانەی (ئولا) قەیدی کردم، ئەو دەم مامۆستا(تایەر سەعید) بەڕێوەبەرو مامۆستا(حەمەدەمین مەعروف) یاریدەدەرو رابەری پۆلمان مامۆستا(مشیر حاجی حەمە سەعید غەفوری) بوو، وانەی (دین) مامۆستا (تایەر حەوێزی)بوو، کوڕێکی مامۆستا (تایەر حەوێزی) مێژوونووسمان لەگەڵ بوو، ناوی (نەمر) بوو، دوایی ناویان گۆڕی بە (نەریمان)، گوایە ناوی (نەمر) کفرە! کەچی بەهەزاران ناوی (خالید) هەیە!



نەریمان تاهیر حەوێزی

تایەرحەوێزی: تایەر ئەحمەداغای سادقای حاجی بەکراغای حەوێزیە ! نازناوی (دڵسۆز) بووە:


ماموٚستا تاهیر حەوێزی


قوتابخانەی ئولا

**نوسەر و مێژوونووس و ئەرشیفی بوو، ١٩١٩– کۆیە ٢٠٠١/٧/١، خاوەنی مێـژووی کۆیــە یــە، سەرچـاوەیەکی پــڕ زانیاریــە ماموٚســتا و بەڕێوەبــەر و پەروەردەکار بوو لە خولی پەروەردەیی وەزارەتی (مەعاریف) دەرچوو بوو، چەند کتێبی بە چاپ گەیاندووە**

**(شەوچــەرە – مێــژووی کۆیــە دوو بــەش، ئــەمیناغای ئەختــەر چــەندان دەستنووس لە پاش بەجێماوە، ئەوەی سەیرە لە ٧/١ کۆچی دوایی کردووە، کە زۆربەی میللەتی کورد رۆژی لە دایك بونیەتی !**



وێنەی مامۆستایانی قوتابخانەی ئۆلا

# چرای زانستی و مەکتەبی ئولا

خوێندن و خوێندەواری لە شاری کۆیە مێژوویەکی قوڵ و کۆنی هەیە بۆیە گوتراوە بۆ خوێندن (هاوینان شنۆ، زستانان کۆ)، چەندان شاعیر و زانای ئاینی و کەسایەتی مەزن لە کۆیە خوێندوویانە هەروەك مەولانە خالیدی نەقشبەندی و حەزرەتی نالی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شێخ تەهای ڕەهبەر و کەیفی جوان ڕۆیی و مەلا محەمەدی چروستانی و مەلا کاکە حەمەی حاجی سەیفوڵڵا د. مستفا زەڵمی و مەلا سالحی ئاهی و مەلا محەمەد ئەمینی هەوایی و سافی هیرانی و سانی هیرانی، قانع و مەلاعومەری ڕەش و مەلائەحمەدی لالۆ... بە پێ ی ساڵ نامەی موصلی ساڵی (١٨٩٤) ئاماژە بە شەش قوتابخانەی منداڵان کراوە، پێش ساڵی (١٩٠٠) هەژدە سوختە خانەی پیاوان و شەش سوختەخانەی ژنان هەبووە (٥٠٠) فەقێی هەبووە، بۆ فێنکی بۆ خوێندن هاوینان فەقێ یەکان دەچوونە (فەقێ یان) و (چناڕۆك) ، کۆیە ساڵی (١٨٨٠) قوتابخانەی لێ کراوەتەوە، داخراوە و کراوەتەوە، بە فەرمی ساڵی (١٩٢٠) قوتابخانە لە کۆیە کرایەوە بەڕێوەبەرەکەی (مەلا ڕەسولی بێتوشی) (مەنفی) بووە دوایی ئەو، مەلا عبدول ڕەحمان شەرەف بەڕێوەبەر بووە ! مەکتەبی ئولا پێگە و ماك و هەوێن بووە بۆ چرای زانستی و ڕووناکی خوێندن و زانست و سیاسەتی پێکەوە گرێ داوە، (مام جەلال) (١٩٣٢- ٣/١٠/٢٠١٧) قۆناغی پێنجی سەرەتایی بووە بۆتە سەرپەرشتیار و سکرتێری (K.P.X) (کۆمەڵەی پێشکەوتنی خوێندەواری) بەکاریگەری (م. حەمەدەمین مەعروف و م. تایەر سەعید و م. کەمال عەبدولقادر جەلی زادە) ئەوانەی (K.P.X) بوون:

عبدولکەریم شێخانی، جەمال تایەر سالحی، مەجید ئاسنگەر، خالید دلێر، محەمەد مەلا سادق، د. خالید سەعید، واحید سەعید، عومەری باش کاتب، ئیبراهیم سابیر وەلی وکەمال محیّدین، حەمید ئاغای کاکە زیاد ....).

(مام جەلال) لە مەکتەبی ئولا خوێندوویەتی زۆربەی نمرەکانی (١٠) لە (١٠) ە، بەڵگە و تۆمارگە و نوسراوەکانی مەکتەبی ئولا هەموو ماون و پارێزراون !.









ماموّستا (غەریب پشدەری) وانەی پیَ دەگووتینەوە، ماموّستا غەریب حەمەدەمین عەبدوڵلا ئیسماعیل (ناسراو بە غەریب پشدەری) سوعبەتچی بوو رەسەنە کۆیی بوو بەڵام بە زاراوەی کۆیی یانە قسەی نەدەکرد !!، شاعیر و دەنگ خۆش، نموونەی شیعری:

بەویستی خۆم قەڵەم نایەتە دەستم
وەکو لافاو لە بۆم هەڵرێژێ هەستم
وەتەی ئەم سەر زەمینە ئاوەدانە
ئەوا کۆیەش هەیە لانکەی ژیانە



ماموّستا غەریب پشدەری، ڕەهبەر سەید برایم /چناروك

لەناو یەکێتی نووسەرانی کوردستان لقی هەولێر گووتم ماموّستا غەریب پشدەری کۆیی یەو ماموّستام بووە لەمەکتەبی ئولا لەکۆیە، ماموّستا غەریبیش خۆی بەگەنج دەزانیّ و زۆر کراوەو دڵتەڕە، گوتبووی لەیەك پۆل بوین بەس لەبەر ڕێزی ئەو من بە پێوە بووم ئەو دانیشتبوو !

ماموّستایەکانم ئەوانە بوون زەمانی ئێمە بە ماموّستایانمان دەگوت ئەفەندی حاجی محێدین اسعد (حاجی یە فەندی) عەبدوڵلا ئەحمەد،

سەیفەدینی سعدی ئەسعەد (غەفوری) نامق عەبدوڵڵا تۆفیق، ئەکرەم حەوێز محەمەد (م. سالح قادر سالح، خورشید حەمەد مستەفا، خالد حەمەد قادر (نەجار)، عەلی مستەفا، سابیر هادی قادر حەوێزی، مەولود فەتاح کەریم، ئەنوەر تایەر خدر (مەلا ئەنوەر)، مەجید حەمید عەبوڵڵا، مامۆستا ئەنوەر عومەر حەمەدەمین، عەبدول سەمەد حەوێز محەمەد

******

تایەر سەعید کەریم (گاڕفێن)، کوڕێکی بیر کۆڵی بەناوی (کامەران) لەگەڵ مان دەیخوێند دوایی وازی هێنا و نەی خوێند،

م. تایەر سەعید کەریم (گاڕفێن) ١٩٢١ – کۆیە ١٩٨٩/١٢/١٨ لە مەکتەبی ئۆلا بەڕێوەبەرمان بوو، لاواز و باریکەلە بوو، دارێکی درێژی بەکار دەهێنا بۆ لێدان، وشەی (جکسن) ی بەکاردەهێنا وەك جنێو، تێکۆشەر و کورد پەروەرێکی ڕۆژگاری خۆی بوو لە خەبات و کوردایەتی، لە ناو حزبی هیوا و پارتی دیموکراتی کوردستان ! کاری سیاسی کردووە،



مامۆستای جوانە مەرگ (نەریمان تایەر سەعید)



مامۆستا تاهیر سەعید

کوڕ و کچێکی مامۆستا بوون بە ناوی (نەریمان و پڕشنگ) لە گوندی سماق شیرینی ولاتی کۆیە، پاش دەوام دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ کۆیە لە سەر جادە لە چاوەڕوانی دەبن باران دەبارێ چەتر هەڵدەدەن لەبەر باران، ڕەبیەکەی بەرامبەریان لە سماق شیرین دەیانبینی هەر بە هەوەس و بۆ نیشانە، تەقە دەکەن بە نیازی گوللە لە نووکی چەترەکە بدەن گوللەکە ڕێك بە نێو چەوانی مامۆستا (نەریمان سەعید تایەر) دەکەوێ و شەهید دەبێ لە

٢ /١٩٨٥/٤ ! خوشکەکەی لە گەڵی دەبێ، تووشی تاسان دەبێ !

مامۆستا نەریمان تێکۆشەرێك و دۆستی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) بوون ، ئەو ڕووداوە کارەساتێکی دڵ هەژێن و کاریگەر بوو، لە بیر خەڵکی ناچێتەوە بەو بێ ویژدانیە ئەو تاوانەیان ئەنجامدا !..



مامۆستا ساپیرهادی حەوێزی



مامۆستا حەمەدمین مەعروف

مامۆستا حەمەدەمین مەعروف کامەلا ١٩٢٠/٨/٢٠ کۆیە -١٩٩٩/١١/١٥ کۆیە یاریدەدەری قوتابخانەی ئولا بوو ، (مەعلومات)ی پێدەگوتین، زمان زان بوو فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی دەزانی، یەکەم کەس بووە ماتریالیزمی

دیـــالیکتییکی ، وەرگێڕاوەتـــە ســـەر زمـــانی کـــوردی، ئەنـــدامی دەســـتەی دامەزرێنەری پ.د.ك بوو، سیاسەتمەدار بوو، ئەو (مام جەلال) پـیٚ ی گەیانـد و ئەو دەم ڕێکخستنی پارتی لە کەرکوك کزو لاواز بوو، مامۆستا حەمەدەمین مـەعروف مـام جـەلالی نـاردە کـەرکوك و گەشـەی بـە ڕێکخـستن و پـارتی دا، حەمەدەمینـە فەنـدی (وێنـە کـێش) بـوو، وێنـەی جـوانی دەکێـشا بـە خامـەی ڕەساس، کە (وانە) ی مەعلوماتی پـیٚ دەگوتین، یەك لـە وانەکان جیهان چەند کیشوەرە، یان چۆن دەچیە هەولێر لە کۆیەوە گوند بە گوند ناوی دەهێنا، کە دەگەیشتنە گوندی (تەڕگێنە) هەمووومان پـیٚ کەنینمان دەهات ! نیـو ڕاستەکی پـیٚ بـوو لـیٚ ی دەدایـن لەگـەڵ لێدانی چاوی دەنوقاند، چاوێکی تـەواو نەبوو، مامۆستا حەمـەدەمین مـەعروف پـیتی (ش)ی پـیٚ خۆشـبوو، هۆکارەکـەی دیـار نییە، بەڵام خێزانەکەی ناوی شەوکەت بوو، خۆی ناوی لە برا وبرازاکـان و کـوڕ وکچەکانی نـاوە، پـیتی (ش) ی تێدایـە براکـانی(هۆشـیار ودڵـشاد) برازاکـانی (شـوانکۆ و سەروەشـت وشـاکۆ)، کـوڕ وکـچەکانی خـۆی (پێـشرەو، پێـشەوا، بەندی شەو، ڕەوشەن، گوڵشەن، پێشکەوت)

مامۆستا حەمەدمین فێری دەکردین بۆهەرشتەکی بڵێن بۆ؟ ئەو بۆیـە کێشە بۆمامۆسـتایانی بیرکـاری دروسـت دەکـرد مامۆسـتا دەیگـووت ١+١ دەکاتـە دوو قوتابیەیك پیگوتبا بۆ دەکاتە دوو؟ مامۆستا بیٚ وەرام ڕادەوەستا ! ئێمـە نـەمان دەزانـی ئـەو سیاسـەتمەدارە گەورەیـە یەکـەم کـەس بـووە لـە کۆیـە لـە حزبـی (شۆڕش) بوو بێت ئەوجا (حزبی ڕزگاری) تا کۆنگرەی سیٚ ی پارتی ئەندامی لیژنەی مەرکەزی (پ. د. ك) بووە. لە کۆنگرەی دوو ئەندامی (م. س) ی (پ. د. ك) بووە.

پۆلەکەمان زۆربەی کوڕی گەڕەکی گردی جوان و گەڕەکی دیانانو قوڵتیٚ بوون، پۆلەکەمان تەمەنی جیاجیای تێدابوو، لە تەمەنی (پێنج ساڵی تـا شـەش

حـەوت، تـا هەشـت و نـۆ سـاڵی)بـوو، دوو بـرای زۆر تێـدا بـوو، وەك (ئـازادو نەوزادئیـسحاق) (عەبـدول وەهـاب و عەبـدول رەحمـان عەبـدوڵڵا)و (خالیـدو ئیسماعیل حەوێز)و (عەبدول رەحمان و عبدۆڵڵا مام عەلی)و (ئەنوەرو ئەحمەد کوێخا مەمەنـد)و (سـەعدی و واحیـد سالح)و (محەمـەدو فـاتح مەلامستەفا)و (دڵشادو فریاد مەلابرایم حاجی مینی سکتانی)، قوتابییەکان تێکەڵبوون لە دیان و موسڵمان، زیرەکترین قوتـابی (محەمـەدی مـەلا مستەفا) بوو، ئەوجا برایـان (واحیێد سالح و سەعدی سالح و دڵشاد مام مەلاو فریادی مام مەلا)!

ساڵی(١٩٦٤) دووبارە بابم لە سەر حیزبابەتی و کوردایەتی بەندکرا، بیرمـه بەدووی کەوتم و گریام، لچکی شەرواڵەکەی باوکم گرتبوو، ئیتر باوکم گووتی دێمـەوە، کوڕم بڕۆوە ماڵێ، ئیتر ڕۆیشتم و باوەڕم کرد کە بابم ئازاد دەکەن، بـەڵام ئازادیـان نـەکرد! پـۆلی یـەکی سـەرەتایی بـووم کـارت و نمـرە دەدرایـەوە، دایکم پارەی پێدام بۆ بەخشیش، مامۆستا (مشیر حاجی حەمـە سـەعید) لەگـەڵ فەڕاشـەکە (بـەکر فـەتحوڵڵا) پێکـەوە بـوون، مێزێکیـان دانـابوو، نـاو و نمرەیـان دەخوێنـدەوە، گەیشتە نـاوی مـن، سـەرکەوتوو بـووم، مامۆسـتا (مـشیر حـاجی حەمـە سـەعید) بـرای (شـەهید د.خالیـد) گـووتی پارەکـە مـەدە، چـونکە بابـت گیراوە، بـابمی دەناسـی لەگـەڵ (شـەهید د.خالیـد) پێکـەوە سیاسـەتیان دەکـردو هـاو خـەبات بـوون، منیش خـەنی بـووم لـە خۆشیان، لـە قوتابخانـەی (ئـولا)وە، لەسـەر ئـەو گـردەوە، بـە غاردانـە چـوومەوە مـاڵێ و گـووتم دایـە پارەیـان لێ وەرنـەگرتم، دایکیـشم وای دەزانـی کـەوتووم و سـەرکەوتوو نـەبوویم! کەچـی دەرچووبووم و سەرکەوتوو بوومو بووبوومە پۆلی دووی سەرەتایی.

کاتێك لە قوتابخانە بووم لە ڕاستیدا قوتابییـەکی زیرەك نـەبووم، لـە چواری سـەرەتایی دەرنەچـووم، لـە یـەکی ناوەنـدیش هـەر دەرنەچـوویم، دووسـاڵ کەوتوومەو لـە خوێندن بـەجێماوم! مامۆسـتا (سـابیر هـادی حـەوێزی) سەرسام

بوو بە مامە (سەید ئەحمەد)م، زۆرجار دەیگێڕایەوە، بە مەبەستی خوێندن، دەیگووت: (سەید ئەحمەد) ئیرادەی لەخوێندن بەهێز بوو، حانووتی دەگرت و سەربازی تەواو کرد، ئەوجا زانکۆی پزیشکی خوێندو بووە دکتۆر! پێویستە کۆڵ نەدەی لە خوێندن و کۆشش بکەی! نازانم بۆ زەوقی کتێب و دەفتەری قوتابخانەم نەبوو، کەچی ڕۆژنامەو کتێب و گۆڤارم دەخوێندەوە، زانیاری دەرەکیم زیاتر بوو، نەك وانەی قوتابخانە، جارێك مامۆستا (جەمال حەمە عەلی) سەری سوڕما، پرسیارێکم دەربارەی فەیلیەکان لێکرد، کە بۆچی دەردەکرێن؟ مامۆستا (عەلی مستەفا) کە (کوردی) پێ دەگووتینەوە، پرسیارێك دارشتن بوو، من دیارە زۆر جوانم دارشتبوو، پرسیارەکەش ئەوەبوو، (هیوات لە ژیان چییە؟) من نووسیبووم کە ببمە دکتۆرو پێشمەرگە، (مامۆستا عەلی مستەفا) لە پۆل پێی خوێندمەوەو گووتی ٣٠ لە سەر ٢٠م دەدایەی، بەڵام نابێ، ئەوە ٢٠ لە سەر٢٠م پێداوی هەقی خۆتە.

لە قوتابخانە وخوێندن وگەڕەك برادەرم هەبوون ئەو ڕێز وخۆشەویستیەمان لەگەڵ یەك هەرماوە هەروەك (هێرش حەمە سوور، دڵشاد مەلا برایم، سەباح حەوێز حەمە سالح، کەریم فەرەج، نوورەدین سابیر، عبدالخالق کاکەی حەمیداغا، سەفیری ئەحمەدی خارە، غازی حاجی سایەق، مشیر حەسەن، شۆڕش تاهیر، نەوزاد حەمید، نەوزاد سەعید، فایەقی عومەری مام ڕەشیدی، باسم عبداللە، دڵشاد ڕەئووف، ئەحمەد خدر، عەزیز خدر، سەباح نەجم.



غازی حاجی سایەق / ڕەهبەر سەید برایم / سەفیر ئەحمەدی خارە

ئەوەی سەیر بوو! بەرگی قوماشی گران بەهام لە بەر دەکردو خوا موبارەکی بکا، تورمەپۆش[1] بووم، بە ڕاستی زۆربەی قوتابیەکان هەژارو تەنانەت بەرگی بە پینەیان لەبەر دەکرد،

لە کۆیە چەند جلوبەرگی پیاوانە هەیە وەك (ستارخانی ومرادخانی، مەحمودی دیموقراتی)

دیموقراتی لە کۆماری کوردستانەوە لە مەهابادوە ئەو جۆرە بەرگە لە کۆیە پەیدا بوون، مەحمودی واتە شێخ مەحمودی نەمر لە زەمانی شێخ مەحمودەوە لە کۆیە هەیە، ستارخانی ومراد خان دوو ناوداری بانە بووین، لە کۆیە ژیاون ئەو جلوبەرگەیان لەبەر بوە، ئەو جلوبەرگانی کۆیە سیاسین!

دەبێت ستار خان پیاوێکی گەورەی کورد بوبێت، هێمنی موکریانی لە دێرە شێعریك دا دەڵیت:

ئەم کوڕی سمکۆی دلێرە، ئەو نەوەی (ستتار خان)ە

---

[1] تورمە پۆش: پۆشینی قوماشی گرانبەها!

جاران لە کۆیە کارمەند وئەفەندییەکان، لە پاش دەوام قاتی کوردیان لەبەر دەکردن جەمەدانیان دەبەست لەگەڵ بۆینباغ، ئەو وێنانە کە هەن ودیارن مام جەلال لە روسیا بۆینباغ وجەمەدانی وبە جلکی کوردیەوە وێنەی هەیە، (دڵداری شاعیر وم.تایەر حەوێزی مێژوونووس وشێخ ئەنوەری شاعیر، پیرەمێردی نەمریش لە سلێمانی وێنەی لەو جۆرەی هەیە ) سەردەمێك لە کۆیە ئەو شێوازە نەریت بووە، ئەو وێنانەی من جلکی دیموقراتییە بە بۆینباغ و جەمەدانیەوە.



دڵداری شاعیر



مام جەلال



پیرەمێردی شاعیر



شێخ ئەنوەر بەرزەنجی



مامۆستا  تاهیر حەوێزی



ڕەهبەر سەید برایم

چـونکە بـاوکم دووکـانی کوتـاڵی هـەبوو، ئـەو دەمـە بـە (بازرگـان) ناویـان دەبردو گوزەرانیـشمان باش بـوو! ناسـنامەی ژووری بازرگـانی هـەبوو، چـەندان چەرچی هەبوو، کارتی بانکی هـەبوو، پـارەی لـە بانك زۆر دانـابوو! لـە چاو ئـەو سـەردەمە رۆژانەیـەکی باشیـشم هـەبوو، قەڵـەم پەنـدانم هەڵـدەگرت، لـە (وانـەو ئـەرك) نەمـدەزانی، مامۆسـتاکەم پێـی دەگـووتم ئـەو جلکـەت لێ حەرامـە، ئـەو پەندانـەت لێ خەسـارە، خوێنـدنی سـەرەتایی و ناوەنـدیم لـە قوتابخانـەی (ئـولا) تەواو کرد، دوو مامۆستاشم، مامۆستا (عـەلی مستەفا–لالـە)و مامۆسـتا (واحیـد قەهار حەوێزی) لە سەرەتایی و ناوەندی لە هەردوو قۆناغ! مامۆستام بووین، لە ناوەندی مامۆستا (مەجید ئاسنگەر) بەڕێوەبـەر بـوو، دوایـی بـوو، بـە مامۆسـتا (غازی کەریم حەمە مەلا)

مامۆسـتا مەجیـد ئاسـنگەر: (١٩٣٢ کۆیـە – ٢٠١٢/٤/٩) مەجیـد ئەحمـەد ئەمین ناسراو بە مەجید ئاسنگەر شاعیر و تێکۆشـەر و کورپـەروەرر بـوو دیـار و ناسراو بوو، ئینگلیزی دەگوتەوە و ئینگلیزی دەزانی چەندان کتێبی ئینگلیـزی وەرگێرابووە سەر زمانی کوردی چەندان چیرۆك شانۆنامەی نوسیبوو، شیعری ناسکی دڵداری هەبوو هەروەك

ئەمیرەکەم، دڵگیرەکەم بەهارت لێ شەرمەزارە

گوڵی گیانە، یەخسیرەکەم، تیرت لە دڵ سەد هەزارە


م. مەجید ئاسنگەر


م. جەمال حەمە عەلی


م. واحێد قەهار حەوێزی


م. عەلی مستەفا

**چەندان شیعری بۆتە سرووودو گۆرانی، هونەرمەند فوئاد ئەحمەد بە دەنگی خۆی چڕیویەتی هەر وەك:**

**بۆ گەلی كوردی قارەمان**

**سوێندم بە خاكی كوردستان**

**بەسەر لوتكەی كێوی بارزان**

**بە ئەشكەوت و جێ ی نەبەزان**

**لە بێتواتەو چەمی ڕەزان**

**یا كوردستان یاخود نەمان !**

**شەهید مامۆستا (جەعفەر عەبدولواحێد) ئینگلیزی پێ دەگووتینەوە! دوایی بووە مامۆستا (دڵشاد ئیسماعیل جەلی زادە)!**

# گوڵاڵەی سوورەی ناو بەفر

جەعفەر عەبدول واحید مختار ١٩٤٠ – کۆیە ١٩٧٦/١١/٢١، مامۆستا جەعفەر – لە کۆیە ئینگلیزی پیٚ دەگوتین، هێند قۆز و خۆشەویست و خاوێن بوو، کە مامۆستا بوو لە کۆیە لە ماڵی خوشکیکی دەژیا یا (هەیبەتی خێزانی تایەری مەلا حەبیبی) ئێمە نەمان دەزانی ئەو مامۆستا مەزن و سیاسەتمەدارەیە، خۆشمان دەویست ئەو گۆرانی بۆ دەگوتین لە پۆل، دەنگی زۆر خۆش بوو راڤەی ئەوەی بۆ دەکردین ئەرد دەقلیشایەوە، جاش کەوش و جاش پۆلیس هەر لەو گەرەکی گردی توشی عەشقایەتی بوو بەلاّم سەری نەگرت ! مامۆستا جەعفەر لە بەفر بارینێکی لە کۆیە لە قوتابخانەکە قوتابییەکان شەرە بەفریان دەکرد، ئەویش هات تۆپە بەفرێکی هەڵگرت لە قوتابییەکانی گرت، ئیتر چی قوتابی هەبوو بە تۆپەڵە بەفر دایان گرت، پشت ملیان هەموو کردە بەفر بە پێکەنینەوە هەلاّت بۆ ژووری مامۆستایان، کە لە سێدارە درا لە نزیك ماڵی ئێمە شوشترا و کفن کرا، لە گۆرستانی کەکۆن نێژرا چی قوتابی و خەڵکی کۆیە هەبوو هەموو بە مەراسیم چوونە سەر گۆرستان سۆزی خۆشەویستی زۆر بوو !



شەهید مامۆستا جەعفەر عبدول واحید

لە ڕاستیدا قوتابیەکی تەمبەڵ بووم، لە بەر تەمبەڵی و هاری و پێکەنین بە شوڕکەداران مامۆستا لێیان داوم، دەستم دەخاراند، تاوەکو نەیەشیّ! جارێك مامۆستایەکم (١٠) دە داری زیاتر لێم دا زۆر بە ناهەق منیش هەر دەستم گرتبۆوە، زۆرغەدری لیّ کردم، دیارە ئەویش ویژدانی ئاسوودە نەبووە، هەر ئەو مامۆستایە بۆ پرسەیەك هاتە گوند ێکی دەشتی کۆیە، منیش لە پرسەکە بووم فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆیە بووم، چەك وتاقم وتفەنگم پیّ بوو، دەیان پێشمەرگەم لەگەڵ بوو، مامۆستایەکە زۆر ترسا منیش زۆر ڕێزم گرت! بەسەر خۆم دا نەهێنا کە غەدرێکی وای لێکردووم، کە گەڕابۆوە بۆ کۆیە گێرا بوویەوە ستایشی زۆری کردبووم: (مام بەکر فەتحوڵڵا) فەڕاش بوو، لە کاتی زەنگ و پشوو تەرۆزی بە مشار دەبڕیو سماقی پێوە دەکردو دەنکە هەنارو شەکرلەمەو شێلم و شەکرۆکەو لەبزینەو (شەکرۆکەی بچوك بەقەد زەنگیانەی ڕەنگاو ڕەنگ) پێیان دەگووت(گومشك) ئەو گومشەکەشی دەفرۆشت.

مامۆستایەکانم:

ئەکرەم عاشوور، ئیدوارد گۆرکیس، هورمزعەبدول مەسیح، میخائیل ئیشو، عەلی کەنعان، ئەمیرحەنا، ئەحمەد سەلوم، حسین کازم، نازم لعێبی، زۆربەی دیان و عەرەب بوون جگە لە مامۆستا جەمال حەمە عەلی ومامۆستا دڵشاد اسماعیل جەلیزادە وم.عەلی مستەفا، وم.کاکە مەلا سالح عەسکەری.

د.ئەکرەم عاشوور تازە هاتبوو، ببووە مامۆستامان زۆربەی قوتابیەکان لیّ یان پرسی ناوت چییە، مامۆستا کیّ ی؟وەرامی نەدایەوە، کە دەرس تەواو بوو لەسەر تەختە رەشەکە نوسی ئەکرەم عاشوور!

لە ناچاری و بۆ ئەوەی ڕزگارم بیّ لە خویّندن و نەڕوانین بۆ ئایندەیەکی گەش، چوومە ئامادەیی کشتووکالّ، ساڵی یەکەمم لە (هەولیّر) لە (گەڕەکی ئازادی) خویّندو دوو ساڵەکەی دیکەش لە (ئەسکی کەڵەك)! هاندانی بابم نەبووایە حەزم لە چەهرەی قوتابخانەو وانەو خویّندن نەبوو، هەولّو هاندانی لە شعر ڕەنگی داوەتەوە: بابم ئەو چوار خشتەکیەی دانابوو:

دەرچوو لە دەستم تاکو منداڵ بووم

ماوەی تەمەنم رۆیی ناوساڵ بووم

نەم خویّند لە مەکتەب ویّرانە ماڵ بووم

حەیفە کە دووری دۆست و هەڤاڵ بووم

لە شویّنیّکی دیکە دەڵیّ:

ڕۆڵە بخویّنە هونەر بنویّنە

چوست و چالاکی خۆت دەربهیّنە

مەکتەبە چارەی دەردی هەژاری

ئاوات و هیوای گەل بۆ رزگاری

دوایی پەشیمان بوومەوەو عەشقی خویّندن بووم، سەرەنجام بەشی رۆژنامەنووسی لە پەیمانگای تەکنیکی سلیّمانی و بەشی راگەیاندن لە کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکانم لە زانکۆی سلیّمانی تەواو کرد، شەش ساڵم لە رۆژنامەوانی خویّند! دیبلۆم و بەکلۆریۆسم هەیە لە ڕاگەیاندن، یەکەم دەستەی دەرچووانی بەشی رۆژنامەنووسی بووین، لە کوردستان، (١٩) خویّندکار بووین و دووەم دەستەی دەرچووانی بەشی ڕاگەیاندن بووین لە زانکۆ.

لە پەیمانگا بە بەشەخوا پێداوەکەو کۆرپە نازدارەکەی پەیمانگا ناویان دەهێنایین، (١٩)خوێندکار بووین:

١- د. ئیبراهیم سەعید زمناکۆ

٢- د. بەهات حەسیب قەرەداغی

٣- د. بەناز حەمە خورشید

٤- سەرکەوت عارف عومەر (سەرکەوت پێنجوێنی)

٥- شوان حەوێز فەریق (شوان داودی)

٦- تاریق جەوهەر عولاّ (تارق سارمەمی)

٧- عەبدوالقادر مستەفا عەباس (هاوار خان مستەفا خان)

٨- فوئاد ئەحمەد سلێمان

٩- قەشەنگ عەبدوڵلا

١٠- ماردین عەبدول کەریم

١١- مەریوان مەسعود

١٢- مەم بورهان قانع

١٣- نەجات مستەفا خدر (نەجات رۆستی)

١٤- د. سامان جەلال مەولود

١٥- کاروان ئەنوەر فەرەج

١٦- بەناز رەسوڵ حەمەد (بەناز کوێستانی)

١٧- د.کاروان عەلی قادر

١٨- ئەحمەد عەبدول کەریم عارف (ئەحمەد عارف)

١٩- رەهبەر سەید برایم



پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی/ بەشی ڕاگەیاندن

دوو ڕۆژنامەوان زۆر هاوڕێ بووین بە داخەوە خوێندنیان تەواو نەکرد وازیان هێنا (شازاد ئەنوەر خەڵکی قەلادزێ، و هاودەنگ فاروق خەڵکی شەقلاوە !.

دووەم دەستەی دەرچووانی بەشی ڕاگەیاندنین لە زانکۆ، هەشت خوێندکار شەش ساڵ پێکەوە بووین لە خوێندنی ڕۆژنامەوانی: ئەو زاتانە بووین:

١- ئەحمەد عارف

٢- د.سامان جەلال

٣- تارق سارمەمی

٤- نەجات ڕۆستی

٥-بەناز کوێستانی

٦- د. کاروان عەلی

٧- د. ئیبراهیم سەعید زمناکۆ

٨- ڕەهبەر سەید برایم



ڕەهبەر سەید برایم +د. بەهات حەسیب قەرەداغی + شازاد ئەنوەر
ساڵی ٢٠٠٠



شازاد ئەنوەر + ڕەهبەر سەید برایم + هاودەنگ فاروق
ساڵی ٢٠٠٠

بابم مەراقی خوێندن و خەبات بوو، بۆیەش هەردوو کوڕی بوونە پێشمەرگە لە ساڵی (١٩٧٩).

دوو کوڕو دوو کچی بڕوانامەی زانکۆیان بەدەست هێنا و دوو کچەکەی دیکەش پەیمانگایان تەواو کرد! هەردوو کوڕیش بوونە پێشمەرگە، لە ڕۆژگاری سەخت و دژواری ساڵی(١٩٧٩) پوورە (قەدری)م مامۆستا بوو، لەو ساڵ و وەختە کوڕێکی بوو ناوی نا (ڕووداو)، لە بەر خۆشەویستی برازاکانی و لەبەر خاتری کاکی کە هەردوو کوڕی بوونە پێشمەرگە، (ڕووداو)ێکی گەورە بوو، (ڕووداو)ی پوورزامان کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کردووەو بۆتە ئەندازیار!



ڕووداو قاسم عەبدوڵلا



ڕەهبەر سەید برایم + مام جەلال، کۆیە ١٩٩٢

زۆرجار دایکم یەخەی بابمی دەگرت، دەیگووت: کەس بووە، دوو بەرخی هەبێ لەو دەشت و چیایە بۆ بەردەمی گورگ بەڕەڵایان بکا! ناهەقی نەبوو، دایکم دوو کوڕی هەبێ، هەردووکیش لەو ڕۆژگارە نالەبارە ببنە پێشمەرگە، ماڵ و حاڵی لێ تێکبچێ و تالان بکرێ و ئەوجا بگیرێن، چونکە دایکم ساڵێك و باوکم ساڵ و نیوێك لە (فوزەیلیە) گیران، لەسەر ئەوەی کوڕەکانیان پێشمەرگە بوون!

هاوینی ساڵی(١٩٧٩) تازە ببوومە پێشمەرگە، گەرمە تەریقەت و عەشقە شاخ! لە (توژەڵە) بارەگای هاوینەی سەرکردایەتی و (مام جەلال) بوو، (مام جەلال) بانگی کردم، لەبن دار گوێزێك لە (توژەڵە)، قسەی بۆ کردم و گووتی: سەید برایم لەداری دونیا هەردوو کوڕی هەیە، هەر دووکیان پێشمەرگەن، بۆیە پێم چاکە بچیتە (فەرەنسا) شەهادەیەکی بەرز بهێنیتەوەو بۆ خوێندن زەمالەمان هەیە، منیش بە هەموو کەیفی خۆم گووتم: مامە گیان، دەمەوێ دکتۆراە و شەهادە لەو شاخ و داخانەی کوردستان بهێنمەوەو من هاتووم بۆ خەبات و خۆ بە کوشت دان، چۆن دەچمە فەرەنسا! سەنگەری شەڕەف و خەبات بەجێ دەهێڵم! گووتی: ڕۆڵە شۆڕش درێژخایەنە پێ ڕادەگەی، چونکە تۆ گچکەتری لە برایەکەت! دەرفەتە! (مام جەلال) زانی نایسەلمێنم و ناچمە فەرەنسا، سەرەنجام زەردەخەنەیەکی تێ گرتم و گووتی: باشە ڕۆڵە، درێژە بە پێشمەرگایەتی خۆت بدە! ئەو زەمالەیەی بۆ من دانرا بوو، درا بە (محەمەدی مەلا حەسەنی مەرگە)، ئەوسا لە سکرتاریەتی (مام جەلال) بوو، ئەو چووە فەرەنسا، ! دەرفەتێکی دیکە هاتە کایەوە، لەگەڵ سێ کەسی دیکە، یەك لە وان من بووم، دەستنیشان کراین بچینە سوریا، بەهۆی (رائید عزیز) لە کۆلیژی سەربازی بخوێنین، پێم خۆش بوو، بەڵام ڕێك نەکەوت و ئەنجام نەدرا.

# سرۆشانی شیعر

گەڕەکەکەمان گەڕەکی (گردی جوان)، باخی شیعر بوو، چونکە ماڵی (ڕۆستەم حەوێزی و عەبدول ڕەحمانە رووتەو و مەلا ڕەئوف سەلیماغای حەوێزی و خوشکە فریشتەو ماڵی خوشکانی خالید دلێرو ئەحمەد دلزارو کەریم شارەزاو د.کەمال غەمبار)، خوشکە زاکانیان شیعری خاڵیان دەهێناو دەخوێندرایەوە، مەلا عاسی ماڵیان لە گەرەکی گردی بوو مەلا عاسی(١٨٩٢-١٩٧٥ کۆیە) عاسی نازناوی مەلا مستەفای کوڕی مەلا ڕەسولی کوڕی مەلا محەمەد ئەمین کوڕی مەلا عوسمانە، شاعیرێکی گەورە وکلاسیکی بوو، دیانگوت شیعری دژی (مەکتەبلی ) هەبوو، کێشەی هەبوە لەگەڵ (ڕەسول ناجی) ئەو شیعرەی پیَ هەلگووت بوو:

لە وەسفی حاڵی بەعزێ کەس بە دیقەت بێتو تێ فکرم
(ڕەسول ناجی) بە یەك نوقتە دوو سەد کەروێشکی پێ دەگرم

دوایی دور کەوتەوە، چووە خراپە جوتیاری دەکرد ئەوە شیعرەی دانابوو:

کە رازی بووم بە ئاودێری لەبەر هەتاوی من سووتام
سەروپیێچکی (مەلا سالح) بەقینگی دایکی قایمقام

بابم (سەید برایم) شاعیر بوو، برادەرایەتی لەگەڵ (ئەحمەد دڵزارو شێخ ئەنوەرو شێخ جەمال و عەبدول ڕەزاق بیمار و عەبدولخالق عەلائەدین و جەلال جۆبار) هەبوو، (شێخ حەسەنی شێخ محێدین) نازناوی شعری (عاسم) بوو، ئاوەڵ زاوای باپیرم (حاجی سەید سەعید) بوو،



گردی جوان






مەلا عاصی    رۆستەم حەوێزی    سامی عەودالّ    شێخ حەسەن (عاسم)

شێخ حەسەنی شێخ محێدین نازناو (عاسم) ١٩١٢–١٩٨٠ شێخی رابەری ڕێبازی قادری بوو لە کۆیە تەکیەیی هەبوو، دوایی ساڵی ١٩٦٧ چووە هەولێر تەکیەیی کردەوە، شێخ جەعفەری کوڕی بووە جێ نشینی دوایش شێخ عەبدول خالقی کوڕی شێخ جەعفەر، ئێستاش تەکیەیان ماوە بەناوی (تەکیەی شێخ جەعفەر) لە هەولێر بەرامبەر پارکی شانەدەر، شێح حەسەن (عاسم) عەبای لە شان دەکرد، لە قەیسەری کۆن دەهاتە کن بابم بە حاکم پێشڕەوی برامی

دەگووت (سەیدە گچکەلە)، دەگێڕنەوە، لە کۆیە پیرەژنێك زۆر جار نانی خۆی دەبردە ئەویٚ لە تەکیەی دەیخوارد شێخ پیٚ ی دەگووت بۆ لە ماڵەوە نایخۆی دەیگووت لێرە موتفەرکە خێر و بەرەکەتی دەکەوتیٚ، نموونەی شیعری:

بەهاری عومرم ڕۆیی بە جاریٚ
وشك و گەندەڵ بوو، وەك پیرەداریٚ
گەنجی تۆ لە کوێیت بۆ کویٚ هەڵاتی
نەمزانی دەڕۆی لێم دەبیە قاتی
گەنجیم وەك دوێنیٚ ڕۆیی لە دەستم
ئێستاش بە یادی گەنجیەتی مەستم
گوڵاڵەی بەهار وا ڕووایەوە
بەهاری گەنجیم نەگەڕایەوە
ئەی یاری دێرین گوڵی با بردوو
وەرە بۆم بکە باسی رابردوو
باسی کوێستانی کۆنە هەواران
ئاخۆ هەر ماوە بە وێنەی جاران
ئاخۆ قاسپەی کەو چریکەی مەلان
ماون لە کێو و لە دۆڵ و تەلان

بۆ کۆچی دوایی شێخ حەسەنی شێخ محێدین (عاسم) سەید برایمی باوکم پرسەنامەیەکی ناردووە بەو شێوەیە:

جەرگی سووتاوم پێم نەکرا خۆم بێم
لەبەرکاری زۆر بەجیٚ بێلم جێم
ئومێدم هەیە لە یەزدانی پاك
جێگای بەهەشت بیٚ سپاردەی ژێر خاك

کوڕانی گەڕەك دەستیان لە شیعر دەدا. (زرار شێواو و نورەدین ئاودێرو دڵشاد غوربەت و جەمال ساڵح خۆشناو و! و ئازاد غەمبار و ئامانج بەکر فەتحوڵڵا و دڵشاد تاقانە و لوقمان فەیزوڵڵاو محەمەد حاجی عەلی شاعیر وشوعی بوو، لە گەرەگی کردی جوان زۆربەی پارتی بوون، بەس لە گفتوگۆ دەروەستی نەدەهاتن، دەرچووی زانکۆ بوو، دوایی بووە بە سەعاتچی بەداخەوە خۆی کوشت.

لە ماڵەوەش گەرچی دایکم نەخوێندەوار بوو، بەڵام شیعری زۆر لەبەربوو، مسکینی شاعیر پورزای دایکی بوو، مامۆستا عەبدول کەریم شێخانی بن ئامۆزای دایکم بوو، تایەر تۆفیق لە بەرەبابی دایکم بوو. بن ئامۆزای بوو

ئەو خانووەی ماڵی بابمان لە٢٠١٧/٨/٣ کردە کتێبخانەی گشتی (سەید برایم) هەشت هەزار کتێب و دوو هەزار گۆڤارمان بۆ دابین کرد لەگەڵ گشت پێویستیەکانی، ئێستا کارمەندی کتێبخانە گشتی لێ دەوام دەکەن و کراوەتەوە،

هاتوچۆی دوکانی سامی عەودالْ و حوجرەکەی مەلا رەئوفی سەلیماغام لە مزگەوتی گەورە، لەگەڵ کتێبخانەی گشتی کۆیە دەکرد!

پلکە بەدریم خوشکی بابم مامۆستا بوو، بووە هاوسەری مامۆستا شێخ رەئوفی سەید عەبدول قادری هەرەجە، ئەوانیش بە رەسەن کۆیین لە شێخ مارفی گەورەوە لە کۆیە چوونەتە (هەرەجە)، پلکە بەدریم دوو کوڕ و چوار کچی هەیە (نەبەز، شیراز، فیراز، سەنگەر، خاڵدار ، کەناچە) باوکی مامۆستا شێخ رەئووف کەسایەتی هەولێر و دەڤەرەکە بوو، شاعیر بوو نازناوی (فیغانی) بوو، ئەو بەرەبابە چەندان شاعیریان هەبوو هەروەك نیهانی + حسێنی + حەزینە + عاسم + سەید ئەنوەر (دەروێش) و (شێخ جەمال)، جگە لە خزمایەتی و شێخایەتی، رێزو خۆشەویستی و ئاشنایەتی پتەومان هەیە لەگەڵیان هەبوو !!!

**فیغانی:**

**فیغانی نازناوی (سەید عەبدولقادری شێخ عەزیزی کوڕی شێخ مەعروفی هەرەجەیە**

**(١٩٠٨-١٩٦٦ هەولێر) بۆ ڕێز و کەسایەتی پێ یان دەگووت (کاک سەید) (فیغانی) واتا هاوار گریان، دۆستایەتی و ئاشنایەتی و خزمایەتی لەگەڵ تاکە مەلیکی کوردستان (شێخ مەحمودی نەمر) هەبوو، وێنەشیان پێکەوە هەیە،**



(فیغانی) (سەید عەبدولقادری شێخ عەزیز شێخ مەعروفی هەرەجە)



مامۆستا شێخ ڕەئوف سەید عبدول قادر

**فیغانی (کاک سەید) ساڵی ١٩٥١ لە هەرەجە وە دێتە هەولێر، ئەو دەم لە قەراخ شاری هەولێر خانوویەك دروست دەکات چۆڵی بووە، سەرەنجام ئەو گەرەکەیان ناو لێناوە (سەیداوە)، جگە لەو گەرەکە گەرەکی شێخان و خانەقا و سێ تاقان هی سەیدانی خۆمان بووە لە شاری هەولێر فیغانی شاعیر، شیعری جوانی هەیە، شیعرێکی هەیە لەسەر جێگایەکی دڵفڕێنی گوندی (هەرەجە) بە ناوی (گۆڕە خاڵدار) کچە پوورەکەم (خاڵدار) نەوەی فیغانی، باپیری شیعرێکی بەتابلۆ وشە نەخشاندووە بەم شێوەیە:**

**گـــۆره خاڵـــدار چـــەنده خۆشـــی فەســـلی گـــوڵزاری بـــەهار**
**مـــەنزەرەی شـــیرینەکەت نـــا دەم بـــە خـــاکی قەنـــدەهار**
**خـــۆ گیـــا ســـەوزه و گوڵوکـــە ســـوور ئـــەڵێ ی بـــووکن لـــە دوور**
**چـــین بـــە چـــینی وا پێـــچی داوه زولفـــی لاو لاوەی مەشـــوور**
**ســـەیری هـــەر لایـــێ ئەکـــەی پڕیـــە لـــە ڕەشمـــاڵ و لـــە خێـــر**
**دەورەیـــان داوه لـــە خەیمـــەی حاجیلـــە و مێخـــەك و کنێـــر**
**بـــەرده ووردەی زەردو ســـوور و شـــینی خالخـــاڵ و ســـپی**
**چـــەنده جـــوان و دڵگوشـــاده ســـەیریکه راســـته و چـــەپی**
**بـــۆ ســـیاحەت نـــاو نـــاوه بـــچیه یـــەر بـــستوانی بـــەرز**
**چـــەنده شـــیرین دێتـــە پـــێش چـــاوت گوڵـــوکی ئـــاڵ و ســـەوز**
**قـــەت هـــەوارێکی گـــەڵێ بـــەرزه و هـــەوای ســـاف و شـــیرین**
**ســـیاحەتێکی ســـەد شـــیفایه بـــۆ دڵانـــی زۆر حـــەزین**
**لـــەم هـــەواره خۆشـــە کوردســـتانه یـــا خـــوا خۆشـــی بـــژین**
**((هـــــــذه جنـــات عـــــدن فادخلوهـــــا خالیـــــدین))**
*******************

پلکه بەدریم ژنێکی ژیر وهێمن وروح پەروەرده لەگەل شێخ چاپووکی سەید عومەر بەرزەنجی خزمایەتیان هەیە دەکاتە کچی پلکی دایکی، شێخ چاپوك هەن تێکەڵ بوون لەگەڵ یەك لە منداڵیەوه وای دەزانی پلکی خۆیەتی هەر جارێکی پێکەوه سەردانی پلکه بەدریمان کردبێ لە هەولێر لە گەرەکی زانیاری بە پلکه بەدریمان دەگوت پله کێشەمان لەکەڵ یەك هەیە، شەڕمانە هەر یەکەمان دەڵێن پووری منە، ئەویش بە نەرمی وهێمنی دەیگووت پلکی هەرددوکتانم !!

شێخ چاپوك نووسەر وتێکۆشەر و پێشمەرگەی دێرین رۆشەنبیرە ماستەری هەیە لە پێوەندی نیودەوڵەتی، زۆر گفتوگۆمان لەگەڵ یەکتر دەکرد، رامان وابوو کورد ستەم لەو دوو گیاندارە بەستەزمانە دەکات کە (جاش و سیخوڕ بۆ خائین وجاسوس) بەکار دەهێنێ، شێخ چاپووك لە شاخ لێپسراوی ناوچەی رێکخستنی یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان بوو، پاشان شەش ساڵ و شەش مانگ وشەش رۆژ قایمقامی کۆیە بوو، یەك لە قایمقامە هەرە پاکەکانی کوردستان بوو، لەو زەمانەی کە گەندەڵی باو بوو، دژی زیادە رەوی بوو لەسەر ئەو دڵسۆزیە دژایەتی زۆر دەکرا، سوودمەند نەبوو لە حکومەت وحیزبەکەی ! کوڕە دەوڵەمەند بوو باوکی کۆمپانیای چەرەزاتی (بەتام) ی هەبوو لە هەولێر، دەسەڵاتی قایمقامیەتی قۆرخ نەکرد، خانوویەکی زۆر خۆشی هەبوو لە هەولێر، کەچی لە کۆیە لە خانووی شارەوانی دەژیا.



ئیسماعیل مەلا نوری جەلیزادە



رەهبەر سەید برایم – شێخ چاپووك ١٩٨٧- قزلوو

لە بیرمە شاعیری گەورە قوبادی جەلیزادە نازناوی (بێ غەم) بوو، محمەد فەتحوڵڵا نازناوی (تالیب) بوو! دەیانگووت چۆن دەبێ مرۆڤ بێ غەم بێ، غەمی هەر دەبێ، چۆن مرۆڤ تاسەر هەر تالیب- قوتابی دەبێ !! دوایی هەردوکیان ئەو نازناوەیان گۆری

قوبادی جەلیزادە داهێنەر و پێشەنگ ولە بورجە بەرزکانی ئەدەبی کوردییە ! پیاوێکی هەقگۆ و یاسابیە ! شیعرەکانی گوڵاوی جوانییان لێ دەتکێ!

خۆم حەزم لە شیعرەکانیتی، لەگەڵ شیعری کەژاڵ ابراهیم خدر و شیعری جارانی لەتیف هەڵمەت، لەگەڵ نوسینی حەمە سەعید حەسەن و د. عیزەت دین مستەفا ڕەسول. مامۆستا دڵشادی برا کەورەی قوبادی جەلیزادە مامۆستای وانەی ئینگلیزیم بوو لە ناوەندی کۆیە، باوکیان (ئیسماعیل مەلا نوری جەلیزادە)

محلی هەبوو لە شەقامی سەرەکی بازاری کۆیە ڕەوت و ڕوێنی زۆر جوان بوو خەڵك دەیانگوت گەر (گونیە)شی بە دەستەوە بێ وا دەزانن گوڵی پێ یە !!

ماڵی ئیسماعیل جەلیزادە لە گەرەکی قۆنگرێ بوو دراوسێ مامۆستا عەبدوڵا کاکە بەڕیوبەری قوتابخانە بوو، شایانی باسە لە دەرکای ماڵی مامۆستا عەبدوڵا کاکە بە پارچە تەختێکی ڕێك وپێك نوسرابوو (عەبدوڵا کاکە) وەك دیاردەیەکی جوان ناونیشانی دیار بوو، چەند کوڕێکی هەبوو وەك (باوەمیر، باوەزیر) ناوەکان نامۆ ودەگمەن بوون.

م. محەمەد داریاس، ئاشنایەتیم پڕ سۆز و خۆشەویستی بوو، هەرچەند لە تەمەن و بیر و باوەڕ لێك جیاوازبوین چەندان پارچە شیعری بە دەستخەتی خۆی لەکنم هەیە، شیعرەکەی وەك گلەیی نامە بۆ من ناردووە لە ١٣ /١٠/ ٢٠١٢ نمونەی شیعری بەو شێوەیە:

گەرچی شاعیرێکی خامە بەپێزە
نوسەری چاك و مرۆڤێکی بە ڕێزە
بەلاّم لە رووی وشە و شیعر و خامە
فلسێ ناهێنێ لەلای هەزاران چامە

چەندان پارچە شیعری دەست نووسی (م. زرار شێواو م. محەمەد داریاس و نامیق تەلانی و شێخ هەوراز فەیسەڵ و جودایی و کەیفی گۆمەشینی و م. فریاد و فیدایی و رەشید رەئوف و رزگار فەقێ سەلیم و د.ئەکرەم خامۆش و سەید گوڵی سارتکە و محمدی سید گوڵ و مامۆستا جەلال و سامان تاهیر و هێرش بەگی خانی و بەختیار خۆشناو )م لە لا هەیە هەر وەك ئەرشیف هەڵم گرتوون ! هەروەك شاعیری گەورەی عەرەب (نزار قەبانی) دەڵێت: من لە نەوەیەکم هەناسە بە شیعر دەدا، کە لە دایك دەبین، چەوری شیعر لە شیر هەیە، گەنجەکانمان بە شیعر نامەی دڵداری دەنووسن و کە مردیشین لەسەر تاشە بەردەکان دێرە شیعر هەیە!



ڤیستیڤالی خەڵاتی سەید برایم ،٢٠٠١

کەم خوێندەواری کورد هەیە، دەستی بۆ شیعر نەبردبێ، (بۆ خۆشەویستی و دەردەدڵ بێ)، یان بۆ وشە ریزکردن و گوزارشت لە وشە دەربڕین بێ، بە ناوی شیعر، (هەموو کەس بە شیعر ناوێرێ) یەك بە باری خۆم پێی نەوێراوم، هەموو وشە ریزکردنێك شیعر نییە!

فارس بەكر هاوار لە پێشمەرگايەتی و لە خەبات و كوردايەتی هەر دۆست و خۆشەويستی يەك بووين، يەك ماڵين جێ ی باوەڕ و متمانەيە ! دەيگووت هەموو شاعيرێك شێتە، يەكەم جار حاجی قادری كۆيی توخوا گەر حاجی قادری كۆيی شێت نە بووبێ چۆن بە پێ خواسی دەچێتە باڵەكايەتی بە ناو ئەو هەموو دار دڕك و بەردە:

**بەفكرت دێ زەمانێ چووينەباڵەك**

**بەپێ خواسی نە كەوشم بوو نە كاڵەك**



فارس بەكر هاوار

دەيگووت حاجی قادری كۆيم نەدی بوو، بەس سامی عەودالم دی بوو، لە دوكانەكەی خۆی بەدەوری فولكەی حاجی قادری كۆيی دەسوڕايەوە، شێتانە دەجولايەوە، ئەوە شاعيری و شێتيەی زياتر لەگەڵ من بوو، چونكە زۆر دۆستو ئاشناين، سەرەنجام خۆشی كەوتە ڕێز كردنی وشە بەناوی شيعر ئەويش هاتە ڕێزی شێتان، خووی بە شيعرەوە گرت ! شەوێك لەگەڵ خێزانەكەی دەست لە ملان دەبن، (فارس) هاوار دەكات و بە ژنەكەی دەڵێ دەستت لابە، ژنەكەی

دەڵێ چ بووە ؟ فارس دەڵێ هات ! ژنەکەی دەڵێ ئاخر چ هات ؟ فارس دەڵێ شعرم بۆ هات، خێزانەکەی دەڵێ توخوا شێت نیت ؟

دەڵێ: بەرێ وەڵڵا !!

**شکسپیر دەڵێ (شێت خۆی بە ژیر دادەنێت ژیریش پێ ی وایە شێت شێتە) ، !**

لە وتەیەکیش دا دەڵێ: شێت وشاعیر وعاشق لە خەیاڵدا دەژی

ئێواران و شەوان لەبەر دەرگای ماڵمان لە پەنا ئەستونی کارەبا، لەگەڵ هێرشی حاجی حەمە سورو مشیر حاجی حەسەن و دڵشاد غوربەت، کوڕان و برادەرانی گەڕەك باس و خواسی شیعرمان دەکرد، خۆمان بە شیعرەوە خەریك دەکرد، بە شیعرۆکەو گەمەو گاڵتەی شیعر کۆڕمان بە جۆش و خرۆش دەکرد، ئەو گەمەو بەزمە بوو، هێرش حاجی حەمە سوور نەبوو بە شاعیر، برادەرانی گەڕەك و قوتابخانەم وردە شیعری منیان لەبەر بوو دەیان خوێندەوە هەروەك:

**دەردی هەژاریم چۆن فەرامۆش کەم**

**مەگەر بەخەون دڵی خۆم خۆش کەم**

یان:

**لێوی وشکم، تێنووی ئاوی کانی لێوە**

**چاوی ئەشکم، مەستی چاوی جوانی شێوە**

یان:

**لە کۆریتی هەژاری**

**خەم و خەفەت دەباری**

لە ساڵی ١٩٧٤ ئەو شیعرەم دانابوو:

**کڕووش کڕووش کەرەجاش**

**لوشکەی نەهاوێی بە پاش**

**کا و جۆم بۆ هێناوی**
**له مۆڵگا بۆم داناوی**
**قەپۆزت درێژ بکه**
**کا و جۆ کاوێژ بکه**

له گەڵ مەحمود زامدار نێوانمان خۆش و باش بوو چەندان جار له هەواری دوکان له دەم زێ و له چنارۆك كۆری خواردنەوەو بەز م و ڕەزمی خۆشمان هەبوو، لەگەڵ شاعیر و نوسەرانی هەولێر، بێ رادە خالید جوتیاری خوالێ خۆش بوو پێ ی سەرسام بوو گۆشەیەکم هەبوو له گۆڤاری خاك (پەیڤین لەگەڵ رۆح، گفتوگۆم لەگەڵ شاعیرانی کۆچکردوو دەکرد بە شیعری خۆیان، جا (مەحمود زامدار) له گۆڤاری (هەرێمی کوردستان) ساڵی ۲۰۰۷ له گۆشەی (شەبەنگ) که خۆی دەینووسی و لەسەر منی نوسیبو زۆر بەجوانی و شیرینی به ناوی که(رۆح دەپەیڤێ): دەقی کۆپلەکه دەگوازمەوە وەك خۆی:

(ساڵانێك بوو، هەموو سەرەمانگان له چاوەڕوانی دەرکەوتنی گۆڤاری رەنگینی (خاك) دا بووم، هەر کە دەگەیشت یە کاندەر دوو لەگەڵ بابەتە جوانەکەی کاك (رەهبەر) یەکمدەگرتەوە و بە چێژێکی قووڵ دەمخوێندەوە، چونکە جارێکی دیکه زۆر بەکورتی سەرجەمی دیوانە شیعری ئەو شاعیرانەی بیر دەخستمەوە، ناشی شارمەوە – وەك رۆژنامەوانێك – حەزم دەکرد من ئەو کارە شیرینەم بکردایە، بۆ یێ هەر هەموو ژمارەکانیم لەبەر ئەو بابەتەو بابەتی دیکەشی له شوێنی شیاوی هەناوی کتێبخانەکەم دەپاراست، نەشمدەزانی رۆژێ له رۆژان دەبێ بە کتێبێکی خنجیلانەی سەربەخۆ و لەبەرچاو.. کەبوو...!!)







مەحمود زامدار ئەحمەد دڵزار کەریم مستەفا (کەریم شارەزا)

نازناوی زامدار چەند دانەیەك هەبوون، مەحمود زامدار دەیگووت هەمووی لە منن ! من پێش ئەوان زامدار بوویم !!.

فەرید زامدار لە هۆزی شکاکە کوڕی بەکر کۆیی یە لەگەڵ ڕووداوی سمکۆ شکاك هاتونەتە کۆیە، باوکی فەرید زامدار لە کۆیە لە گەڕەکی قەڵات لە دایك بووە بۆیە پێی دەڵێن بەکر کۆیی، لە مێژووی کۆیەی تایەر ئەحمەد حەوێزی باس کراوە.

لە دەربەرەدەری شکاکەکاندا حکومەتی عوسمانی شکاکەکانی لە قشڵەی کۆیە دانا لە وڵاتی کۆیە مانەوە ژنی سمکۆی شکاك لە کۆیە بووە، کە دەچووە (حەمام) چوار پێنج پیاوی بە چەکەوە لەگەڵ دەچوو لە مانەوەیان لە کۆیە کەسێکیان لێ مردووە ! بەو شێوەیە شیوەنیان وا بۆ کردووە:

کێ مردووە ؟ تەمەر خان چی لەسەرە ؟ گوڵ و ڕیحان ؟ حوتك جەمال حوتك و جەمال، بەو هۆیەشەوە ناوی (تەمەر) لە کۆیە بڵاوبۆتەوە.ئێمە لەناو خۆماندا بە فەرید زامدارمان دەگوت (زامەکەم)

(زامەکەم) لە زەمانی شاخ و شۆڕشی نوێ یەوە دەیناسم، سەردەمێك ماڵی لە گوندی دەرگەڵە بوو، کە کەوتە سلێمانی زۆربەی ئێواران بە شیعر و مەی

کۆڕمان خۆش دەکرد ! لە خواردنەوەی هەرامە شەربەتان کە دەیخواردەوە بە (دین)ی دەگرت! زامەکەم لەناو ریزەکانی (ی.ن.ك) هەمیشە دڵی بە قەتماخ بوو، تووڕە دەبوو ئاشت دەبۆوە و گلەیی دەکرد و دەهاتەوە مایە! چەندان وتاری بە ئاراستەی بای (ی.ن.ك) نووسی بوو، مام جەلال لە دووی ناردبوو، ئێمەش هەر چاوەڕێ بووین بێتەوە و ئەنجامەکانمان بۆ بگێڕێتەوە، مام جەلالیش هەموو وتار و نوسینەکانی لەبەردەم دانابوو، گوتبووی ئەتوو جەلالی مەعنای هەیە ئەو هەموو نوسینەت لە دژمان نوسیوە، فەرید زامداریش گوتبووی مام جەلال من شاعێرێکی هەست ناسکم گوێم لە گۆرانی پەپولە و ترپەی پێ ی مێرولەیە، ئێمەش من و جەوهەر کرمانج و د.مشیر گوتمان یەعنی گوێت لە ترپەی مێرولە و گۆڕانی پەپولەیە بەڵام گوێت لە شیرەشیڕ و غەڵبە غەڵب و تەپە تەپی مام جەلال نەبوو!! دەمان کردە پێکەنین و پەلار !!!



جەبار فەرمان



فەرید زامدار، ڕەهبەر سەید برایم

جاریکی دیکە من و فەرید زامدار (زامەکەم) بەهۆی نەخۆشی سەردانی (جەبار فەرمان) مان کرد لە سلێمانی، هەردووکمانی ناسی دەیانگووت خەڵك ناناسێتەوە، جەبار فەرمان رووی لە من کرد گوتی جاران شتی جوانت دەنووسی، منیش گوتم جەنابت نایخوێنیەوە دەنا ئێستاش دەنووسم! جەبار

فەرمان گوتی ببورە ئێستا خوێندەواریم نەماوە، من و زامەکەم تاساین و زۆر پێ ی نیگەران بووین. ڕەنگە سەیر بێ جەبار فەرمان (عەبدول جەبار فەرمان عەلی ئەکبەر، لە دایك بووی ١٩٤٧/٦/٢٨ لە گوندی بان میل – خانەقین لە ٢٠٠٧/٨/٩ لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لەوێش نێژرا)، شیعری ناسکی هەبوو بەناوی (ب.ڕەوەند) شیعری بڵاو دەکردەوە حەزی لە مەل و گوڵ و مۆزیك و درەخت بوو! (جەبار فەرمان قارەمان و فەرماندە و وەزیر و ئەندامی م.س و شاعیر و ڕۆشەنبیر بوو) جارێك من و زامەکەم سەردانی (خالید دلێر)مان کرد، زامەکەم لەگەڵ خالید و دلێر لە یەك گەڕەك بوون دراوسێ بوون، لە شاری سلێمانی خالید دلێر کوڕێکی هەیە بەناوی (پاڵە) مەغۆلی بوو، بەس زیرەك و وشیار بوو، زامەکەم بە هەموو کەیفی خۆی کتێبە شیعرێکی بەناوی (گوڵی چەقۆ) دا بە خالید دلێر، بۆ پاڵە کتێبەکەی نەبینی و بە ناوی گوڵی چەقۆ ئەقڵی نەیگرت، ڕووی لە زامەکەم کرد و دەیگووت یەع گوڵی چەقۆ جارێك نەبوو هەر دوبارەی دەکردەوە وشەی (خەفش)ی بەکار دەهێنا و زمانی دەردەهێنا چەندان جار دوبارەی دەکردەوە دەیگووت یەع گوڵی چەقۆ ! زامەش (فەرید زامدار) بۆ ئەوەی لە یەخەی بێتەوە، گوتی ئەو شیعرانە هی ئەو فەرماندەیە دەستی بۆمن درێژ کرد، ئەوجا لە یەخەی ئەو بۆوە، بە گژ من داهات! منیش هەرچەند دەمگوت هی من نیە! نەیدەسەلماند سەرەنجام ڕووم لە زامەکەم کرد و گوتم شیعرەکانت هێند قۆڕو بێ مەعنان خۆت ناکەیە خاوەنی بە مل منی دادەدەی! ئەوە چی یە تووشی منت کردووە!

زامەکەم (فەرید زامدار) بە ڕاستی ڕوح پاك و چاك و پەپولە و مێرولە و فریشتەیە، برادەرایەتیشی خۆشە، ڕێز و خۆشەویستیمان لە سەرووی پایە و بیروباوەڕی جیاوازەوەیە!!



مامۆستا خالید دلێر



ڕەهبەر سەید برایم + جوهەر کرمانج - قاهیره

سەیر نیە سەرۆك و سەرکردە و سیاسەتمەدارانی کورد شاعیر بن، شێخ مەحمودی نەمر تاکە مەلیکی کوردستان بوو شیعری هەبوو نازناوی (نور بەخشی) بووە نموونەی شیعری:

گەر مانیعی حەققی میللەتی کورد بن عەرەب
بێشك نوێژەکانم بە کوردی قەزا ئەکەم
************

فەرهادی قەومی کوردم و فەریادی کورد ئەکەم
دوژمن بە کوتەکی کاوە وەکوو شووشە ورد ئەکەم
بۆ بێستوونی مانیعی ئامالی کوردەکان
وەك کۆهکەن بە عەزمی مەتین دەستوبرد ئەکەم
یاکەشتی کورد ئەبەمە ساحیلی نەجات
یا ڕۆحی خۆم و ئالی پەیەمبەر بە پرد ئەکەم
****

**من کوردم و بە کوردی ئەڵێم و برایەوە**
**زیللەت نەما سەعادەتی کوردان گەرایەوە**
****

مام جەلال تاڵەبانی شیعری زۆر لەبەر بوو، ئەدەب دۆست بوو، شیعری هەیە بەلاَم شاعیر نەبوو، خۆم شیعری مام جەلالم بەدەستخەتی خۆی دیوە،

نەوشیروان مستەفا ئەمین: (١٩٤٤- ٢٠١٧/٥/١٩سلێمانی) زۆر شارەزای شیعر بوو، لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر شیعر هەبوو، کەشکۆڵی شیعری هەبوو شیعری شاعیرانی کۆ کردۆتەوە، لە گۆڤاری رۆژی نویێ ژمارە (٦) ساڵی دوو ئەیلولی ١٩٦٠ شیعرێکی بێسارانی بلاَوکردۆتەوە لە ل ٨٥ لە کۆتای شیعرەکەی نوسراوە (ئەم هۆنراوەمان لەلایەن کاك نەوشیروان مستەفاوە بۆ هاتووە زۆر سوپاسی ئەکەین) ساڵی ١٩٩٨ کاك نەوشیروان لەگەڵ مستەفا چاورەش و سەفینی مەلا قەرە و شۆرشی حاجی و ئازادی سەگرمە و کامەرانی بەهجەت عەونی هاتنە هۆڵنداماڵی ئێمە لەشاری (ئەنیش خەدیٚ) ئەوسا ماڵم لەویٚ بوو، کەوتینە قسە و باس و گفتووگۆ لەسەر کتێبەکەی (لەکەناری دانووبەوە بۆ خڕیٚ ناوزەنگ) بەرێکەوت باس هاتە سەر شیعر گووتم کاك نەوشیروان حەزت زۆر لە شیعرە ! گوتی وانیە قینم لە شیعرە ! گوتم دەیسەلمێنم حەزت لە شیعرە، گوتی بەچی ؟ خۆم خۆم دەناسم ! گوتم لەسەرەتای دامەزراندنی (ی.ن.ك) نامەیەکت بۆ مام جەلال نوسیوە پارچە شیعرێکت بۆ نوسیوە، کتێبەکت (لە کەناری دانووبەوە بۆ خڕیٚ ناوزەنگ) دەرکردوە، لەبەرگی کتێبەکەت پارچە شیعرێکی نوسیوە، هی م. نووری ١٩٢٢ گوتم ئەگەر حەزت لە شیعر نەبیٚ ، کام شاعیر وەك تۆ شارەزایە چامەکەی نامەکەی نالی و سالمت شی کردۆتەوە و لێت کۆڵیوەتەوە، لە کتێبەکەت

نوسیوته شاعیرانی کورد زۆر باسی (شەو) یان کردووە، نموونەی شیعری زۆرت هێناوەتەوە لەسەر مەلا مستەفای بارزانی، بیستوومە شیعریشت هەیە دەڵێن ئەو شیعرە هی جەنابتە :

**ئەی هەڤاڵی بێ سەرو شوێن**
**ڕەنگی ئاسۆ نیشتووە لە خوێن**

خۆی شیعرەکە بە جۆرێکی ترە بە ناوی (ئینجانە) لە گۆڤاری ڕزگاری ژمارەی ٨ ساڵی ١٩٦٩ بە ناوی (ڕێژەن) بڵاوکراوتەوە.

سەرەنجام پێ کەنی و گووتی ئاخر شیعری جوان قەیناکا. گوتم ئێ وایە دوایی زانیم ساڵی ١٩٥٩ لەسەر (وەلی دێوانە)ی نوسیوە، کاك نەوشیروان بەناوی خوازراوە ئەو ناوانەش (ڕێژەن، ماهی، جوامێر، (ش.م) بەکارهێناوە دەرکەوت لە ساڵی ١٩٦١ لە گۆڤاری (ڕۆناهی) ژمارە (٥و٦) شیعرێکی خۆی بڵاو کردۆتەوە بە ناوی (ش. م) بە ناونیشانی (تووڕەبوونی گەل):


لە شیعرەکانی ( بیسارانی )
( نەوبەهار )

[illegible]

کۆڤاری ڕۆژی نوێ ژمارە٦ ساڵی ٢ ئەیلول ١٩٦١


ڕەهبەر سەید برایم + نەوشیروان مستەفا
قاسمە ڕەش -١٩٩٠



وێنەی کاک نەوشیروان  مستەفا لە تەمەنی ١٢ ساڵی

زەلزەلـــــەی رق و قـــــینی هــــــەژاران
کۆشـــــکی بـــــەرزی چــــینی زۆرداران
دێنێتـــــە جولـــەو لـــــەرزین و هــــەژان
خـــــاپوری ئـــــەکا رۆژێ لـــــەرۆژان
ئـــەو کۆشـــکە بـــەرزەی چـــینی خـــوێن مـــژی
گرتۆتـــــە بـــــاوەش لـــــەناویا ئـــــەژی
لەســــەر حــــسابی مانــــدووبونی گــــەل
ئەلەرێتـــــــەوە ئەهاوێــــــژن پــــــەل
تیـــــا را ئـــــەبوێرن ئـــــەخۆن و ئـــــەژین
بەگاڵتـــــەو گـــــەپ و ســـــەماو پێکــــەنین
تکـــــەی ئـــــارەقی چــــینی کارگـــــەران
دڵــــۆپی هێـــــزی بـــــازوی رەنجـــــدەران
ئەکـــــەن بــــەپارە و دینــــار و تمــــەن
ئەینێنـــــە قاســـــەو کەڵەکـــــەی ئەکـــــەن
ئـــەو کۆشـــکەی کـــەوا نەخـــشو نیگـــاری
بۆیـــــەی پەنجـــــەرە و دەرگــــاو دیــــواری

دڵۆپەی خوێنی گەشی ڕژاوی
دڵ و ڕومەتی مێشکی پڕژاوی
جەنگاوەرانی دەستەی هەژارە
کەزۆربەی گەلی برسی و زامدارە
ئەوکۆشکە بەرزەی کە پایەکانی
کەللە و جومجمەو لاشەو ئێسقانی
زۆربەی میللەتی چەوساوە و لاتە
کەقاڵبوی بۆتەی هەول و خەباتە
یەکسەر ئەروخێ هەرەس ئەهێنێ
خوێن مژان ئەمرن باویان نامێنێ
ئەوساکە میلەت بەئارەزووی خۆی
لەسەر کەلاوەی ئەو دەورەی کە ڕۆی
کۆشك و ڕژێمێك دا ئەمەزرێنێ
هەتا هەتایە ناوی بمێنێ
دوور لەتاریکی و سزاو ئازاردان
ڕوناك و تیشکی ڕۆژی هەولدان
بۆنخۆش بەبۆنی گوڵی یەکسانی
فێنك بە شنەی بای کامەرانی
******

دیداری شێخ حەسەنی گڵە زەردە لە ڕۆژمێژووی ٢٠١٧/٥/١٣ لە شاری سلێمانی کرا، ئەو ڕۆژە بوو کاك نەوشێروان گەڕایەوە بە نەخۆشی، هەست پێ دەکرا بۆ مەرگ گەڕاوەتەوە، بۆ ئەو دیدارە زۆربەی زانایانی ئاینی و شێخەکانی کوردستانیان بانگ کردبوو، لەوێ بەشدار بووم، نۆرەی قسەکردنم هات وگوتم:

ئێوه هەموو شێخ وسەیدن، خۆم سەلماندوومه به ٤٣ پشتان دەگەمه ئیمامی عەلی، بۆ بەڵگەش تۆمار ودرەختی سەیدایەتیم هەیه گووتم:

کاك نەوشێروان مستەفا ڕۆژنامەنووس وسیاسەتمەدار ومێژوونووسێکی گەورەی کوردە، ئاماژەم به ناوەرۆکی کتێبی (لە کەناری دانووبەوه بۆ خڕێ ناوزەنگ) له ل٢٢٣ به دەق نوسیویەتی(ساداتی بەرزنجەو شێخەکانی تەکیەی قەرەداغ چەندین (بحر الانساب) و(شەجەرە)یان نوسیوه و، کاربەدەستانی سەردەم مۆری ڕاست بونیان پێ داناوه، بەڵام ئەم (بحر) و (شەجەرانه):

١- هەمویان لەم دوسێ چەرخەی دوایی دا له بەر یەکتری نوسراون، هیچ بەڵگەیەکی کۆن بەدەستەوه نیه پشتوانیان لێ بکا.

٢-تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بۆ ساغ کردنەوەی ڕادەی ڕاستی و دروستیان نەکراوه، وکەسیش نەیوێراوه خۆی له قەرەی باسێکی وەها بدا، به تایبەتی شێخەکان هەمیشه له لایەکەوه پشت ئەستور بون به کاربەدەستانی سەردەم، وله لایەکی ترەوه خۆشیان له ناوچەکەدا دەسەڵاتدار و دەست ڕۆیشتو بون.

ئەدمۆنز بەشێکی کتێبەکەی: (کورد وتورك وعەرەب) بۆ لێکۆڵنەوەی ریچەڵەکەی شێخان وسادات تەرخان کردوه، به پەێ ی توێژینەوەی ئەدمۆنز له (شەجەرە)ی ساداتی بەرزنجه دا، له نێوان شێخ عیسای دامەزرێنەری ئەم بنەماڵەیه وئیمام موسای کاظم دا له بۆشاییەکی زەمانی هەیە، به حەوت پشت پڕ ئەبێتەوه.

مادام بۆشاییەکی زەمانی هەیه گوایه گومان هەیه سەید نەبن ئاماژە بەوە دەدا سەیدەکان بەڵگە وبنەمایەکی ڕاستەقینەیان نەبێ، که بیسەلمێنن سەیدن، دەبێ ڕایەکەی به هەند وەربگیرێ ، گووتم دەبێ (ساغی بکەنەوه) لێکۆڵینەوه سەر بکرێ ئێوەش بیسەلمێنن که سەیدن گەر نایسەلمێنن، نموونەم بەوه

هێنـاوه  لـه ناوچـەی بیتـوێن وحـاجی ئۆمـەران بـۆڵی وبـابۆڵی هەیـه، گوایـه بابۆلیـەکان گووتیانـه (بـۆڵی)یـن گوتویانـه قەیناکـه (بـا بـۆڵی) بـن ئێـوەش گـەر نایسەلمێنن(با سەید)(با شێخ بن)

مەسـەلێك رووی دا، دور لـه رووی هـەموو مرۆڤێـك جارێـك یـەکێك گـووتی بروانـاکەم هـەموو خەڵکـه سـەید وشـێخ بێـت، سـەیدەك لـەویٚ بـوو تـووڕه بـوو ، گـوتی بـۆ بڕوانـاکەی سـەید زۆر بـن، سـەگ کـه دەترکـیٚ ٥-٦ی گوچیله دەبـی، مەڕیش به دەگمەن دووی دەبیٚ هەر مەڕەکه زۆرتره له سەگ

ساڵی ١٩٨٠ له خولی کـادیران لـه (خڕیٚ نێـرزەنگ) کـاك نەوشیروان وانـەی دەوتـەوه لـه وانانـەی لـەویٚ بـووم زۆر بـه جـوانی وڕەوانـی تێدەگەیانـدین بـه ناوونیـشانی: (ئاسـۆی گەشـەپێدانی ئـابووری کوردسـتان) و(شـۆرشـی شـێخ عوبێدوڵای نەهری) جگه لـه شـاخ لـه شـاریش لـه سـلێمانی لـه پـەیمانگا وزانکـۆ وانەی ورۆژنامەوانی وڕاگەیاندنی پیٚ دەتگوتینەوه.

جارێك له (قاسمه ڕەش) خـۆی گێڕایـەوه گـوتی: لێکۆڵینـەویکی ئـەدەبیم بـه ناوونیشانی

(هـەژاری موکریـانی شـایەری دەربـاری بـارزانی) لـه گـۆڤاری ڕزگـاری سـاڵی ١٩٦٩ بڵاوکردەوه. هەژار وای زانیبوو مامۆستا برایم ئەحمەدە بۆیه بـه  نوسین وشیعر هێرشی زۆری کردبوه سـەری، دەردەکـەویٚ (نەوشیروان مـستەفا ئـەمین) هـەم شـیعری هـەبوه، هـەم شـارەزای وردی لـه لێکۆڵینـەوەی ئـەدەبی کـوردی هەبووه.

# کاکە حەمەی حاجی مەحمود

کاکە حەمەی حاجی مەحمودم لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٩ ناسی لە شاخ، لە بارەگای لقی سێ ی (ی.ن.ك) لە زەڵێ بناری شاخی مامەندە، فەروەیەکی لەبەر بوو ریشدار بوو، باسکی بریندار بوو گۆچانی پێ بوو، بە ئازایەتی وقارەمانیەتی ناوی دەرکردبوو پێ یان دەگوت (دەبابەکەی مام جەلال) پیاوێکی روو خۆش ولەسەرخۆ بە توانا ولێهاتوو، بەرێز و دەم بە خەندە، ئەو دەم فەرماندەی هەرێمی (یەکی) (ی.ن.ك) بوو، وازی لە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان هێنابوو، بۆیە دژایەتی دەکرا، سەرەنجام دەرپەڕێندرا، مام جەلال لەوێ نەبوو، بۆیە بووە سۆشیالیست، یەکەم چالاکی دژی حزبی سۆشیالیست کاکە حەمەی حاجی مەحمود کردی لە شارەزوور تەفروتونای کردن، سەیرە دوایە بوو بە سکرتێری حزبی سۆشیالیست !

ئەوسا کە یەکێتی لە ناو هاورێیانی کۆمەڵە دەیگووت من (جەلالیم) هاورێیانی کۆمەڵە دەیانگووت چۆن دەبی شەخس پەرست بی، ئەویش دەیگووت بۆ مارکس ولینین بەشەر نین ئێوە دەڵێن مارکس ولینینین، ئی مام جەلالیش سەرکردەیەکی بە توانایە مرۆڤە بۆیە من دەڵێم جەلالیم



حەمەی حاجی مەحمود

کاکە حەمەی حاجی مەحمود پیاوێکی دەگمەن و نموونەیی و گەنجینەیکی مێژوویيە، کەم کەس هەیە بەقەد ئەو نرخی ئەرشیف بزانێ، دارا دوور دار نەدیوە، خۆی فێرە خوێندن ونووسین کردووە، قارەمانیکی بێ هاوتایە لە گۆرەپانی جەنگ، کۆمەلایەتی وخانەدان وشارەزای دابونەریتی کوردەواریە، هاوکارم بووە لە شنەی شاخ، خەزنەیکی مێژوویی یە. دووەم سەرکردەیە کوڕی لە سەنگەری شەڕەف و بەرگری شەهید کرابێ، شەهید عەتای کوڕی ئەندامی سەرکردایەتی حزبی سۆشیالیست بوو، لە شەڕی داعش لە کەرکوك شەهید کرا.



عەزیز محەمەد

لەگەڵ هاوڕێ عەزیز محەمەد قەت لەیەك حزب کارمان نەکردووە، بەڵام لە کۆتایی تەمەنی یەکترمان ناسی، بە تایبەت لە مراسیمی ڕێزلێنانی تەمەنی ٩٠ ساڵەی شاعیری گەورەی کورد (ئەحمەد دڵزار) لە بارەگای یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر، وتارێکم خوێندەوە بە ناوی

(گوڵی تەمەنی دڵزار خەبات وجوانی وپاکییە) جەنابی هاوڕێ عەزیز محەمەد لەوێ بوو، دیارە سەرنجی زۆری راکێشابوو، پاش ئەو وتارە هەر جارێکم بینی بێ دەستخۆشی لێکردووم وگوتویەتی تۆ لە ئێمە زیاتر ڕێزی هاوڕێ دڵزارت گرتووە، وشەکانت لە گوێم دەزرنگێتەوە، قسەی خۆشی زۆر بۆ دەکردین: هاوڕێ کەریم ئەحمەدیش لەوێ بوو، مامۆستا کەریم ئەحمەد لە سەرەتای چلەکان لە کۆیە مامۆستا بووە، کاریگەری زۆر بووە لە بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی شوعیەت، شوعیەکان لە کۆیە قوتابخانەی بیر وباوەڕ و ڕەوشت پاکی وبێشکەوتخوازی بووین، پەرەیان بە فراوانکردنی نوێ خوازی داوە، گرنکیان بە ئافرەت داوە، توانیویانە لە ریزی حزبی شوعی ڕێکیان بخەن !

مامۆستا کەریم ئەحمەد یەکەم سەرکردەیە کوڕی شەهید کرابێ بەناوی (بۆتان) لە شاخ وشەڕەف ! مامۆستا کەریم ئەحمەد خێزانەکەی خوشکی مێژوونوس وشاعیر ونوسەر مستەفا خۆشناو بوو، لە راپەڕینەوە هەر لە کۆیە دەژێت، لە خانوەیەکی ئاسایی لە گەرەکی گەشتیاری لە شاری کۆیە، خێزانەکەی کۆچی دوایی کرد من وقایمقام

(سەرکەوت ڕەسول) چوینە مزگەوت جەنازەکەی لەوێ بوو نەنێژرا بوو، لێم پرسی مامۆستا چەند ساڵە لەگەڵ خێزانەکەت ژن ومێردن فەرمووی (٧٠) ساڵە ژن ومێردین  وبێکەوە بووین، کاروانی کوڕیشی لەوێ بوو قسە هاتە سەر قسە، گوتی کەس پێش من ناوی کاروان نەبووە، یەکەم کەسم ناوم کاروان بێت.



ڕەهبەر سەید برایم / مامۆستا کەریم ئەحمەد

بەرنامەی ڕاپەڕین داڕێژرابوو، پڕۆژەی ڕاپەڕین پێشانی مەسعود بارزانی سەرۆکی (پ.د.ك) درا بوو، تەنیا تێبینی ئەوە بوو بارەگای سەرەکی لە (ڕانیە) بێ، بۆیە سەردانی بنکە وبارەگای سەرکردایەتی (ی.ن.ك) کرد  لە قاسمە ڕەش سەر سنوور، من یەك لەو چەند کەسە بووم دەست نیشان کرام بۆ بەرەوپیر وپێشوازی لێ کردن، سەرئەنجام لە قاسمە ڕەش کۆبونەوەی سەرکردایەتی هەردوولا لە نێوان (ی.ن.ك) و (پ.د.ك) کرا، ناونرا کۆبونەوەی (ئەگەرەکان) چەندان ئەگەر دانرابوو، لەوێ لە نزیکەوە سەرۆکی (پ.د.ك) مسعود بارزانیم دیت، دواتریش لە گەرمەی ڕاپەڕین لە (ڕانیە) چەندان کۆبونەوە ودیدەنی بەشدار بووم،

پاش ڕاپەڕین نوێنەری (ی.ن.ك) بووم لە حاجی ئۆمەران لەگەڵ د. ناسح غەفور ڕەمەزان جەنابی مەسعود بارزانی نامەی پشتگیری وپشتیوانی بۆ نوسین. لە وێش چەندان جار لە پیرمام وشەقڵاوە بە دیداری شاد بویم، دواتر بوومە قایمقامی شەقڵاوە، لوتفی زۆری نواند، چونکە لە ناو قایمقامەکانی یەکێتی بەس منی دەناسی، گەورەیی خۆی بەرامبەرم نواند ولەتەك خۆی دانام گوتی مەسیف سەر بە شەقڵاوەیە، دوایی بوومە سەرۆکی ئەرکانی قیادەی

مەنتیقــەی هــەولێر لــە ســوپای یــەکگرتووی کوردســتان ســەردانی کــردین ومێوانــداریمان کــرد، پوختــە چــەندان جــارم دیــوە، ســەردانمان کــردووە بــۆ کاروبـاری پێـشمەرگە وخزمـەت کـوزاری کۆیـە، دەزانـیٚ مـن رەهبـەرم و خـەڵکی کۆیەم ! لە ئاخاوتن ودانشتین زۆر بەرێزە بەنەزاکەتەوە قسە دەکات، دانیشتن وکۆبونــەوەی خۆشــە و یادگــاری شــۆرش و خــەبات وپێــشمەرگایەتی یــەکجار زۆرە، سەرنجت رادەکێشیت بە هێمنی دەدوێت حەز لە نوکتە وقسەی خۆش و وشیعر دەکات.



قاسمە ڕەش ١٩٩٠ جەبار فەرمان / مەسعود بارزانی / رەهبەر سەید برایم



سەعدی ئەحمەد پیرە /جەبار فەرمان / مەسعود بارزانی / قادر قادر /رەهبەر سەید برایم / عومەر عوسمان ١٩٩٢




عەبدول عەزیز/جەلال حاجی /عەمید دڵشاد / رەهبەر سەید برایم /م.بەکر مستەفا /جەمال مورتکەیی /مستەفا نانێروەیی / مام غەفور /عەمید عەبدول خالق/ عەبدوڵا بۆر /نایف فارس باوە



مەسعود بەرزانی م. بەکر، ڕەهبەر سەید برایم، م. حەمید، نەناسراو، ١٩٩٢  شەقلاوە


هه‌ڤالانه
ره‌هبه‌ر و د. ناصح
له‌ لایه‌ن سه‌رکردایه‌تی ی.ن.ک
و پارتی تخویل کراون چاره‌سه‌ری
وه‌زعی نا‌له‌باری مح‌وه‌ری راوندوز - حاجی ئۆمه‌ران
بکه‌ن و هه‌رچی سه‌یطه‌ره‌ی نا قانونی هه‌یه‌
هه‌لبگیرێت و یه‌کگرتنی بپارێزرێت وه‌ ... به‌رامبه‌ر
به‌ هه‌ر که‌سێ سه‌رپێچی بکات.
تکایه‌ هه‌مو برادرانه‌ هاوکاری
ئه‌وانه‌ له‌گه‌ل بکه‌ن.
سوپاس.
مسعود بارزانی
۲٤/٦/۱۹۹٤

دەقەی نامەی مەسعود بارزانی بۆ رەهبەری سەید برایم ود.ناصح

لە ١٩٨٩/٧/١٣ سەرکردەی نەمر قاسملو شەهید کرا، بنکە و بارەگای سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لەسەر سنوور وخاکی ئێران بوو، بەڵام بە شەهیدکرانی (م.س) ی (ی.ن.ك) بروسکەیکی بەهێزی بڵاو کردەوە، مایەی سەرسورمان بوو، ئەو دەم مام جەلال لە کوردوستان نەبوو کە گەرایەوە بۆ کوردستان، پاش چەند ڕۆژێك هاتە زەڵێ، پاسەوانەکانی تایبەتیەکانی خۆی بەجێ هێلا و من وشۆرش حاجی وکاکە مینی قەڵادزێ ی لەگەڵ خۆی برد، ئێمە نەمان دەزانی بۆ چ مەبەستێکە چوینە گوندێکی نزیك (گۆرەشێر)، لەوێ مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە و چەند کەسێکی حیزبی دیموکراتی ئیران چاوەڕێ یان دەکرد، تومەز مەبەستەکەی پرسە وسەرەخۆشی بوو بۆ شەهید قاسملو، ئێتر مام جەلال هێند گریا بۆ قاسملوی نەمر، مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە هێند بە سۆز وجوانی و ڕێکوپێکی باسی چۆنیەتی تیرۆرکردنی قاسملوی کرد، یەکەم جارم بوو، مام جەلال ببینیم وا بە قوڵپ وکوڵ بگری، کاتێ مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە گوتی: مام جەلال تازە قاسملو ڕۆیی وشەهید کرا، وەك پێشەوا قازی محەمەد ، بەڵام (خوا تۆمان لێ نەستێنێ)، مام جەلال هێندەی دی قوڵپ قوڵپ وەك مەنجەڵە یاپراغی سەر ئاگر بە کوڵ گریا و چاوەکانی سوور سوور ببووە، وەك پشکۆی گەشاوەی ناو ئاگر، ئاگری دڵی لە هەردوو چاوی ئاگری تێ بەر دەدای لە شاخ لەگەڵ شەهیدی نەمر قاسملو میوانی بوویم پێکەوە خواردومانەتەوە لەگەڵ مولازم عومەر و مەحمەد توفیق، سەیرانی بۆ کردووین، شەرابی بە پەنیری فەرەنسی دەخواردەوە ! تەنانەت گۆرەویەکی پێدام تا کۆتایی ئەنفالەکان ماوە. شەهید قاسملو گفت ولفتی زۆر خۆش بوو، شارەزای کۆیە بوو، ساڵ ڕۆیی بە گەشتێك چوومە فەرەنسا و ڤییەنا. بە یادی شەهیدانی پوشپەڕ لە ٢٠١٧/٦/٢٧ لە (پاریس) چەپکە گوڵ وئاڵای کوردستانم دانا لەسەر ئارامگەی شەهیدی سەرکردە ونەمر قاسملو لە ٢٠١٧/٦/٣٠

دیدەنی شوێنی شەهیدکرانی قاسملوم کرد لە ناوچەی (٣) خانوو ژمارە (٥) لە (ڤییەنا)، تابلۆێکی مەڕمەڕی ڕەش ڕووداوەکەی تێدا نوسراوە ، یادیان بەخێر (قاسملو، عەبدوڵا قادری، فازیلی مەلا مەحمود) کە هەموو بە پێکەوە خەڵتانی خوێن بوون



٢٠١٧/٦/٢٧ پاریس (ئارامگەی شەهیدی سەرکردە قاسملو)




٢٠١٧/٦/٣٠ ڤییەنا ناوچەی (٣) (شوێنی شەهید کردنی سەرکردە نەمر قاسملو)

# د. فوئاد مەعسوم

له ١٩٣٨/٣/٢١ له کۆیه له دایك بووه، نۆبەرەی مەلا مەعسومه باوکی له زانا بەرزەکانی کوردستان وخاوەن هەڵوێستی نیشتیمانی وکوردایەتی بووه له کەسایەتیەکانی کورد بوو، مەلا مەعسوم (١٩٠٠-١٩٦٤/١٢/١٨) له کۆیه نێژراوه مەلا خدری باپیری د. فوئاد، باپیری له ساڵی ١٩١٢ له کۆیه وەفاتی کردووه، له کۆیه نێژراوه، گۆرستانیان له تەك مەرقەدی هەیبەسوڵتانه !

ئێمه ومانان لەگەڵ (د.خدر) برا کچکەی د. فوئاد زیاتر ئاشنا ونزیك بووین، ئەو زیاتر ئاگای له هەڤاڵەکانی بوو!

د. فوئاد مەعسوم له دەستەی دامەزرێنەری (ی.ن.ك) بوو، فوئادی مەلا موسلیم یەکەم شەهیدی کۆیەیه له شۆرشی نویٚ گەلەکەمان لەگەڵ ئیبراهیم عەزوٚ له بادینان شەهید کران، لەگەڵ فوئاد هاوتەمەن وهاوپۆل بوون له کۆیه به منداڵی بووه پێشمەرگە، جا فوئادی مەلا موسلیم له سوریا کاغەزێکی بوٚ باوکی نوسیبوو گووتبویی لەگەڵ یەکێکم ناوی وەك ناوی خۆمه مەبەستی (د. فوئاد) بوو باوکیشی پیشەی وەك تۆیه واته مەلایه:

مەلا خدری هەورامی باپیری د.فوئاد ئیجازەی مەلایەتی له مەلا عەبدوڵای جەلیزاده وەرگرتووه، مەلا مەعسومی باوکی ئیجازەی مەلایەتی له مەلای گەورەی له کۆیه وەریگرتووه، هەردوو بنەماڵه جەلیزاده ومەلا خدر له زەمانی مەسعوود محمد ود. فوئاد ناوی مەلا کۆتایی پیٚ هێنا.

د. فوئاد کەسایەتیەکی گەورە و بێ دەنگ وبەنەزاکەتە لە شۆرش وشاخ وەختی خەبات نیشانەی گلەیی بووە، بەڵام قەت باکی نەبووە، لە دوای مام جەلال بووە سەرۆك کۆماری عیراق ! لە شارێکی وا قشتیلە دوو سەرۆك کۆماری هەبێ بۆیە دەگوترا ئەوەی ببێ بە سەرۆك کۆمار دەبێت (کێك) بێ واتە کورد ویەکێتی وکۆیی یە !

د. فوئاد لە زانکۆی ئەزهەر ماستەر و دکتۆرا دەهێنی، لە فەلسەفە لە رووی سیاسیەوە سەرەتای لەگەڵ حیزبی شوعی عیراق بووە، ساڵی ١٩٦٤ دەبێتە پارتی دیموکراتی کوردستان، نوێنەری مەلا مستەفا بارزانی بووە، لەگەڵ بابی مەلایی بووە، دواتر

(ی. ن. ك) دادەمەزرێنین ! چەند وردەکارە لە رستە و فاریزە وشارەزای لە گفتو وگۆ وسیمینار و گەمەی سیاسی سوودی تاکی وتایبەتی بۆ کەس نییە بەڵام پێویستە بۆ کورد وحزب، عەرەبی لە کوردی چاکتر دەزانی!

یەکەم سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە لە ١٩٩٢/٧/٤ دوای پرۆسەی ئازادی یەکەم سەرۆکی پەرلەمانی عیراق بووە !

سیاسەتمەدار و نوسەر وراگەیاندن کارە، ئەزمونی زۆری هەیە لە سیاسەت وخەبات و کاروباری رۆشەنبیری.



٢٠١٧ بەغدا شێخ چاپووك / د.فوئاد مەعسوم /رەهبەر سەید برایم



رەهبەر سەید برایم / د.خدر مەعسوم

مامۆستا عەبدولکەریم شێخانی بن ئامۆزای دایکمە و برایەکیشی بە ناوی (عەبدول ڕەزاق) مێردی خوشکی دایکمە (پـوورە گەلاوێژ) جاران ماڵی بابیان نزیك ماڵی باپیرە سمایلە سووری نەجار بوو، ڕێك لە فولکەی حاجی قادری کۆیی بوو لە کۆیە، ماڵی عەزۆلە و حەمەدەمین کەبابچی و ماڵی ئایشەی خەمان (ماڵی مامۆستا عەلی حەوێز) هەموو لە یەك گەڕەك و نزیك یەك بوون دایکی مامۆستا عەبدول کەریم شێخانی بەرگ دروو بووە، ناوی ئایشە عەلی بوو، زۆر زیرەك و ژنانە بووە، مام مەحمودی باوکی مامۆستا عەبدول کەریم شێخانی پیاوێکی جوان بوو ئێکجار زۆر پێ دەکەنی !

مام مەحمودم دی بوو بەس دایکی مامۆستا عەبدول کەریم شێخانیم نەدی بوو ! بە منداڵی مامۆستا عەلی حەوێز دەستی دەسووتێ ! دایکی مامۆستا عەبدول کەریم شێخانی بە ئایشەی خەمان کە دەکاتە دایکی مامۆستا عەلی حەوێز دەڵێ تازە کوڕەکەتان بە کەلکی کاسبی نایە ! دەبێ بخوێنێ !! سەرئەنجام مامۆستا عەلی حەوێز بووە مامۆستای سەرەتایی! مامۆستا عەبدول کەریم شێخانی ومامۆستا عەلی حەوێز لە گەڵ یەك بەزم و یادگاریان زۆرە !!



مامۆستا عەلی حەوێز

مامۆستا عەلی حەوێز سیاسەتمەدار و تێکۆشەر و شۆڕشگێڕێکی ناسراوی کوردایەتیە بە خاڵی خۆمی دەزانم چونکە لەگەڵ دایکم شیریان بەیەکەوە خواردووە، مامۆستا عەلی حەوێز لە ناو ریزەکانی (ی.ن.ك) گەیشتە پلەی ئەندامی (م.س)، دەنگی لەبار و کاریگەرە بۆ شیعر و وتار و وتەی حەماسەت، کوڕی پیاوێکی ڕەنجدەر و قوڕکێش بووە، خۆی خۆی پێگەیاندووە، دەڵێن باوکی بەیت و شیعر و شانامە و بابەتی فۆلکلۆری زۆر لە بەر بووە، خوابکا نەفەوتابێ !! مامۆستا عەبدول کەریم شێخانی نووسەرێکی دیار و گۆشە نووس و وەرگێڕێکی بە سەلیقەیە خزم دۆست و کۆمەلآیەتیە، مام جەلال بە (کەریم سەر سپی) ناوی دەهێنا بە یەکەوە لە یەك گەرەك و قوتابخانە بوون، چەندان کتێبی هەیە، دۆستی نەوشیروان مستەفا بووە، ساڵی ١٩٨٢ کتێبی (برا کوژی) نیکۆسی کازانتزاکی وەرگێرایە سەر زمانی کوردی، لێ ی نووسیبوو (پێشکەش بە (ن.م) ی خۆشەویستم) مەبەستی نەوشیروان مستەفا بوو، لەو رۆژگارە مەترسیدارە سۆز و ڕێز و خۆشەویستی خۆی بۆی دەربڕیوە ! جگە لە زمانی فارسی و عەرەبی یەك لە کوردی زانەکانی کوردە، زۆر بە پەرۆشەوە بۆ زمانی کوردی، لە نوسینێکی دەربارەی ڕێزمانی کوردی بە ناونیشانی (کێشەی زمانی کوردی لە نێوان کەر و گادا) ، بلآوکردەوە، مەبەست لە (کەر و گا) پاشگرە کە دەکەینە (کار) و (گە) !!



مامۆستا عەبدول کەریم شێخانی

لەگەڵ ڕەشید ڕەئوف شەوگێڕی، پێکەوە خوێندکار بووین، شیعری دادەنا، بە داخەوە خۆی و زۆربەی شیعرەکانی لە ساڵی(١٩٨٨) ئەنفال کران! دەستنووسە شیعرەکانی و دوو کوڕی لە پاش بەجێماوە! نموونەی شیعری هەروەك:

گشت گیان لە بەرێك هەڵ ئەکێشن ئاخ
لە ڕووی ئازادی جەرگیان بووە داخ
بۆ ئازادی بۆ گیاندار و مرۆ
لە ژینی شادی ئەبن ڕەنجەڕۆ



شەهید ئازاد (بێ بەش)

لە گەڕەك و قوتابخانەو پێشمەرگایەتی لەگەڵ (ئازاد ڕەحمان حەمەد) نازناو (بێ بەش) دۆست و برادەر بووین، وامان دەزانی کوڕی (حەمەسپی)یە، حەمەسپی باپیری بوو، نازناوەکەی بە پێچەوانە بوو، دەم و چاوی سپی نەبوو، پێیان دەگووت (حەمە سپی)، ڕەش ڕەش وەك باینجان بوو، تومەز باپیری

بەخێوی دەکرد، بە (ئازادی حەمەسپی) ناسرا بوو، شیعری دادەنا! (ئازاد بێ بەش) لە پێشمەرگایەتی لە(١٩٨٥/٦/١٠) لە گوندی (قورتەلاس) شەهید کرا، خۆی تاقانە بوو، کوڕێکی تاقانەی هەبوو، وەك خۆی تاقانە، شەهید (ئازاد بێ بەش)فەرماندەو ئازاو بە وەفا بوو، شیعرو نووسینی جوانی هەبوو، دێڕە شعرێکی بۆ هەڤاڵێکی شەهید داڕشتبوو، بەو شێوەیە ڕەنگدانەوەی خۆیەتی:

**دێم بۆ سەر گۆڕت لە ساڵێ جارێ**
**گەر وەکو تەرزە گوللە بباریٚ!**




( شەهید رەشید رەئوف شەوگێری)

لە شاخ و پێشمەرگایەتی دۆستایەتیم لەگەڵ (فەرید زامدار) بە هێز بوو بە (نووسەرو عەسکەر) ناوی دەهێنام! دوایی بە (ئەفسەرو نووسەر) (لە شار و شاخ دەناسی، لە شاخ شەهید جەمیل رەنجەر و سەعدوللا پەرۆش و خالید جوتیار و شێرکۆ بێکەس و ئەحمەد عارف و محمد موکری و مەلا شاخی و جەوهەر کرمانج وئەمیر دڵبەندم ناسیووە !

پێش پێشمەرگایەتی هەڤاڵ کوێستانیم بە عومەری حاجی خدری میرزا رۆستەمی ناسیوە، ئالوگۆڕی نامە وشیعر و وێنەمان هەبووە، ماڵیان لە چوارقورنە بوو من لە کۆیە بووم

لە پێشمەرگایەتی و زەمانی شاخ شاعیری گەورەی گەلەکەمان (شێرکۆ بێکەس) م ناسی، بە ناوی (جوامێر) شیعری بلأوکردەوە، گلەیم لە هەندێ شیعری هەبوو لە راستی ئەو پەیوەندیە پتەوەمان نەبوو، لەگەڵ ئەوەش خۆم بە قەرزاری دەزانم، چونکە لە کتێبی رۆژنامەوانی (شێرزاد هەینی) بەناوی (٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا) باسی من و شنەی شاخ دەکاتن نوسیوویەتی (رەهبەر سەید برایم گەنجینەیە باشترینیانە) شاعیرێکی وا مەزن ناوت وا بهێنێ جێ ی خۆشی و شانازیە ! لە کاتی کۆچی دوایی کردنیدا لە هێنانەوەی تەرمی پیرۆزی لە شاری کۆیە لە پێشوازی دابوم هەتا سلێمانی و پارکی ئازادی بە داخەوە، جگەرە کوشتی !

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ لە (واشینتۆن) لە (ئەمریکا) لەگەڵ ئاسۆ قادر خەلیفە (ئالان کۆیی) و هەردی قەرەداخی بە چەپکە گوڵێکی گەش سەردانی (شەفیقە سەعید) (شەفیقە خان) دایکی شاعیری گەورەی گەلەکەمان (شێرکۆ بێکەس) و هاوسەری شاعیری ناودار (فایەق بێکەس) مان کرد، گووتی تەمەنم ٩٩ ساڵە حەز دەکەم زیاتر بژیم بەڵام ئەوەی فەوتاندمی (فایەق بێکەس) ی مێردم بە (ئارەق) فەوتا، (شێرکۆی) ی کوڕیشم (جگەرە) کوشتی !

قسەی خۆش و شیرینی بۆ کردین و شیعری (فایەق بێکەس) ی بۆ خوێندینەوە، نمونەی ژنێکی خان مان و خانەدان و کوردانە بوو بە داخەوە لە ٢٠١٧/١١/١٣ لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد.



رەهبەر سەید برایم + شێرکۆ بێکەس



ئەمریکا/واشنتۆن رەهبەر سەید برایم + شەفیقە خان

ئێوارەی ٢٠١٦/١/٤ لە هۆڵی مەلای گەورە لە کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، رێز لە سیاسەتمەدار و ئەدیب ماموٚستا عەبدوڵا حەسەن زادە گیرا، بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆر لە حیزبی وحکومی، وتارێگکی پەخشان ئامێزم بە ناوی (میرزای حزب: حەسەن زادە) لەسەر مەزنایەتی ماموٚستا خوێندەوە، جەنابیشی لوتفی فەرموو بە وتە شیرینانە: ماموٚستا فەرمویی (ئەو ساڵە پەیکەری ماموٚستا عومەر دەبابە کرایەوە ، کاك رەهبەر وتاری خوێندەوە، منیش بەوەی تەنیشتم گوت پیاو کە مرد هەر کاك رەهبەر لەسەری بدویٚ بەڵام سوپاس بۆ خوا نەمردم بینیم کاك رەهبەر لەسەرم دوا) هەر لەو مەراسیمە نەخشەی ئاڵتونی ئاڵای کوردستان وچەپکە گوڵی پێشکەش کرا.

.



عەبدوڵا حەسەن زادە – ڕەهبەر سەید برایم

لەگەڵ (شێخ سەلاح شێخ شەڕەف تاڵەبانی) زۆر لێك نزیك بووین، بە ڕاستی بە توانا بوو، شیعری دادەنا بە نازناوی (مەولانە)، نموونەی شیعری:

**ئەم کۆیە قەلاّی زانستە دەیان زانکۆی حەلاّلە**

**گشت زانکۆی ئەم ولاّتە زادەی هزری مام جەلالە**

لەگەڵ زۆربەی نووسەرو هونەرمەندانی کۆیە پەیوەندیم برایانەو پڕ خۆشەویستی بوو، بە تایبەتی نووسەرە ناسراوەکانی کۆیەو یەکێتی نووسەران و بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ.

هەروەك: د. کەمال غەمبار و م. عەبدول ڕەزاق بیمار و م. عەبدول ڕەحمان فەرهادی وفەرهاد عەونی وبەهرۆز گەڵالی و ئارام سالح و کۆچەر مەنتك و ئاریان عەبدولا و مەسعود پەرێشان و مەلا مودریك ژاڵی و وریا جەلی زادە و قارەمان لەشکری و م. مەولود ژاکاو و م. جەواد حەمەد بەگ و م. موحسین ئاوارە وکاکە مەم بۆتانی و هیوا حەلاق و سەید جەبار ئەحمەد و کارۆخ

هێرۆیی وهەڵمەت سەمەد گەرمکی و مامۆستا کازم دەباغ و بەهزادی سەید عەوڵا وکازم کۆیی وهێژا جەلیزادە وریبین تحسین وفاتح بێلان وجومعە شێخ بزێنی و پەیام تەقتەقی وبورهان چارداغی وعومەرعەبدول کەریم کەسان وشێخ بورهان بەرزنجی ونەزەند بەگی خانی وتامان شاکر ولێوژە جەلال وماردین ئەبو بەکر ودڵی رۆژهەڵات ونازم دڵبەند وم. عیسا حسین سیان وعومەری کەریم ئاغا وعەتای شەهید بارام وسارێژ ئەڤینی ونەوزاد غەفوور وهاوکار رەندی خانی و ئاواز حەسەن ئەمین وئازاد مامیل وشوان ئەحمەد وقادر شکاك و ریاز عەزیز (بێدار هەرمۆتەیی) وقارەمان حاجی قادر وسەرمەد سەلاح وبەندی شەو وبەیان عەسکەری ومامۆستا چەتۆ حەوێزی وسەید گوڵی سارتکە وسمکۆ طـە محمد ناسراو بە سمکۆ ئوتووچی....هتد

سمکۆی ئووتوچی، هەر چەند شاعیر نیە، بەڵام لە رووی گەورەی خۆیەوە ئەو شیعرەی بۆ داناوم بە ناوی (رەهبەر ومێژوو) !

رەهبـــەر منـــداڵ بـــوو بـــە پێـــشمەرگە
تێکۆشـــــــەر وســـــــەربەرز ونەبــــــەزە
بــــــەرێزە فیـــــدای گـــــەلی کـــــوردە
بــــاوك ودایکـــــی لــــــە بەندیخانـــــە
بـــۆ خـــۆی برینـــداری ئـــەو کێوانـــە

مامۆستا چەتۆ حەوێزی: بە هۆی پێشمەرگایەتی وکۆیایەتییەوە زیاتر لێك نزیك بووین، هەمیشە جێگای رێزم بووە، پیاوێکی هۆشیارە، خۆش مەشرەب وبە پەلارە، سیاسیە نەك وەك شاعیرێ خۆی بناسێنێ، هەر چەند لە مێژە شیعری جوان وناسکی هەیە، نازناوی (بێچارە) هەڵبژاردووە



مامۆستا چەتۆ حەویزی

نموونەی شیعری:

سـوالکەر نــەبووین لــە شـار لــە دێ
لــە بــۆ پـارە یـا بـۆ دوو نـان بـچینە رێ
نــە بـوو نــەبووین بـچینە بــەر مـاڵی هــەبوو
شــت داواکــەین یـا بـە هــەبوو یـا بـە نـەبوو
بــا هــەر بڵــێن هــاوار دەکــەم ئۆتۆنــۆمی
هــەوڵم بــۆدای پێــت گەیــشتم مــاف خــۆمی
*******
لەســەرتا نەخــشەی کێــشا بــیری دانــا
جێ بە جێ ی کرد میللەت هەموو بە گشت توانا
لــە چــیاکان لــە ســەنگەرا بــێ مەترســی
شــەڕمان بـۆ کـرد بـە تێنـوەتی بـە زگـی برسـی
بــا هــەر بڵــێن هــاوار دەکــەم ئۆتۆنــۆمی
هــەوڵم بــۆدای پێــت گەیــشتم مــاف خــۆمی
ساڵی ۱۹۷۳ نوسراوە

له شوێنێکی دیکه دەڵێ:

کورسی ومێز وکۆمپیوتەری
ئەلبومێك وچەند دەفتەری
سەر هەڵنەبڕیت ونەڕوانیته ئەوەی دیاره
وێنەی زیندان وسێداره
وێنەی قەندیل وئاواره
ئەوەی تریان سومەیەیه
تێی ئاڵاوه گورگه هاره
ئەی کچۆله بێ نازەکه
هۆ باڵداره بێلانەکه
چەند حەز دەکەم له تەکتا بم
سۆز وتاسەم بچرپێنم
چ کار کونەم
تۆ عاشقی تەنهاییت و
من تەنیایی ناحوبێنم



حاجی سەید گوڵی سارتکە

# حاجی سەید گوڵی سارتکە:

حاجی سەید گوڵی سەید مەعروفی سارتکە ناسراو بە (سەید گوڵی سارتکە) باوك ودایکی یادیان بەخێر، تەمەنیان درێژ بوو ١٠٠ ساڵیان تەواو کرد، سەید گوڵ لە سارتکە ١٩٣٧ لە دایك بووە، خوێندەواری هەیە، دەزانێ بنوسێ وبخوێنێتەوە، لە رادە بەدەر جەلالیە، لە زەمانی شۆرشی ئەیلول سەرلق بووە، لە شۆرشی نوێ گەلەکەمان نە ترس وبوێر پەیوەندی بە رێکخستنەکانی یەکیتی شۆرشگێرانی کوردستانی سەر بە (ی.ن.ك) هەبوو تا درەنگ لە ئەنفالەکان خۆی ومالی ومنداڵ لە شاخەکانی سارتکە مایەوە، دوایی چووە حاجیاوە، لەوێش دالدەی پارتیزانەکانی (ی.ن.ك) دەدا لە مالی خۆی دەیشاردنەوە، کورێکی نازداری شەهید بوو بە ناوی (ئازاد)، بە هۆی حزبایەتی وشێخایەتی زۆر لێك نزیکین لە دوکان دراوسێ ی یەك بووین، خەڵکی دەشتی کۆیە بە شاری دوکان دەڵێن (دارێ)، سەید گوڵی سارتکە قەت باوەڕی لەق نەبووە بەرامبەر مام جەلالی، پیً ی وابووە مام جەلال هەرگیز هەڵە ناکا، جارێك پێم گووت مام جەلال مرۆڤە خۆی دەڵیً هەڵەم هەیە، ئەو دەیگووت نا قەت هەڵەی نیە، پێم گووت باشە مام جەلال بێ لە خت وخۆرایی دەمانچە یەکەت لە تەپڵی سەری بدا مام جەلال هەقە یا نا ! دەیگووت مام جەلال هەقە دیارە هەڵەیکی گەورەم کردووە، ئاخر بۆیە مام جەلال تەقەم لێ دەکات ! سەید گوڵی سارتکە

خـۆی لـە قـەرەی شـیعر دەدا، هەنـدێ شـیعری خـۆش وجـوانی هەیـە، زیـاتر شیعرەکانی سیاسی وکوردایەتین گوزارشت لە ناخی خۆی دەکات هەر وەك:

تـا بمێنـێ لـە کوردسـتان پـێ ی گلـاوی ناحـەزان
ئێمـە ناچـینە سـەیرانی بێـستان وبـاخ وڕەزان
چ لـە ١١ی ئـازار بکـەم ئـەو رۆژە کوردیـان تـەزان
هـەر بـە لێـشاوی تمـەن بـوو خائینیـان دابـەزان
*******

بۆ کوچی دوایی مام جەلال پەرۆشی خۆی بەو شیعرە دەربڕیوە:

سـەر کۆمـاری عـیراق وشـۆرە سـواری قەنـدیلم
بـە کۆچـی نـاوادەی تـۆ ئـەمرۆ وەك دیـلان دیلـم
چـاوم سـاغ وسـەلیم بـوو بـەڵام بـێ تـۆ زەلـیلم
بـە بـێ ڕابـەر مامـەوە بـێ دۆسـت وبـێ دەلـیلم
هـیچ ڕونـاکی شـك نابـەم لـەم دنیایـە بەرینـە
بـزەی سـەر لێـو نـابینم هـەر هـەمووی کـۆری شـینە
وەرە خـەڵکی یـەکێتی تاریکـستان ببینـە
بـێ مـام وەك ژەهـری مـار ئـەم جیهانـە شـیرینە



## قادر شکاک

قادر شکاک پیاوێکی کۆمەلایەتی وسیاسی ومێژونووس وبە زانیاریە ! نوسینگەی شکاکی هەیە لە شەقامی مەولەوی لە شاری سلێمانی، نوسینگەکەی بنکەی سیاسەت ولانەی ڕۆشەنبیری و یانەی ئەدەب وئاگردانی مێژویی یە، سێ کتێبی چاپکراوی پڕ بەهای هەیە لە لێکۆلینەوەی مێژوییی، قادر شکاک چاك وپاك وچالاك و بەشیریست وخۆشەویست وبەهەلۆێست و بە ئاگایە، لە کار وباری سیاسەت وڕۆشەنبیری وبازرگانی.

جگە لە ستاف کەکۆن د.هاوژین سلێوە ود.دەریا حەوێزی وهونەر سەلام وشێخ تالێب وعەبدول ڕەزاق حەمەدمین (عەلی حەمەد عەبدوڵلا) شاعیر بوو، نازناوی (عەلی کۆیی) بوو، پێکەوە برادەرو دۆستی ئەدەب بووین، کە بووم بە لێپرسراوی مەلبەند لە کۆیە، ئەو شیعرەی بۆم دانا بوو:

لە لوتکەی بەرزی باواجی
لەناو شیعرەکانی حاجی
لەئاوی سافی حەمامۆك
لە بەهەشتی جوان چنارۆك
هەموو لەسەر ئەو سەکۆیە
دەڵێن (ڕەهبەر) مان هەڵۆیە
پیرۆز بێ پێویست بە تۆیە
بەرپرسی مەڵبەندی کۆیە


عەلی حەمەد عەبدوڵڵا (عەلی کۆیی)


جەواد حەمەد بەگ


د. کەمال غەمبار


د. فەرهاد عەونی


فازیل شەوڕۆ



**حەمەی حاجی عەلی**



**ارەمان لەشکر**



**ئارام سالّح**



**محەمەد دارياس**



قوبادی جەلیزادە



مەولود ژاکاو



وریا جەلیزادە



سەعدوللا مەلا محەمەدی حەتك



**ستاڤ کۆڤاری کەکۆن/ هونەر سەلام + رەهبەر سەید برایم + هێمن ئیلنجاغی +هاوژین سلێوە +د. دەریا حەوێزی**

(فوئاد جەمال) نەوەی عەلی کەمال باپیراغا بوو، لە کۆیە دەیخوێند، شیعری خەیامی زۆر لەبەر بوو، ئارەزووی شیعری داشۆرین بوو، شیعری دادەنا، هێندە قەڵەو بوو، کە دەڕۆیی ورگی دەلەریەوە، بۆیە دێڕە شعرێکم بەسەر هەڵدابوو یادی بەخێر:

**کاتێ دەبینم ورگی فوئادی**

**دڵم دەکەوتە ئەوپەڕی شادی**

(سەباحی حاجی عومەر) باوکی هاوسێی دوکان و گەڕەکمان بوون، ئەو شیعرەی لەبەر بوو، ئێستاش لەبیری نەچۆتەوەو پێی دامەوە، دیارە ئەو دەم خوێندکار بوویم لە (کەڵەك)، سۆزێکی هەرزەکارانەیە، لە دووری کۆیە:

لــــە کەڵـــــەکم غــــەریب بــــۆ خــــۆم
بـــێ کـــەس و دوور لــــە شـــاری کـــۆم
ئـــــەرێ دنیــــا کـــــردت گێــــــره
بـــــەچ بـــــەختێ کەوتمـــــە ئێــــره
ئێـــــستا مـــــن تـــــەنیاو غــــــەمبار
لێرانـــــــــــەدا وەڕز و بێـــــــــزار
کەڵـــــــەك گەرچـــــی خـــــۆش رازاوەی
بـــــووکی جـــــوانی ژێـــــر کــــــەژاوەی
بـــــــە درەخـــــــت و دارســــــتانی
ســــــــەیرانگەکی کوردســـــــتانی
بــــــەلام کەڵــــــەك ســـــۆز و تاســــــەم
گــــــڕی دووری و ئــــــاخ هەناســــــەم
تێنــــــووی ئــــــاوی حــــــەمامۆکم
مەســــــــتی گەشــــــتی چــــــنارۆکم

**عەشـــــقی چـــــیای ســـــەر بـــــاواجیم**
**فێـــــری هـــــەوای شـــــاری حـــــاجیم**
**بـــــە غـــــەریبی گریـــــام گەلـــــەك**
**ئەشـــــکم رشـــــتە ئـــــاوی کەڵـــــەك**

**لەگەڵ (سەعدوڵڵا مەلا محەمەدی حەتك)**

**_پێکەوە هاوڕێ و خوێندکار بووین، شیعری دادەناو باوکیشی شاعیر بوو، باوکی نازناوی شیعری (دلاوەر) بوو، مەلا محەمەدی حەتك(١٩٠٩-١٢/١٣/ ١٩٧٠ کۆیە) پێشنوێژو مامۆستای مزگەوتی (حەتك) بوو لە کۆیە، شەوان نوێژکەر ونوێژنەکەری گەرەك کۆ دەبوونەوە لە مزگەوتی حەتك، وەك دیوەخان وا بوو ، سەعدوڵڵاش نازناوی شیعری (هاودەنگ) بوو دەست رەنگین بوو هەمەرەنگ بوو، لە شیعر و ئاواز و مۆزێك ژەنین،**

**لە گەڕەك لەگەڵ (نورەدین صابر) نازناوی (ئاودێر) بوو، نامەی شیعریمان دەگۆڕیەوە، هەروەك:**

**برای شیرینم نورەدین ئاودێر**
**هەڵبەستەکانتم، خوێندەوە دێڕ دێڕ**

**ئەو تەواوی نامەی شیعریەکەی مابوو، من بەداخەوە لە پێشمەرگایەتی فەوتاندم، لەگەڵ مامۆستا (زرار شێواو) شیعرو شانامەمان زۆر دەگۆڕیەوە، چەندان تیلمە کاغەزە شیعری لەسەر بەرگە پاکەت بۆ ناردووم هەروەك:**

**بـــــۆ لێپرســـــــــــراوی مەڵبەنـــــــــد**
**شـــــیرینی وەکـــــو شـــــەکرە قەنـــــد**
**مانـــــدوو نـــــەناس و سیاســـــەت مـــــەدار**
**یارمـــــەتی دەری دەوڵەمەنـــــد و هـــــەژار**

نـــــــــــەوەی ســـــــــــەید و پێغەمبـــــــــەر
بـــــــــرای بـــــــــەڕێز كـــــــاك ڕەهبـــــــەر
لـــــــــە كۆتـــــــــایی دا زۆر ســـــــــوپاس
بـــــــــرای خۆشەویـــــــــست و خـــــــاس

بۆ خۆم شیعری شاعیران و هی بابم زۆر لەبەر بوو، دوایی لـە پەخشاننامەی دیواری لە قوتابخانە، كاتێك حاكم پێشڕەوی برام (زایەڵـە)ی دەردەكـرد، لـەوێ شیعرو وێنەم بڵاودەكردەوە ! لە كۆیە سەباحەت حەمە تایەر نازناوی شیعری (گڵپـە) شـیعری جـوانی دادەنـا، سـەرەنجام بـووە هاوسـەری شـاعیر (جـەلال بەرزنجی) لە رۆژنامەكان كۆپلە شیعرو ناوم لە پۆستەی خوێنەران بڵاودەبۆوە، خەنی دەبووم لە خۆشیان كە ناوو دێڕە شیعرێكی خۆم دەبینـی! كە خوێنـدكار بـووم لـە ئاسـكی كەڵـەك، لـە ژیـانم كرێكـاریم نـەكردبوو (لەوانـەی كردەكـی) (عەمەلی) لە كرێكاری گرانتر كاریـان پـێ دەكـردم، لـەوێش ئـەو شـیعرەم دانـا، لـە (١٩٧٥/١٢/٢٨)، برادەرێكـی ئـەودەم، پـاش ئـەو هـەموو سـاڵە ئـەو شـیعرەی هەڵگرت بوو، دایمەوە، ئەو برادەرەش نـاوی (عـەزیز داڵـسن) بوو، توركمـانی هـەولێرێ بـوو، لـە (٢٠١٥/٤/٢٥) بەیـەكتر شـادبووینەوە: دەقـی شـیعرەكەبەم شێوەیەیە:

| | |
|---|---|
| سەلەوات و خوایە خێر | چووم بۆ زراعەی هەولێر |
| لەدەورەی كشتوكاڵم | زەحمەتە وەزع و حاڵم |
| بەبەدلەو خاكەناسم | وەك عەمەلە و كەناسم |
| پاقلەو گەنم دەچێنم | كۆنە خانوو دەڕمێنم |
| سەلكە سلق و شێلم و توور | هەڵدەقەنم بێ قسور |
| بەردو كەر پوچ دەكێشم | دەبێ هەروا ڕایكێشم |
| ڕانەوەستام نەسرەوتم | هەتا ئەوها تێكەوتم |
| وتم زەلام و گەورەم | هەق و قابیلی دەورەم |
| سێ ساڵی خۆم دەخوێنم | مەعاشێك دەپچڕێنم |




٢٠١٥ (ڕەهبەر سەید برایم + عەزیز دالْسسن) ١٩٧٦

## بەشی ناوەخۆ

وەسفی بەشی ناوەخۆ　　بۆت باسی کەم بێ درۆ
لەمەکتەبێك بێ پشوو　　پێك هاتووی هۆڵ و ژوورە
هۆدە پیس و بێ بۆیاغ　　چەشنی بەرمیلی ئەوساغ
بزانە یاتاخ چۆنە　　چڵکن و شڕو کۆنە
دۆشەگ پینەو پەڕۆیە　　لانەی کێچ و تەپۆیە
بەحاڵم نەبێ کافر　　بەو زستانە بێ ئاگر
ئینجا برای قوتابی　　نەکەی نەخەڵە تابی
نەکەی بچی بۆ دەورە　　وادانێ ی خۆش و چەورە
ئەوە دەردو حاڵمە　　هەر توور لە خەیاڵمە

لە ئاسکی کەڵەك لە پەخشنامەی دیواری شیعرم بڵاو دەکردەوە، جارێك مەتەڵێکم داڕشت بوو لە سەر (کەڵەك)، پیتەکانی پاش و پێش بکەیت هەر (کەڵەك) دەردەچێت.

مەتـــــەڵبازی ژێـــــر ئاســــــانە مەتـــــەڵ
وردوو وریابـــــە نەکـــــەی پەلـــــە پـــــەل
شـــــوێنێکی خۆشـــــە لـــــەو کوردســــــتانە
بـــــە بـــــاخ و کێڵگـــــە بـــــە دارســــــتانە
پپیتـــــی پـــــاش و پـــــێش بـــــە پێـــــچەوانە
وەك خـــــۆی دەردەچـــــێت ئـــــەوجا بزانـــــە
گـــــەرزانیت وتـــــــت خـــــــەلآتم دەوێ
دەڵـــــێم شـــــێلم و تـــــور تێـــــر بخـــــۆ لـــــەوێ

پارچە شیعرێکی دیکەم لە سەر پەخشنامەی دیوار بڵاو کردبوٚوە، بووە کێشە دوایی رزگارم بوو:

خۆشەویستم
بۆتاوانە و گوناهم کرد
وەختێ ووتم
کوردستان و نەتەوەی کورد
لە تۆ زیاتر دەپەرستم
خۆشەویستم
گەر تۆنەبی بەگڕ بەمۆم، لە شەوانی ترس و شەڕدا
نەمدەیە دەست چەکی بڕوا، لە سەنگەردا
دەتوٚرێنم
دەتدوٚڕێنم
لە سەر ئەو شیعرە بەگیرو گازیان هێنام، ئازاریان دام و بانگکرام!



١٩٧٦ - کەلەك ئەنوەر رەحمان+ رەهبەر + شۆرش تاهیر+صباح نەجم – ئەنوەر کوێخا مەمەند

لە ناو قوتابیان شیعرم دەخوێندەوەو خولیام بە شیعرەوە گرتبوو، هەروەك زۆربەی شاعیرەکانی کوردەواری شیعرم زۆر فەوتا، بەڵام هەندێك لە برادەرانم شیعریان بۆ دۆزیمەوەو بە بیریان دەهێنامەوە، هەروەك:

بابـــــــە ســــــــەید کـــــــوڕی تۆمـــــــە
نـــــــەوەی خـــــــەڵکی شـــــــاری کۆمـــــــە
لـــــــە ئەشـــــــکەوتوو شـــــــاخ خوڵقـــــــاوم
بـــــــەس کوردســـــــتان خـــــــاکی خۆمـــــــە
هیـــــــوای ژیـــــــنم پێـــــــشمەرگەیە
چـــــــەك لـــــــە شـــــــان بم بـــــــە بڕنۆمـــــــە
خـــــــۆم بـــــــە کوشـــــــت دەم بـــــــۆ کوردســـــــتان
بڵـــــــێم کـــــــوردم ســـــــەربەخۆمە
بابـــــــە دایـــــــە پـــــــاش کوردســـــــتان
ئـــــــەوجا ئـــــــەمن کـــــــوڕی نگۆمـــــــە

ئەو شیعرانە زۆرتر هی ساڵانی (١٩٧٥-١٩٧٧) بوون، هەوڵدانێکە بۆ شیعر، هەست و سۆزێکە، دەردە دڵ و ئاواتێکە!

پێش پێشمەرگایەتی شیعری زۆری عەبدوڵا پەشێو ولەتیف هەڵمەتم لەبەر بوو، هەندێ شیعری نەوزاد رفعەت وسامی شۆرش جگە لە شیعری بابم ودڵزار ودڵدار وخالید دلێر وکەریم شارەزا وعوسمان پشکۆ وسامی عەودال شیعری حاجی قادر کۆیی وجاهید وکانی، وەختی خوێندکاریم لە هەولێر جاهیدی شاعیرم بینیبوو لەگەڵ گیو موکریانی وچابخانەکەی لەبن قەڵای هەولێر بوو، لە شاخ وپێشمەرگایەتی (رەفیق سابیرم) بە نازناوی(کاوە) دیوە ، لە هەندەرانیش د.جەمال نەبەز وماموٚستا حەمەد ئەمین پێنجوێنیم ناسیووە.



ماموٚستا حەمەد ئەمین پێنجوێنی



ڕەهبەر سەید برایم/ د. جەمال نەبەز، بەرلین

لە ژیانی پێشمەرگایەتی کەمتر خووم دەدایە شیعر هەرچەند زۆرم دەخوێندەوە، تەنانەت کتێبخانەیەکمان لە بارەگای (فەتاح تەپل) لە گوندی (هەواری تازە)ی دەشتی کۆیە لەدەم زێ دروست کردبوو، دۆست و خۆشەویستان و خەڵك کتێب و گۆڤاریان بۆ دەهێنایین، ناومان لێ نابوو کتێبخانەی (شەهید د.کاوە)، دڵمان بەو کتێبخانەیە خۆشبوو، پڕ بوو لە کتێبی جۆرا وجۆر لە سیاسی و ڕۆشەنبیری ولێکۆڵینەوە وبابەتی مێژوویی

وبڵاوکراوەی لایەنەکان ودیوانە شیعر و... هتد بۆیەش لەساڵرۆژی شەهید بوونی لە قشلەی کۆیە کتێبخانەیەکمان کردووە، بە ناوی شەهید د.کاوە بەیادی جاران،




جگە لە کتێبخانەی شەهید(د. کاوە)، هەر لە ناو (قشلەی کۆیە) کتێبخانەیەکی ئەرشیفی شەهید د. خالیدمان کردوۆتەوە بۆ بڵاوکراوەکانی حزب و لایەنەکانی پێش ڕاپەرین، واتا پێش ساڵی ١٩٩١. دۆکۆمینتاریە بۆ لێکۆڵینەوەی لە کاروباری سیاسی !

چەندان ساڵە بایەخم بە شوێنەوار و کەلەپوور وشتی کۆنینە وعەنتیکە داوە، ئەوەی بەکەلك و مێژوویی بێ، مۆڵەتی فەرمیم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتووە بۆیە خەزنەیەکی گران بەهام پەیداکرد و پاراست، سەرەنجام هەمووم دا بە قشلەی کۆیە، کردمە مۆزەخانەیەك بە ناوی

(مۆزەخانەی رەهبەر سەید برایم) بۆ ئەوەی گەشتیاران وشارەزایان سوود وچێژ لە شوێنەوار و کەلەپوور وکەل وپەلی عەنتیکەکان وەربگرن.









مۆزەخانەی رەهبەر سەید برایم

شیعر کاریگەری زۆری لە سەرم هەبوو، هەندێ دێرە شیعرم داڕشت بوو، بەو شێویە:

تـــا ســـــەر ئێــــسقان ئەشــــقی شــــیعرم
شـــــیعر نــــەبێ بـــــە خـــــوای دەمـــــرم
شـــــیعر منــــــی گەیانــــــدە شــــاخ
بـــــە کاریگـــــەر رۆچـــــووە نــــاخ
شــــــیرینی کـــــــرد نیـــــــشتمانم
چـــــــەکی بــــــڕوای کــــــردە شــــانم

کە شیعر دەنووسم، بۆ ئەوەم نییە، پێم بڵێن شاعیر، بەڵکو هەست و خولیایەکە لە دەروونما، بەو شێوازە دەیخەمەڕوو، ئازادی ناوی لێ دەنێی شیعر، یان هەر ناوێکی دیکە، پێم خۆشە وتارو نووسینم هەر بە سەروادار بێ، ڕێك و رەوان هەر وەك شیعر بێ، حەزم لە شیعرە بۆ ئەوەم نییە ناوبانگی پێ دەربکەم، تەنیا دەربڕێنێکی ناخی پەنگخواردووی هزرو هۆشمە بەو شێوەیە دەریدەبڕم و بۆ ئارامی رۆح و ئاسودەیی ویژدانمە! بۆ زەوق و سەلیقەی خۆمە! بۆیە منەت ناکەم! بە عیشقەوە حەزم لە شیعرە! چونکە شیعر نەرم نەرم بە هێمنی چۆتە ناخی رۆحمەوە،

حەمە سەعید حەسەن پێ ی وایە (شیعر ئەوەیە لەبەر تیشکی چرای رۆحدا بنوسرێتەوە، شاعیر کەسێکە بە دەم نوسینی شیعرەوە وەك مۆم بتوێتەوە) لەسەر شیعر ئەو رایەشی هەیە:

(شیعر یەکەم زمانە، هەر بەهۆی زمانە کەیشیەوە، چێژ لە جوانییەکانی دیکەی وەردەگرین) هەر (حەمە سەعید حەسەن) لە زمانی (پۆڵ ڤالێری) یەوە دەڵێ: (شیعر، هێنانە سەمای وشەیە)

مامۆستای بەهەشتی عەبدولکەریم مودەریسی دەڵێ:

ئەدەب وەسفێکە هەربۆ مەرد ئەشێ

نامەرد ئەدەبی قەد لێ ناوە شێ

دووربە لەو کەسەی لە ئەدەب دوورە

ماڵی بێ ئەدەب ماڵی بێ نوورە

(سامی مەهدی) لە نووسینێکی بە ناونیشانی (ئەزموونە شیعرییەکەم وچەمکەکانی نوێگەریی) دەڵێ: شیعر بۆ من تێکەڵەیەکە لە دید ودنیابینی ویادەوەری وخەون. نووسینی چامەش هەڵڕژانێکی بێلێبڕ و بەردەوامی خود ئاگا وناخود ئاگا یە، پێیشم وایە ئا ئەمە پێگەی هەموو نووسینیکی شیعریی جیددییە کە شایستەی ئەم ناودێرکردنە بێت.

شاعیری داهێنەر قوبادی جەلیزادە دەبێژێ: شیعر بەر لەوەی مانا وناوەرۆك بێ، چێژ ولەزەتە ، مستەفا مەنفەلووتی باوەڕی وایە (شیعر شتێکە لەو دیوی ئاواز وکێشەوە، هۆنینەوە بۆ شیعر رێك وەك خشڵ وزێڕە لە گەردنی بلوورینی کێژۆڵەیەکی ناسکدا) لەگەڵ ئەوەش (فەرهاد شاکەلی) دەڵێ: ناتوانم پێناسەیەك بۆ شیعر پێشکەش بکەم

******

پاش ئەنفالەکان بە پارتیزانی گروپێك پێشمەرگە بووین، ماینەوە لە خاکی سوتماك و بێ ئاوەدانی و چۆڵەوانی، ئەو دەم فەرماندەی تیپی(٢٥)ی خاڵخاڵان بووم، ئەو ناوچە فراوانە شوان و شێخ بزێنی و قەڵاسێوکەو بناری خاڵخاڵان و چەمی ڕەزان، جگە لە پێشمەرگەی پارتیزان کەسی تێدانەبوو، ڕۆژێك لە ساڵی(١٩٨٨) لە پەنا شاخێك لە ناو دارستانی چڕوپڕی چەمی ڕەزان بووین، من و (شاخەوان حەوێز) ناسراو بە (شاخەڕەش)، دوو بەدوو دابەش بووبووین، من تفەنگ و گولە ئارپێچیم بۆ هەڵدەگرت لو ئەویش قۆریەی رەش و

تورەگەیەگ شەکرو چاو نان، جا لەبێ تاقەتی گووتم ئەرێ شاخەڕەش قەت لەو دەشت و شاخانە دڵداریت نەکردووە، سەرەتا شەرمی کردوو دواتر چیرۆکی عەشقی بۆ گێڕامەوە، منیش لەوێ لەسەر پارچە کاغەزێکی شڕ ئەو چەند دێڕەم بۆ نووسی، گوزارشت لە عەشقی شاخ و دەشت دەکات، سەرەنجام من کەوتمە ئێران و ئەو کەوتە ئەمەریکا، دوای ڕاپەڕین شیعرەکەی پێدامەوەو ئەمەش دەقەکەیەتی:




کاتێ کە چەکم هەڵگرت
ڕووم لە دەشتی کۆیە کرد
بە غەریبی و کەساسی
هیچ کەسم نەدەناسی
نەشارەزاو فەقیر حاڵ
زۆر گەڕام ئەم ماڵ ئەو ماڵ
لێ ڕاهاتم بەو جۆرە
چاوم کراوە لەو گۆڕە
بووم بە پێشمەرگەی تەواو
پەیدام کرد دۆست و ناسیاو
بەس عەشقی کوردستان بووم
تامەزرۆی تێکۆشان بووم
نەمدەزانی دڵداری
چۆنەو چیە ئازاری؟
بەڵام لە دەروونی پاک
خۆشەویست و عەشقی خاک

بوون بە دوو گڕی بە جۆش
لە قولایی دڵ و هۆش
پێشمەرگەم هەم دڵدارم
نازدارێك بوو بە یارم
نازدارو جوان و شۆخە
خانەدان کچە شێخە
تەمەنی چواردە ساڵە
کابان و کچی ماڵە
بەژن بەرزو پرچ درێژ
روومەت گەرم و شوعلە ڕێژ
خۆشەویستی یەکترین
ئاخ دەبێ بۆیەك ببین

(سەباح حەوێز حەمە ساڵح) لە منداڵیەوە برادەر بووین و هەرگیز لێکتر نەڕەنجابووین، لە هەولێر بووم کوڕێکی بەناوی (ڕەنجدەر) لە (١٩٩٣/٢/١٥) لە بەردەرگای ماڵی خۆیان کەوتە بن گەلابەو گیانی لەدەستدا، ئەوکارەساتە هەژاندمی، ئەو چەند دێڕەم بۆ هەڵبەست بوو، پاش جەرگ سووتانی، خوا کوڕێکی دیکەی پێداو بە ناوی منەوە ناودێری کرد:

جگەر گۆشەکەم ڕەنجەی ڕەنجەڕۆ
چیتر ناتبینم چۆن بژیم بێ تۆ ؟
ڕۆڵە جەرگمی، کەوتیتە ژێر گڵ
چۆن شیوەن نەکەم، نەگریەم بە کوڵ

کارەســــــــاتێکه ئــــــــۆقره نــــــــاگرم
وەهـــــا دەســــــووتێم، بۆخــــــۆم ئـــــاگرم
شــــــتی منــــــداڵیت لـــــــه بــــــەر چـــــاومه
داخ و زووخــــــاوی نـــــــاو هەناومــــــــه
تـــــازه هەڵدەچــــــووی، پــــــێ دەگەیــــــشتی
نـــــەو نـــــەمامێك بــــــووی، چ زوو ڕۆیـــــشتی؟
چـــەند بـــێ ئـــاوات و گونـــاح و پـــاك بـــووی
كـــەی وادەی مـــەرگ و كفـــن و ژێـــر خـــاك بـــووی
بـــۆ دوا ڕۆژی كـــوڕ، چـــەند بـــه ئـــاوات بـــووم
زوو جـــەرگم ســـووتاو، تووشـــی نـــەهات بـــووم
بـــۆ بـــەختی ڕەشـــم، شـــوفێر قەســـابه
لەبـــەر دەرگـــەی مـــاڵ، شـــێلای گەلآبـــه
كـــوڕم خـــوات لەگـــەڵ چـــیتر نـــاتبینم
هـــەی دادو هـــاوار ڕەنجـــەی شـــیرینم





عومەر شێخ مووس – رەهبەر سەید برایم – د. مۆفەق دێگەڵەیی

هۆڵەندا / رەهبەر سەید برایم + شێرکۆی شێخ نوری

لە هۆڵەندا لەگەڵ (شێرکۆی شێخ نوری، رەحمانەڕەش) لەیەك شاردا دەژیاین، لە پێشمەرگایەتی یەکترمان دەناسی، هاوسەنگەرو برادەرو خۆشەویستی یەکتر بووین، جگە لە پێشمەرگایەتی لە هۆڵەنداش لە نامۆیی یەکترمان گرتەوە، هاوسۆزی و برادەرایەتیمان بەهێزتر بوو، هەر دووکیان لە سەنگەری شەڕەف لە پێشمەرگایەتی هەریەکەیان چاوێکی لە دەست دابوو.

(شێرکۆی شێخ نوری) خوا کوڕێکی پێداو ناوی نا (دیاکۆ)، ئەو کات من لە کوردستان بووم، بۆ یادگاری و خۆشی ئەو چەند دێڕەم بۆ هۆنیبۆوە:

# دیاکۆ

خوشــکم شــیلان خــان بــرام کــاك شــێرکۆ
بــە بۆنــەی بــوونی ڕۆڵــەی کــورد دیــاکۆ
بــەخێربێ بــۆ ژیــن، بــۆ دونیــای دێــرین
بــەناز گــەورە بــێ، نۆبــەرەی شــیرین
لــە داك و بــابی خــوا نەیــستێنێ
بــە خۆشــی و گەشــی چــاوی هــەڵێنێ
بــە شــیری دایکــی، گــۆش بکــرێ جــوان
بــبێ بــە رۆڵــەی کــوردو کوردســتان



دیاکۆ شێرکۆ شێخ نوری

لە هۆڵەندا (ڕەحمانەڕەش) خوا کوڕێکی پێدا، ناوی نا (ڕێبان)، ئەو شیعرەم لە ڕۆژنامەی (بێوار) کە ڕۆژنامەیەکی کوردی بوو، (هیوا سەرهەنگ و پەیمان سەرهەنگ) لە یانەی کوردی میدیا لە ڕۆتەردام دەریان دەکرد، شیعرو بابەتم زۆر لە ڕۆژنامەی (بێوار) بڵاودەکردەوە، ئەو کاتی لە هۆڵەندا تاکە ڕۆژنامە بوو بە کوردی دەربچێت.



ڕەحمانە کۆر



ڕێباز ڕەحمان

(ڕەحمان عوسمان محەمەد) ناسراو بە (ڕەحمانەڕەش)، لە گوندی (دەربەندی گۆم)، گوندی (شەهید ڕێبان) لە دایك بووە. (ڕەحمانەڕەش) لە(١٩٨٢/٦/٢) بۆتە پێشمەرگەو هەر لەگەڵ (شەهید ڕێبان) بووە، (١٣) مانگ لە پارتیزانی و پاش ئەنفالەکان ماوەتەوەو یەك ڕۆژ لە پێشمەرگایەتی دانەبڕاوە، لە پارتیزانی بریندار بووە، دوایی لە شەڕێکی ناوەخۆ چاوێکی لە دەست دا، ئیتر بۆ چارە چووەتە هۆڵەندا، خوا کوڕێکی پێداوە، لە وەفاو خۆشەویستی (شەهید ڕێبان) ناوی ناوە (ڕێبان)، ئیتر بە ناوی باوکیەوە ئەو شیعرە داڕێژراوە بۆ ڕێباز کوڕی ڕەحمانەڕەش:

رۆڵـــه ڕێبـــاز گیـــان پـــەروەردەی نـــازی
دڵـــم پێـــت خۆشـــه، جێگـــای شـــانازی
ئـــەو رۆژەی کـــه بـــووی دڵـــم گەشـــاوه
چـــونکه شـــەهێدێك گیـــانی ژیـــاوه
نـــاوم لێنـــاوی بـــه شـــەهید ڕێبـــاز
وەك ئـــەو پیـــاو بـــی بـــه نـــاو و گیانبـــاز
کـــوڕم نامـــەوێ لـــه شـــاخ چـــەکدار بـــی
دەبـــێ بـــه خوێنـــدن ژیـــر و نـــاودار بـــی
بـــۆ کـــورد یـــەکێتی و خوێنـــدن پێویـــسته
پـــاکی و شـــەهاده شـــەرت و هەڵوێـــسته
باوکـــت پێـــشمەرگەی شـــەهید ڕێبـــاز بـــوو
بـــه برینداریـــەتی و ئەزیـــەت دەربـــاز بـــوو
بـــۆ کوردایـــەتی و چـــاوم دەنـــازم
وەفادارییـــــــه بـــــــاوکی ڕێبـــــــازم.
******

لەگـەڵ مـەلا جـەمالی حـاجی عـەلی مـەلا زیـادی، لەیـەك تیـپ وتیپـی (٩٣)ی کۆیه، وناوچه و له یـەك ڕێکحستن بووین، چەند نزیك بووین هێنـدەش گلـەیی وگازنـدەمان لـه یـەکتر هـەبوو، بـاوك وبراکـانی زۆر خانـەدان وبـه مێـوان بـوون، (گوندی مەلا زیاد) ئەو گوندە بە تاپۆ هی ماڵی دڵداری شاعیربوو، مەلا زیادیش یـەك نـەریتیان هـەبوو کێـشەی دژمنایـەتیان لەگـەڵ خۆیـان هـەبوو، ئـامۆزا – ئامۆزای دەکوشت !!لەگەڵ بێگانە دوژومنایەتیان نـەدەکرد. مـەلا جـەمال کەوتـە (ئەلمانیا) ساڵی ١٩٩٦ زۆر نەگبەتی ودەردە سەری دی، پەرێشان بوو بۆ هێـرۆ ی خێزانی و(مێژوو)ی کوڕی، داوای لێکردووم شـنێکی بـۆی بنووسـم ئەمەشـم بۆ نووسی بۆ خۆشی و پێکەنین



مەلا جەمال

**هاوسەرەکەم گیانە هێرۆ**
**ئێکجار سەختە ژیان بێ تۆ**
**کچم جوان کوڕم مێژوو**
**بۆتان سووتام بووم بە ڕەژوو**
**براکانم باوکە پیرە**
**ئێوەم هەردەم هەر لە بیرە**
**خزمەکانم ورد ودرشت**
**ڕێزم هەیە بۆتان بە گشت**
**فەوتاندمی دەردی دووری**
**کەوتمە ئێرە بە مەجبووری**
**ئاخر لە پاش چەند ساڵە خەبات**
**پەنا هەندەم دووره وڵات**
**ڕاستە ئێستا لە ئەلمانیام**
**بڕوا بکەن دوور وتەنیام**
**وا مەزانن لە بەهەشتم**
**هەر تامەزرۆی گوند ودەشتم**

لــــە ئـــــەورووپام دڵ پەســــت وتونــــد
لەبــــەر چـــاومە دەم زێ ونـــاو گونــــد
هــــــەر لــــــە گــــــەرمك، ســــــاتوقەڵا
لــــــە بنــــاریش تـــــا ئیلـــــەڵا
کوردســـــــتان و مـــــــەلا زیــــــاد
لـــــە خـــــەیاڵمن ناچـــــن لــــــە یـــاد
گــــــەر بێمـــــــەوە وڵـــــاتی خـــــۆم
بـــە ئـــاوی زێ جـــوان خـــۆم دەشـــۆم
دڵنیــــــا بـــــــن هــــــــەر دێمــــــەوە
بــــــە دیــــــدارتان شــــاد دەبمــــــەوە

جارێك لـە ئـەلمانیا سـەردانم کـرد، گـوتم چ دەکـەی، گـوتی ئیشەکی وامـان دۆزیوتەوە، قەڵـەم جاف بەفـەردە بۆمـان دەهێنـە بۆ ماڵـەوە بە هەڵوەشاوەیی و پارچە پارچەکراوی، ئێمە ڕێکی دەخەین (تێکی دەخەینەوە) گوتم ئیشەکەت ئاسانە گوتی ئاسانی چی خۆزگە بە داو لیێدانی تووتن کە لـە دەشتێ دەمان دەکرد: یەك دانە قەڵەم جاف خۆشە نەك بە هەزاران.

دڵـزار سـدیق ودڵـزار کاکـەمین(مامـە دلـە) ودڵـسۆز بـەکر پێکـەوە پێشمەرگە بـووین، ژیـانی پێشمەرگایەتیمان زۆر پێکـەوە بـوو، برادەرانـی دوور سـڵاویان دەنـارد دەیـانگوت دڵـەکانی ڕەهبـەر چۆنن؟ مەبەسـتیان هـەردوو دڵـزار ودڵـسۆز بوو !دڵـزار سـدیق گەیـشتە نەمسا ژنـی هێنـا و خـوا کـچێکی پێـدا، رایسپاردم ناوی بۆ دابنێم منیش گوتم ناوی بنێ (دانان) گوتی داناز چییە گوتم لوتکـەی شـاخێکی (چیای سـەفین)ە، زۆری پـێ خـۆش بـوو گـوتی زۆر موزیـك وبـەئاوازە !داناز دڵزار، هێندەی پی َنەچوو، تەلەفونی بۆکردم گوتی پێم ڕادەبوێری گـوتم بـۆ ؟ گـوتی بـرادەری شـەقلاوەیم هەیـە دەڵـێن ئەسـل وئەساسیی نیـە ! منـیش گـوتم دڵـزار خـۆت کۆییـت گـەر یـەك نـاوی جـێ و لووتکـەکانی هەیبـە سـوڵتان

وباواجی بزانی ناویان چییە ئەوە برادەرە شەقڵاویە ڕاست دەکات، دڵزار گوتی ڕاستە نازانم، ئەویش وەك تۆ شارەزای شوێن و لووتکەکانی چیای سەفین نییە، ئەوەی گەریدە وشوان و پێشمەرگە وخەڵکی شارەزای ناوچەکە نەبێ نازانن، ئیتر سەلماندی. منیش بە فاکس چەند ڕستەیەکم نارد بۆ لە دایکبوونی داناز:

نـــــازداری کـــــوێی دانـــــاز
جـــــوان وشـــــیرین وبـــــەناز
لـــــە ئـــــەوروپی یـــــان جـــــوانتری
لـــــەوان خـــــان ومـــــان تـــــری
تروســـــکەی هیـــــوای دڵـــــزاری
سەرچاوەی بەختیاری



دڵزار سدیق –دڵسۆز بەکر



دڵزار سدیق – داناز دڵزار



١٩٨٧ / فەتاح تەپڵ نێوان گوندی کانی بی وقزلوو



دڵسۆز بەکر – دڵزار کاکەمین (مامە دلە)



دڵزار سدیق – دڵسۆز بەکر

سەرەتای ڕاپەڕین بارەگام لە ناو ڕانیەو گرجان بوو، ئەو چەند دێڕەم بۆ ڕانیەی دەروازەو ڕاپەڕینی هەڵگووت:

رانیـــه لـــه بـــاوەش، شـــاخی کێـــوەڕەش
جـــۆخینی شـــەڕەف، لـــه مێـــژوودا گـــەش
قولـــــەی ڕانیـــــه، چـــــاوگی کانییـــــه
دەشـــت و دەربەنـــدی بـــووکی جوانیـــه
شـــنەی ئـــازادی لـــەوێ هـــەڵی کـــرد
لانـــەی مەردانـــه، پـــێ ســـەربەرزە کـــورد

بابم (سەید برایم) بە چوار نازناو شیعری بڵاوکردۆتەوە: (دەهری، بلە، سەیدە رووتە، برژاو)، بە هیچ کامێکیشیان ناوبانگی نەبوو، هەر بە (سەید برایم) دەناسرا، یەکەم جار نازناوی (دەهری) بوو، بەڵام زیاتر (برژاو)ی بەکاردەهێنا چونکە نازناوی (حزبی) بوو ! لە سەرەتای ساڵی(١٩٩٦) لە ئەڵمانیا بووم لە بەرلین، لە نزیکەوە (دکتۆر ئەکرەم رەسوڵ خۆشناو) ناسراو بە (خارە خامۆش)م ناسی، دەمزانی کۆییەو دەستی نووسینی هەیە، دوو برای هاوسەنگەرم بوون، ئازاو نازدار بوون، لە رێی خەبات و کوردایەتی شەهید کران، نەمدەزانی (خارە خامۆش) هێندە سادەو بە نەزاکەت و دەست رەنگین و بەهرەدارو پەلکە زێرینەیە، بە ڕاستی هیمەتی هێندە جوامێرانەی بۆ چاپکردنی شیعرەکانی باوکم کرد، زۆر ماندوو بوو، کاتی زۆری تەرخان کردو بە شەونخوونی و پەرۆشەوە کاری لە سەر کردو پێشەکی بۆ نووسی و سەرەنجام هاوشان لەگەڵ (حاکم پێشڕەو)ی برام دوو کتێبی شیعری بابمیان بە چاپ گەیاند، بابم زۆری پێ خۆش بوو، بۆیە لە بەرلین لە(١٩٩٦/٢/٢٢)، ئەو چەند دێڕەم بۆ دارشت بوو:

# خارە خامۆش

خاوەن خامە خارە خامۆش
بۆ دیوانی بڕژاو دەست خۆش
دێراوت کرد شیعری بڕژاو
لە گوڵزاری تەڕ و پاراو
دەست ڕەنگین و سەرنج وردی
سەربازێکی ونی کوردی
کانیاوێکی سازگار و ڕوون
لە حەمامۆك، دەشتی هاموون
شنەو سایەی قەد باواجی
مەزن و بەرزی، لوتکە وتاجی
خامۆش نابێ شەم و چرای
پڕشنگ داری ئاسۆی چیای
رازاوەیە باخی گوڵتان
لە کەکۆن و هەیبەسوڵتان
ساز ژەن، دەنگ خۆش، ژێ پڕ ئاواز
سەداو نەوا پڕ سۆز و راز
لەگۆرانی و شیعر و پەخشان
جیلوەی پێرووی گەش و ڕەخشان
لێت دەبارێ بەهرەو هونەر
بۆ کوردستان بمێنێی هەر

**قازیلان و سەر تەم تەمان**
**بۆ فریشتەك هەر بەتەمان**
**چنارۆك و گردی چادر**
**بێ ناز، شاری حاجی قادر**
**ژیار و ژینی لێ دەكوژێ**
**دڵ گوشادی لێ دەگوشرێ**
**كەندە كۆخ و سەر غەیبەتان**
**لە تەنگژەن لە ئەژمەتان**
**ئۆمەر خوچان، گردی باویان**
**بێ حاڵ، بە حاڵ ماوە ناویان**
**لەخەم خارای خارە خامۆش**
**بۆ دیوانی برژاو دەست خۆش**
**شیرین و شەو وەستای ڕستەی**
**دوڕناس، ناسك، بە شایستەی**
**خوڵقێنەری جوانی و نایاب**
**گوڵ بژێری دیوانی باب**
**ئەوسا برژاو لە چل و نۆ**
**شیعر دەچنی گوڵ و چرۆ**
**لەژین، هەتاو، گەلاوێژا**
**شیعری جوانی دادەڕێژا**
**بەزەنجیانە لەسەر گیزدان**
**شیعری دەچنی لە ناو زیندان**
**بەند و گیراو یانزدە جاران**
**دەر بەدەری شاخ و شاران**

ئێـــــستا شـــــاعیر کـــــۆن و بـــــزر
دەردەدارو پـــــــیرو گـــــــزر
هیـــــوای ژینـــــی کوردایـــــەتی
تـــــێ کۆشـــــان و مەردایـــــەتی
ژیـــــن و عـــــومری زینـــــدان و بەنـــــد
حەســـــرەت دیتـــــەو مەردانـــــە و و رەنـــــد
شـــــاعیرێکی وا مـــــاڵ خـــــراپ
کـــــێ دەیناســـــێ مەگـــــەر بـــــەس چـــــاپ؟



د.ئەکرەم خامۆش + رەهبەر سەید برایم   بەرلین- ١٩٩٦/٢/٢٢




هۆڵەندا/ کەمپی ئازیلۆ حاکم پێشرەو + رەهبەر سەید برایم+ ئاری کەمال

# بەرەو ئاگرو سەنگەری شەڕەف

کاتێـک (شــەهید شــەفیق) و هاوڕێکـانی شــەهید کـران لـە (١٩٧٩/٨/١١) مانگێـك زیـاتر بـوو پێـشمەرگە بـووم، چـونکە لـە (١٩٧٩/٧/٣) لـە چـایخانەی بەگزادە لە کۆیە ڕۆیشتم، گـووتم لـە(مـاوەت) قۆنتـەراتم گرتـووە، مـاڵی پـوورێکم لـەوێ بـوو، بـەو زووانـە نایەمـەوە، (عـەلی سەرسـۆرو ئاراسـی شـێخ جـەنگی و قوبادی حاجی ڕەفیق)ی قوتاریان کردم و بوومـە پێشمەرگە، یەکـەم پێشمەرگە مام جەلالم بینـی، قـەت نەمـدیتبوو، وامزانـی (شـێخ جـەنگی)یـە کـورت بۆتـەوە، گووتی بەیانیتان باش و نامە چوکلێتیەکانی ڕێکخستنی لـێ وەرگـرتین! باسـی بـاوکم و مامـە سـەید ئەحمـەدی کـردو مـەدحی کـردن، باشـی دەناسـین! ویـستی پارەم بـداتـێ، خـۆم پـارەم زۆر پـێ بـوو، (دڵشادی مـام ڕەزا)ی ئامـاژەی دەکـرد، وەری بگرم، منیش گـووتم گـەر پێویـستت بـە پارەیـە تـا بتـدەمێ! چـۆن لـە (مـام جـەلال)ی پـارە وەردەگـرم! تومـەز مامـە سـەیدەئەحمەدم هاوکـاری شـۆڕش و یەکێتی نیشتمانی کوردستانی کردبوو کە لە لوبنان بوو، چوو بووە سوریا بـە جانتـا دۆلاری پـێ دابـوون گوتبـووی ئـەو شـۆڕشـە سـەر دەگـرێ چـونکە کـۆیی تێدایـە مەبەسـتی مـام جـەلال و د. فوئـاد بـوو، لـە ڕاسـتیدا بـرادەری گیـانی بـە گیانی د. کەمال خۆشناویش بوو لە بەغدا و لوبنان برادەریەتیان پەیدا کرد بوو



١٩٧٩(توژەڵە) ئەکرەم سەعید مام ڕەزا، حەمە قۆز، شەهید قوباد فتح الله، (ڕەهبەر سەید برایم)، سەرهەد مەغدید

لە شەڕی (قوڕەبەرازە) بەشدار نەبووم، هەر شارەزای شەڕو ئێشکگری و شێوەی ژیانی پێشمەرگایەتی نەبووم، ساڵی(١٩٧٩) کرام بە ئەندام ناوچەی خۆشناوەتی، لەگەڵ (د.جاسم تۆفیق سوسەیی) و (غازی قادراغای نازەنینێ)، کە کرام بە کادیر چەکێکی (ژ.٣)یان پێدام، نەك نەمدەزانی بەکاری بهێنم، ناوی چەکی وام هەر نەشبیستبوو! شارەزای هیچ جۆرە چەکێکیش نەبووم، کە لە شار بووم بۆ فشەو خۆشیش تەقەم نەکرد بوو، بەڵام هێند بڕوام بە خۆم بوو، لە خۆم رادەبینی بۆ هەموو مەیدان و شەڕێك سەرکەوتوو بم ونەبەزیم وخۆڕاگرانە لێ دەربچم، بۆ بەدبەختی یەکەم شەڕم لە خەودا بوو، لە گوندی (نازەنینێ) لێیان داین، لە ١٩٧٩/١٠/١ باکم پێ نەبوو، ورەم بەرنەدا، دووەم شەڕم لە (سماقوڵی گەری) بوو، لە ١٩٧٩/١٠/٢ دوایی کەوتمە ناو شەڕو ژیانی سەخت و دژواری رۆژگاری پێشمەرگایەتی!

لە جیاتی خوێندن و رابواردن لە فەرەنساو تەواوکردنی کۆلیژی سەربازی لە سووریا، لە شاخ و داخەکانی کوردستان، فێرە ئەزموونی پێشمەرگایەتی و خۆڕاگری و خەبات و شۆڕش بووم قۆنتەراتی شاخ و شۆڕشم گرت، بە بڕواو خوێنی خۆم، ئەوێ ڕۆژێ خەباتو شۆڕش و پێشمەرگایەتی نالەبار بوو، شەڕی

عێراق و ئێران نەبوو، رژێمی بەعسی زۆر بەهێزو لە خۆبایی و بە پشتیوانی دەولی بوو، لەو وەختە سەختە، دایك و باوكمان گیران و تالان كران و لە شاری كۆیە هەڵكەندران و راونران و دوكان و خانوویان داگیركردین، ماڵمان كرا بە مۆڵگەی جاشان! (كاكە پێشڕەو)م مانگێك پێش من پێشمەرگە بوو، بە یەكەم دادگەری شۆڕش داندرابوو، ساڵی(١٩٧٩) ئەو نەگبەتییەو مەینەتیەی ئەو جارەی ماڵی باوكمیان لە مەڕ (حاكم پێشڕەو)ی برامیان دەزانی نەك من!





منی شەرمن و شلەشاری و بیجامە لەبەری بەردەرگای ماڵ، نەشارەزا لە شێوەی پێشمەرگایەتی و دابونەریتی كوردەواری، نەمدەزانی چۆن هەندێ خواردن بخۆم؟ وەك نان و ترێ و نان و شووتی و نان و ماستاو، ساوارم قەت نەخوارد بوو لە شاری، جارێك هەندێك ترێیان لەبەر دەمم دانا لەگەڵ سەبەتەك نان، ڕێك كردمە پاروو، ترێ پلیقایەوەو تەریق بوومەوەو پێم پێكەنین، گووتیان نان و ترێ ناكرێتە پاروو، یەكەم جارم بوو خواردنی (هەرمیشك) بخۆم، هەرمیشك وەرتكە نانە لە ڕۆن سوور دەكرێتوە جار وبار هێلكەیكی لەسەر دادەنێن.

زۆرجار لە پێشمەرگایەتی، پێیان دەگووتم لە شاری قەت تۆمان نەدیوە، گەرمك و كەونەپردو ئاشی ئەلیاسی و لوولەی زایەری و ئەستێرەی عەبدەی سەلامی...، پێ دەزانی! منیش بە خۆشییەوە دەمگووت ئێوە باسی پیاوی سیاسی و خەڵكی تێكۆشەر ناكەن! مەراقتان لوسكەی رووبارانە! یان دەیانگووت لە شاری چەند فەقیرۆكەو نادیار بووی! لە شاخی ئاگرو دیاری، منیش دەمگووت لە قوتابخانەی پێشمەرگایەتی پێگەیووم و بیرو باوەڕ خەڵك دروست دەكات! پێیان سەیر بوو پێشمەرگەو فەرماندەبم كە لە شاری شەڕاوی و چەقۆكێش نەبوویم! لە شار شەڕانی نەبووم، لە شاخ، لە سەنگەری شەڕەف و بەرگری دەیان شەڕم كرد! ئەو شەڕو داستانانە لە شۆڕش و خەباتی پێشمەرگایەتیدا نموونەی ئازایەتین، لە مێژوودا دەگمەنن، هەروەك: لە شەڕی كانی وەتمان، شەڕی مەكۆكەی چەمی ڕەزانی پاش ئەنفالەكان، شەڕی گرتنی دۆشكە لە دەشتی شیلە، شەڕی قەیوان ماوەت، شەڕی گرتنی قەڵاتە، شەڕی داری زەكەریا، شەڕی كلكەسماق، شەڕی سوتاندنی بیرە نەوتەكانی كەركوك، گرتنی ڕەبیەو سەیتەرەی دێگەڵە، شەڕی چناڕۆك، شەڕی دۆڵی خەلەكان هاوزەمانی شەڕی دابان و هەلاج، شەڕی فەوجی تەوەكەل، گرتنی تابیعەو ڕۆنیۆ لە تەقتەق... شەڕی تووكەلی گەورەو بچووك لە شارستێن... هتد.، سەرەنجام قاڵ بوومەوە لە سەنگەری خەبات و پێشمەرگایەتی:

گەلێ مەرگی هاوسەنگەری نازدارم دی
شەڕی سەخت و ڕۆژی ڕەش و ئازارم دی
جەمەدانی و زەوی و ئاسمان پێخەفم بوون
ورەو باوەڕ، چەك و پاكی شەڕەفم بوون
شانازی بوون بەرگی و خاكی و شڕو چڵكن
ئەوانەی وا لە خۆبوردن بۆ كورد موڵكن



سوێرەڵە ۱۹۸۷ شۆرش کاکە، رەهبەر سەید برایم

لە(١٩٨٥/٤/٢٤) لە چناروك شەڕێکمان کرد، باوکم گیرایەوە، ئازاری زۆریان دا، باوك و دایکم و خوشکەکانم لەسەر ئێمەو بوونمان بە پێشمەرگە ئازاری زۆریان دی، جگە لە دایك و باوکم، (چیمەن)ی خوشکیشم گیراو (دیمەن)ی خوشکیشم ئازاردرا! هەر لە دڵەڕاوکێ و خەم دابوون، لە هەموو شەڕو چالاکیەك دادەخورپان، چونکە (حاکم پێشڕەو)ی برام لە(١٩٨٠/٧/٩) لە توژەڵە بە هۆی فڕۆکەی رژێمی بەعسەوە بریندار بوو، (مامۆستا محمەدی وەستا بەکر)و (فەرهادی ئیعلام) شەهید بوون. فەرهادی ئیعلام کە ناوی راستەقینەی (بورهان مستەفا مەعروف) بوو برادەرانی راگەیاندنی (ی.ن.ك) گرینگیان بە شەهید فەرهاد دا بەڵام بۆ شەهید مامۆستا محەمەد وەك پێویست نەبوو!

شەهید مامۆستا محەمەد وەستا بەکر یەکەم سکرتێری مام جەلال بوو، شەهید بوو، بە زوویی شەهید کرا، دەنا سەرکردایەتی یەکی هەڵکەوتووی لێ دەردەچوو، زۆر دڵسۆز وئازیز وخۆشەویست بوو.



زەڵێ ساڵی ١٩٨٠/ ماموٚستا محەمەد وەستا بەکر – لالو ڕەحمانی پێنجوێنی –حاکم پێشڕەو – وەستا بکر
ماموٚستا کەمال (برنو) /دانیشتوەکان ڕەهبەر سەید برایم – دڵشادی مام ڕەزا(کێخوا) نەناسراوە



شەهید  ماموٚستا محەمەد



شەهیدی فەرماندە (عەلی مام ڕەسول)

منیش چوار جاران بە گوللەو تۆپ لە جەرگەی شەڕو سەنگەری پێشمەرگایەتی برینداربوویم، لە قەندیل لە (١٩٨٣/٨/٢٤)، لە چیای سەفین لە(١٩٨٤/٨/٢٤)، لەبەر تەواری سلێمانی لە (١٩٨٤/٣/٣٠)، لە قەیوان لە(١٩٨٦/٩/٢٢).

لە سەر سەفینی بەسەختی بریندار بووم بە گوللەی قەناسە بە کون بە دەری تەقیەوە بەناو لەشم دا، برینەکە مەترسیدار بوو، ئەودەم د.هۆشمەند عەبدول کەریم ناسراوە بە د. شاڵاو دکتۆری تایبەتی مام جەلال بوو، یەکەم جار لەگەڵ شەهید د. کاوە لە شۆڕشی نوێ گەلەکەمان یەکەم خەستەخانەی شۆڕشیان دامەزراند لە دۆڵە ڕەقە، زۆر دۆست وخۆشەویست و تێکەڵاویمان هەبوو، پەیوەندی برایانەی لەگەڵ حاکم پێشرەوی برام زیاتر بوو، خەڵك جیاوازی نەدەکرد بە ئەویان دەگووت حاکم بە حاکم یان دەگووت دکتۆر، چونکە لە ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر پێیکەوە بوون دکتۆر شاڵاو کوڕی عەبدول کەریم توفیق بوو، باوکی دەستەی دامەزرێنەری (پ.د.ك) وحزبی شۆڕش بوو، ئەندامی مەکتبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، تێکۆشەرێکی کوردو کۆیی وسیاسی و ناسراوی کوردایەتی بوو، لەسەر ئەو برینداریەم روو بە روو بە باوکمی گوتبوو= برینەکەی سەختە دەمرێ، باوکیشم گووتبووی کوڕی من نامرێ، سەرەنجام چاك بوومەوە، د. شاڵاو دەیگووت دیارە عیلم درۆیە چۆن رزگار بووە لە مردن، تەنانەت ئەشیعەکەی هەڵگرت بوو بردبووی بۆ سوید، بە سەرسامی وسەر سورهێنەری دەزانی چۆن ماوم !! باوکم نەریتێکی هەبوو لە کاسبی درەنگ دەچووە بازاری بەیانیان درەنگ هەڵدەستا، کە مەترسی مردنم لەسەر نەما، بارودۆخ هێور ببووە باوکم پێ گوتبوو د. شاڵاو دکتۆریەکەت فشەیە ! د. شاڵاویش گوتبووی دکتۆریەکی من فشە نیە سەیرە کوڕەکەت ماوە، کاسبیەکەی تۆ فشەیە ، وا درەنگ دەچیە بازار بە داخەوە

هەردووکیان لە ٨/٣ کۆچی دواییان کرد دکتۆر شاڵاو ٦١  ساڵ و باوکم ٧٦ ساڵ ژیا. باوکی د. شاڵاو(عەبدول کەریم توفیق(١٩٢٢– ١٩٨٢/٦/١٧ کۆیە) ٦١ ساڵ ژیا باب وکوڕ یەك تەمەن ژیان.

# ئازاد هەورامی

پێش کوتایی ئەنفالەکان لە قەندیل زۆربەی هێزەکانی (ی.ن.ك) لە شەڕیکی سەخت وبەرگرێکی جوامێرانە دابوون لە(کونە کۆتر) شەهید (ئازاد هەورامی) پێکرا، خۆی وتەنی دەستی گیتاری شکا پێویستی بە خوێن بوو، یەك لەوانە بووم خوێنم پێدا، لەگەڵ هەڤاڵان (کاك کۆسرەت، شێخ جەعفەر، هەڵۆ سوور) دێره شیعرێکی شاعیرێکم کردبوو بە ناونیشان (هەرچی خوێنی جەستەم هەیە پێشکەشیکە ئەگەر ویستی). بە داخەوە لە ١٩٨٨/٨/٣١ لە رێگای (شێخ ئایش) شەهید بوو. شەهید ئازاد هەورامی کەرکوکێکی کوردستانی وگەنجێکی هێمن وبە بیر وباوەر بوو، گەنجترین ئەندامی سەرکردایەتی بوو لە مێژووی کۆمەڵە ویەکێتی دا، لە ناو ریزەکانی (ی.ن.ك) ئەو کۆمەڵە بوو ومن شۆرشگێران بووم، بەو خوێن بەخشینەدەگوترا خوێنی کۆمەڵە وشۆرشگێران تێکەڵ بۆوە، پێشینەیەکی سۆز و خۆشەویستیمان هەبوو، ماڵی (مامۆستا هۆشمەند عەبدول مەجید غەفار)ی برا گەورەی لە کۆیە بوو، مامۆستای دوا ناوەندی، خوێندکارانی ئەو سەردەمە خۆشیان دەویست وکوردپەروەرێکی دڵسۆز و رێزلێگیراو بوو، دوای بووە زاوای کۆییان خوشکی شەهید (د.خالید) ی بوو بە هاوسەری، بەداخەوە مامۆستا هۆشمەند بە زوویی جوانەمەرگ بوو، خوشکێکی هەبوو بە ناوی (ژیان) یەکەم کچ بوو لە کۆیە پاسکیلی لێخوڕیبێت، جگە لەوەش برا وخوشکەکانی شەهید (ئازاد) لەگەڵ دایك وباوکم زیندانی

سیاسی بوون لەسەر خەبات و پێشمەرگایەتیمان، ئەو کەسوکارانەی پێشمەرگەکانی شاخ، کوڕە پێشمەرگەکانیان، بە ناو دەزانی، بە بچم نەیاندەناسی، (سامی) برایان کە هاتە شاخ لە (خڕێ نێرزەنگ) بینیم وتیان ئەمە یەکێك لە کوڕەکانی (سەید برایم) ە، یەکسەرگوتی ڕەهبەری یان پێشڕەوی، تومەز لە زیندان ئاشنایەتیان هەبوو لەگەڵ کەس وکاری پێشمەرگە.



سورداش ١٩٨٤شەهید ئازاد هەورامی / ڕەهبەر سەید برایم



سورداش /١٩٨٤ ئەمیر حسین قاوەچی – ڕەهبەر سەید برایم _هاورێ جەبار



سورداش / ١٩٨٤ بە بریندارى ئەمیر حەسین- رەهبەر سەید برایم



هۆڵەندا /کەمپی ئازیلۆ ١٩٩٦



١٩٨٤- کابینەکانی دوکان بە بریندارى /پیشتیوان همزە _شەهید د.کاوە _ رەهبەر سەید برایم

(شەهێن)ی خوشکم بۆ نەگبەتی لە(١٩٨٨/٤/١٦) بە فڕۆکەی ئێران لە هەولێر، بە سەختی بریندار کرا، بەو هەمووە ترس و ئازارەوە، چۆن بەرگەیان گرتووە؟ ویژدان دەزانێ کەس و کاری پێشمەرگە تووشی چ ئەزیەتێك بووین!

**لـــــه ژێـــــر ســـــێبەری هـــــەلی کۆپتـــــەردا**
**پـــــێڵاوم دڕانـــــد شـــــەقم لەبـــــەرد دا**
**بـــست بـــست گـــەڕاوم گـــەرمیان و کوێـــستان**
**لـــــه شـــاخ ژیـــاوم دوور لـــــه شارســـــتان**
**خۆشـــــاوی ژیـــانم رۆیـــــی لـــــه شـــاخی**
**پێـــشمەرگەی کوردبـــووم نـــەك شـــێت و یـــاخی**
**خوشـــك و بـــاب و داك هـــەر ســـەرگەردان بـــوون**
**لـــــه دەربـــەدەری و کـــونجی زینـــدان بـــوون**
**بـــه کـــوێرەوەری لـــــه چـــیاو دۆڵ و دەشـــــت**
**بـــێ بـــەش لـــه خۆشـــی، دەردەســـەریم چەشـــت**
**خـــــەتی ئارەقـــــەی شـــــەیالەو قـــایش**
**رەنجـــــی شـــــەڕەفه تـــــاجی ســـــتایش**
**نـــــەخش و نیـــــشانەی گوللـــــەو ساچـــــمه**
**ژان و برینـــــــی پـــــــشت و قاچـــــــمه**
**پێـــــشمەرگایەتیم شـــــانازی و شـــــەڕەف**
**گـــڕی رابـــردووم بـــه کـــێ دەکـــرێ خـــەف؟**

به درێژایی ژیانی پێشمەرگایەتی، نه له هوتێل خەوتووم و نه لـه چێشخانه نانم خواردووە، بەڵکو لەسەر ئەرك و نانی خەڵکی دێیەکان ژیاوین، نازیان راگرتووین و بەخێویان کردووین، وەك دەڵێن لەسەر زگی خەڵك لەوەڕاوین! بۆیه مایەی سوپاس و پیاوەتی و کوردایەتین:

**نـــان و نمـــەکی خـــەڵکی دەشـــت و دێ**
**لـــه زگـــم مـــاوه لـــه قـــوڕگم دەردێ**

لـــــه شــــیرین خــــەوا بــــۆم راپــــەڕیون
لـــه نیـــوه شـــەوا، ســـەگ پـــێم وەڕیـــون
بـــۆ رێـــی دوور، (ســـەگوەڕ) دڵنـــەوایی بـــوو
مـــوژدەی گەیـــشتن بـــه ئـــاوایی بـــوو
خزمـــەتیان کـــردووم چـــی خـــوا پێـــی دابـــێ
کـــەم لێفـــه هەیـــه، پـــێم دانـــەدرابێ
کـــەم مزگـــەوت هەیـــه، لێـــی نەخـــەوت بم
کـــوا هـــەوراز پێیـــدا ســـەرنەکەوت بم؟
کوتاومەتـــەوه پـــێ دەشـــت و نـــشێو
رك و بزنـــەڕێ و گـــەوەو لوتکـــەی کێـــو
شـــەوەها لـــه شـــاخ ئەزیـــەتم دیـــوه
بـــه شـــەو لـــه برســـان زگـــم گوشـــیوه
بـــه تـــەرزەو زریـــان لـــه قـــوڕ چـــەقیوم
ســـڕو تـــەزیوم چـــەق چـــەق لـــەرزیوم
بـــه درێـــژایی دەشـــت بـــه دەم زێ بنـــار
لێـــی دابـــەش بـــوویم هـــەوار و دەوار

هەرچەنده به گوندەکان دابەش دەبووین بۆ خواردن و حەوانەوەو خەوتن، ناو بـه نـاویش بارەگامـان هـەبووه، خـۆم لـەو بارەگایانـه ژیـاوم و چێـشتمان لێناوەو ئێشگریمان کردووەو لێی خەوتووین، هەروەك: توژەڵـه، زەڵـێ، دۆنـدار، کـانی کـورده، کـانی بـەرد، کـانی گـەوڕه، قـەیوان، رێـدار، قەڵاتـه، فـەتاح تـەپڵ (قزلـوو) کۆیـه، گرجـان، هـەولێر، کـەرکوك، سلێمانی، چـەمی ڕەزان...هتـد. لـه پێشمەرگایەتی قوڕکاریم کردووه، بۆ ئەوەی، له ناو دڵ و دەروونـی جەماوەر جێی خۆمان بکەینەوه.

لـە سـاڵی ١٩٩٢ بارەگـام لـە گونـدی گرجـان بـوو لـە بتیـوێن دۆسـت و خزمـەکانی ڕەسـول مامەنـدی نـەمر هاتنـە لام چـونکە کـۆیی بـووم، لـە شـاخ و پێشمەرگایەتی خەڵك وایان دەزانی خزمی نزیکی مام جەلالم، کە خزمایەتیمان نـەبوو، ئـەوجا ئـەو بەرێزانـەی لـە خزمـانی شـیلانە هاتنـە لام لـە بـن کـەپری (فەرمانگـەی کشتوکاڵی گرجـان) بارەگـا و مـاڵم لـەوێ بـوون ئـەو زاتانـە بـوون: عەبدوڵلاّ کوێخا پیرۆت، کوێخا پیرۆت، ڕەسولّ حەمـە مستەفا، حەسـەن کوێخا ئەحمەدی بنگردان ئەوانی دیم نەدەناسی، کوێخا پیرۆت گوتی دەمانەوێ وەك خزمان ڕەسوول ببێتە یەکێتی چونکە جەنابت خزم و نزیکی مام جەلالی، منیش گووتم ڕەسول کێ یە ؟ کوێخا پیرۆت گووتی ڕەسولی برام، منیش گـووتم ئاخر ڕەسـولی بـرات کـێ یـە ؟ گـووتی: سـەلامەت بـی ڕەسـول مامەنـد، منـیش گـووتم بەراستە! گووتی ئـەرێوەلاّ منـیش یەکسەر لـە قەلاچۆلان چومە کـن مـام جـەلال گووتم مام جـەلال ڕەسـول مامەنـد و گروپەکـەی دەیانـەوێ بێنـەوە نـاو یـەکێتی، مام جەلال، گووتی دەیەوێ ببتە یەکێتی یان حزبەکەیم پێ زیندو بکاتەوە !

گووتم من خۆم ڕەسول مامەندم نەدیوە بەس خزم و برا گـەورەکـەی هـاتووە، گووتی دە وەکیلی من بە ! چیان دەوێ بۆیان بکەن، ئەوە بـوو سـەرەنجام هاتنـە ناو (ی.ن.ك) شێخ محەمەدی شاکەلی و بەهرۆز گـەلاّلی و شـێروان شـێروەندی و موحسین بایز هەمووی هاتنە ناو یەکێتی بە مەراسیم !



**١٩٨٠-دوكان پشتیوان همزه + شەهید حەسەن (هێرش) + جەنگی فەقیانی + ڕەهبەر +دڵزار عەزاو + شەهید نەوزاد دڵزار + سەرباز + قاسمە سوور**



**١٩٨٠زەڵێ / م. دلێر + ڕەهبەر + پشتیوان هەمزە +نەهرۆ باقی**



**١٩٨١/ شەهید شەهریار + ڕەهبەر + پێشرەو**



۱۹۹۱ ڕاپەڕین /ڕانیە (کاوە، شەماڵ تەکباسانی، زریان فەتاح،، ڕەهبەر سەید برایم، سەباح عەبدول قادر، حاکم پێشڕەو، سەرکەوت فەقیانی، مام قادر باغەجنێری)



قاسمە ڕەش۱۹۹۰/۸/۲۳/ شەهید حەسەن کوێستانی، خالید ڕەزا، سەلاح ڕەشید، ڕەهبەر سەید برایم، کاک کۆسرەت

# شنەی ئاواز

مۆزیك شاخێكە لە ئاوەگردی دۆڵی سماقوڵی، دەكەوێتە ئاستی سماقوڵی گرتك، دۆڵێك لەوێ هەیە بە ناوی (دڵكۆ)، بۆیە پێی گووتراوە (مۆزیك)، دەڵێن لەگەڵ شنەبا پەلك و لق و مازوو لەراونەتەوەو جۆرە ئاوازو سۆزێك دروست بووە، بۆیە ئەو كتێبەمان ناوناوە (دیلانەو مۆزیك)، چونكە لە كۆیە بە گۆرانی گووتراوە (دیلانە)، زۆربەی شیعرەكانی ناو كتێبی (دیلانەو مۆزیك) ئاوازیان بۆ دانراوەو بە گۆرانی گووتراون، كراونەتە سروود، شیعرم هەیە چەند جار ئاوازی بۆ دانراوە، ئەوانەی ئاوازیان بۆ شیعرەكانم داناوە ئەو هونەرمەندانەن:

((مامۆستا زاهیر مەلا محەمەد، مامۆستا ئارەزوو ئیسماعیل مەنسوور، دەشتی تاڵەبانی، مامۆستا ئیدریس مەلا حەكیم، بورهان محەمەد، ئازادە ڕەش (هونەرمەندێكی دەنگخۆشە خەڵكی سلێمانیە)، مامۆستا سەروەت كۆیی، د.هێمن حمید شەمس، ئیبراهیم سابیر، د.ئەكرەم خامۆش، حەمە رەفیق سەلیم، مامۆستا هەرێم مسەدەق، سەرتیپ باب سەرداری، رەوەز مەولود ژاكاو)).

ئەو گۆرانیبێژە دەنگ خۆشانەی شیعری منیان چڕیوە ئەو بەهرەمەندانەن: ((ئارەزوو ئیسماعیل مەنسوور، هۆشمەند زاهیر، ئیدریس مەلا حەكیم، تارا رەسوڵ، بورهان محەمەد، ئازادە ڕەش، دەشتی تاڵەبانی، میرۆز كۆیی، باساك شێروان، هیمداد میرزا كەمال، شێواز فریاد، حەمە دلێر، شێروان حەوێز رەسوڵ، نەبات قاسم، ئیبراهیم سابیر، سامان فاتح، د.ئەكرەم خامۆش، پۆڵا

ئیسماعیل، چرپە نەبەز، غولام فاتح، محەمەد کەمال (حەمەی سان). لە راستیدا ئاواز شیعر جوان دەکات، بۆیە ئاوازەکان شیعرەکانیان جوان کردووە.



# تیپی مۆسیقای باواجی


ئارەزوو ئسماعیل مەنسور


هۆشمەند زاهیر


زاهیر مەلا محەمەد


د. هێمن حەمید شەمس


حەمە ڕەفیق


سەروەت کۆیی


سەربەست باب سەردار


میرۆز کۆیی


باساك شێروان


چرپە نەبەز / ئیدریس مەلا حەکیم


نەبات قاسم


غولام فاتحی


هێمن ئەحمەد


ڕەوەز مەولود ژاکاو


سامان فەتاح


ئازادە ڕەش


تارا رەسول


بورهان محەمەد


سیروان سالح

**عەبدول رەحمان بێلاف بەرزنجی لە هەولێر بەردی بناغەی شیعری گۆرانی داناوە، هەزار شیعری زیاتری بۆتە گۆرانی، خۆشی (٥٠) ئاوازی زیاتری هەیە، وامەزندە دەکەم یەك شاعیر نیە بەقەد ئەو شارەزایی شیعری گۆرانی بێت و هێندە شیعری کرابێتەگۆرانیو ئاوازی بۆ دانرابێت، چونکە پێی وایە مۆزیك وشیعر روحی یەکتریان هەڵگرتووە ! زۆر لە گۆرانی بێژە ناودارەکان شیعری ئەویان کردۆتە گۆرانی، عەبدول رەحمان بێلاف بەرزنجی لە شێخەکانی باقلانە وێرای خزمایەتیو شیخایەتی پەیوەندی دۆستانەمان پر ڕێزو خۆشەویستیە، تەنانەت خۆم داخوازی خێزانەکەیم کرد (بێریڤان سەعید ئاغا) کە خوشکەزای دڵداری شاعیرە، بەڵگەو دەست نوسەکانی و ئەمانەتیەکانی دڵداری نەمر تەنانەت چاویلکەو جانتایەکیش لەکن (عەبدول رەحمان بێلافە) نازناوی (بێلاف) سامی عەودالی شاعیر ناوی ناوە، چەندان کتێبی شیعری هەیە**

هـەروەك (كلافـەی حـەزێكی سـەر شـێت، تریفـەی یادگـار، گوڵـدانی فرمێـسك، هەناسە شوشەیەكان، مۆمەكانی ئەشق، ژوانی ئاو، كتێبی لێو)...!





ڕەهبەر سەید برایم + عەبدول ڕەحمان بێلاف بەرزەنجی          هونەرمەند و پێشمەرگە  حەمە جەزا

جگە لەبابەتی عیرفانی هەروەك (شـێخ عەبدولقادری گـەیلانی) و (تەریقـەتی نەقشبەندی) و (ڕابیعـەی عـەدەوی)  حـەمـە جـەزای هونەرمەنـدو پێشمەرگە، لـە پاش هەرەس سەر كاروانو پێشەنگی سرودی سەر هەڵدانەوە بوە، ڕەسـەنایەتی گۆرانی و مۆزیك و هونەری كوردی پاراستوە، حەمـە جـەزا كوری حـاجی عـەلی بەگـەو لـە سـاڵی ١٩٤٩ لـە سلێمانی لـە گـەرەكی حەوشـی گـەورە لـەدایك بوە لـە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نـوێ بەشـدارو پێشمەرگە بـوە، زینـدانی سیاسـی و دەردەسـەری لـە ڕێگـای كوردایـەتی بینیـوە، لـە سـاڵی هەشـتایەكان لـە گونـدی (قزلـەر)ی دۆڵـە روت مـاڵ و بارەگـای لـێ بـوە، قۆنـاغ و كـاروان سـەرای خـەڵك و پێـشمەرگە بـوە، لـە ئەنفالـەكان بـەدەردێ ڕزگـار بـوە، سـاڵی ١٩٩٠ لـە شـاری (سەقز) فیستڤاڵێكی جوانیان كرد بۆ یادی هەڵەبجەی شـەهید و نـەورۆز، حەمـە جـەزای پێـشمەرگەو خـاوەن هەڵوێـست دەنگـی هـەڵقوڵاوی ژان و ئـازاری گـەل و زاڵەی شاخ و ناخی مرۆڤی شۆڕشگێرو بـەرزو بزوێنـەرو كاریگـەر و گـەرویـەكی زێرینی هەبو، هێمای بەرەنگار بونەوە بووە،

گۆرانی و سرودەکانی دەنگدانەوەیەکی بەهێزی هەبوو بەتایبەت سرودی:

**هــۆ کــاکی  پێــشمەرگە شۆرشــگێری قارەمــان**
**نــاوی پــیرۆزی تۆیــە  بۆتــە  وێــردی ســەر زمــان**
**لــەناو گیــان و دەروونــی چەوســاوەکانا ئــەژی**
**هەمیشە هاوریٚ ی چەك و بروا و ســەنگەر و کــەژی**

لەگەڵ خەپەی  خێزانی و منداڵەکانی (تەها – رێزان – بەناز– هونەر– رۆژگار – هۆزیار) لە شاخ و ئاژاوەیی ژیاون چەند کاریگەر بوو دەیان چریکاند:

**مـــەرۆ بابـــە مـــەرۆ بـــۆ جێمـــان دێڵـــی**
**تــا کــەی ژیــان بــەرین ســەر هــەروا بــە وێڵــی**
**تاکــەی خــەمی ئــەم میللەتــە بگرینــە بــاوەش**
**تاکەی لە سۆزی باوکایەتی ئەمان کەی بێ بــەش**
***

# هەنگوینی زەماوەند

سالّی (١٩٨٤) بە تەمای کچێکی خزمم بووم، دەستگیرانم بوو بەزم و رەزمی شەکراو خواردنەوە و ئەڵقە گۆینەوەشم لەگەڵ کرد لە گوندی (هەرمۆتە)،، ویستم بیگوازمەوەو کابینەشم گرتبوو لە (دوکان)، بەلاّم لە پێشمەرگایەتی شەڕێك لە (بەڕانەتی) قەوما، داوایان لێکردم و ناچار چووم بۆ شەڕەکە چەند رۆژێك مامەوەو دواکەوتم لە زەماوەندی گواستنەوە، بارودۆخەکەی کوردستان و پێشمەرگایەتی نالەبارتر و سەختتر دەبوو، رێك نەکەوت زەماوەند بکەم و چارەنووسی ژیانم گۆڕا، خەبات و پێشمەرگایەتی دژوارتر بوو شەڕ هەڵگیر سایەوە و بارودۆخ ناخۆش بوو! دەنا بە شەرع و یاسا، مارەبڕ و حەلاّلی یەك بووین، کچەکەش ژیانی مسۆگەر بوو، موچەی خۆی بە زیادەوە هەبوو، نەهاتە شاخ و نەبووە بووکی شۆرش

چەند شێخ و مەلای دونیایێ

هەمووم هێنایە رەجایێ

زاڵم باب نەهاتە رایێ

شیعری (بێ هەڵوێستی) گوزارشت لە ژیانمان دەکات و سەرەنجام بۆ یەك نەبووین:

# بێ هەڵوێستی

گلــەیی چــی، لــە مــن دەکــەی بــە خــۆڕایی
لــە پاشــی چــی، پەشــیمانی لــە خۆبــایی
هاوســـــەرگیری پیرۆزتـــرین گـــرێ بەســـــتە
شــووت پــێم نــەکرد، بیــانووت پــێم گــرت، ئــەی مامۆســتا
خـــزم و هـــەڤاڵ، شـــایەد حـــاڵن کەوتنـــە نێـــوان
نــەت ســـەلماند و نەبوویـــە بـــووک و گـــوڵی کێـــوان
.............



مهاباد ١٩٨٨

لــە رۆژگــاری دژواری ســاڵی(١٩٨٨) ئــەودەم ســەر تیپــی (٢٥)ی خاڵخــاڵان بووم، لە ئاوارەیی و بێ کەسی کچە شەهیدێکم خواست و ژیانی هاوسەریمان لــە هێلانــەی دووری لــە کەســوکارم پێکهێنــا، لــە(١٩٨٨/١٢/١٩) لــە هوتێــل کوێستان لە شاری مهاباد، بە ڕەشپۆشی و بێ بەزم و ڕەزم، بە هاوکاری دۆست و خۆشەویــستانی شــاخم، (ئــازادی عوسمانەفەنــدی و مهابــادی خێزانــی، خارەکەمال و پەخشان خان خێزانی، حاجی رەفیق و کوردەی خێزانی) بێ هەلهەلەو تەقەو رەقە، زەماوەندمان کردو ژنم گواستەوە، دوایی هەر لە مهاباد چەند رۆژێك لە ماڵی (مامۆستا نازم عومەردەباغ) ماینەوەو خانووەکەی بۆ چۆڵ کردبووین و هەموو پێداویستیەکی تێدا بوو، یارمەتی زۆر درام لە لایەن بابم و کاکم و برادەرانەوە، خێزانەکەم وەك دەڵێن سەر بەخێر بوو، لە شاری سەقز ماڵمان پێك هێنا، لەگەڵ (حاجی رەفیقی تۆفیقی سمەزریان) لەیەك خانوو دەژیاین، لە گەڵ نەوزادی نوری بەگ لە یەك خانوو بوین لە سەقز، دوایی گواستمانەوە بۆ زەڵێ و گەڕەکی بلوارو پوولی هەوائیو گەڕەکی پێچی کانی گەرمکاو لە سەقز!



مهاباد: جەنگی فەقێیانی + بەیان شەهید شەفیق+ بەیان شەهید مامۆستا لەتیف عەسکەری +رەهبەر سەید برایم ١٩٨٨

من و (جەنگی فەقێیانی) لەیەك رۆژدا ژنمان گواستەوە، رێکەوتێکی سەیر بوو، هەردووکمان سەرتیپ بووین، خێزانی هەردووکمان ناوی (بەیان) بوو! خەسووی هەردووکمان ناوی (نەسرین) بوو، هەردوو (بەیان) کچە شەهید بوون و باوکیان فەرماندەبوو!



**١٩٨٨خارە کەمال+ پەخشان قادر +رەهبەر سەید برایم +منداڵەکە ئاوارەی خارە کەمال+ بەیان + کوردەی خێزانی رەفیق +سەنگەر عوسمان (مهاباد خێزانی ئازادی عوسمان ئەفەندی رۆژی گواستنەوەی بووك و زاوایەتیمان بە جلی رەش و ئاسایی.**





خێزانەکەم ناوی (بەیان لەتیف عبدالقادرعەسکەری)یە، باوکی مامۆستای سەرەتایی بوو، زیندانی سیاسی بوو، بووە پێشمەرگەو فەرماندە، لە ئەنفالەکان شەهیدکرا، (٢٣)کەس لە لەبنەماڵەی خێزانەکەم، خوشك و براو نەنكو مامو ئامۆزا، لە (١٩٨٨/٥/٣) بەرکیمیابارانی گۆپتەپە کەوتن. جگە لەو شەهیدانە لە بنەماڵەکەیان شەهیدی دیکەیان هەیە، هەروەك: (شەهید عەلی عەسکەری و شەهید هەژار ساڵح عەسکەری و...هتد).



شەهید مامۆستا لەتیف عەبدولقادر عەسکەری دوای بەربوونی لەزیندان لەستۆدیۆی ئاغجەلەر لەسالی (١٩٨٦) گرتوویەتی



## لیستەی ئەو خزمانەی خێزانم کەشەهید بوون لە کیمابارانی گۆپتە پە لە رۆژی ١٩٨٨/٥/٣

| | ناو | زێدگا | ســـــاڵی لەدایکبوون | رەگەز | پلـــــەی خزمایەتی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | عائـــشه عبـــدالكريم مستەفا | شەدەڵە | ١٩٣٠ | ژن | نەنك | |
| ٢. | پەروین احمد عبدالله | گۆپتەپە | ١٩٥٠ | ژن | دایك | |
| ٣. | لەیلا لطیف عبدلقادر | گۆپتەپە | ١٩٦٩ | ژن | خوشك | |
| ٤. | پڕشنگ لطیف عبدلقادر | گۆپتەپە | ١٩٧١ | كچ | خوشك | |
| ٥. | كاروان لطیف عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٨٢ | كوڕ | برا | |
| ٦. | شیلان لطیف عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٨٤ | كچ | خوشك | |
| ٧. | پەرێز لطیف عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٨٥ | كچ | خوشك | |
| ٨. | بەڵێن بێستون قادر | گۆپتەپە | ١٩٨٨/٤/١٣ | كوڕ | خوشكەزا | دەبتە كوڕی لەیلا لطیف |
| ٩. | عطيـــة عبـــدالرحمن عبدالكريم | شەدەڵە | ١٩٥٢ | ژن | مامۆژن | |
| ١٠. | دانا ئومێد عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٧٧ | كوڕ | ئامۆزا | |
| ١١. | سارا ئومێد عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٨٠ | كچ | ئامۆزا | |
| ١٢. | پۆلا ئومێد عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٨٥ | كوڕ | ئامۆزا | |
| ١٣. | دەریا ئومێد عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٨٤ | كوڕ | ئامۆزا | |
| ١٤. | شـــۆخان عبداللـــــه عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٨٨/١/٣ | كچ | ئامۆزا | سێ مانگ بوو |
| ١٥. | تیـــشكۆ عبداللـــــه عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٨٣ | كوڕ | ئامۆزا | |
| ١٦. | توانا عبدالله عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٧٥ | كوڕ | ئامۆزا | |
| ١٧. | تابـــــان عبداللـــــه عبدوالقادر | گۆپتەپە | ١٩٨١ | كچ | ئامۆزا | |
| ١٨. | تاڤگـــــه عبداللـــــه عبدوالقادر | گۆپتەپە | ١٩٨٦ | كچ | ئامۆزا | |
| ١٩. | فهیمه عبدالرحمن | شەدەڵە | ١٩٥١ | ژن | مامۆژن | |
| ٢٠. | مەحمود جەواد فتاح | بێدەر | ١٩٦٩ | كوڕ | پورزا | |
| ٢١. | شێخ جەوادی بێدەری | بێدەر | ١٩٤١ | پیاو | زاوا | |
| ٢٢. | م. لەتیف عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٤٠ | پیاو | باوك | |
| ٢٣. | شنە لەتیف عبدالقادر | گۆپتەپە | ١٩٨٥ | كچ | خوشك | |

(بەیان)ی خێزانم بەرکەوتووی بریندارى کیمیابارانە، چووە هۆڵەنداش چارەسەری بۆی نەدۆزرایەوە، نووسەرو شاعیرە، دەرچووی بەشی ڕۆژنامەنووسییە لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی و چوار منداڵمان هەیە بەناوەکانی:

١- ڕەندی، لە (١٩٨٩/١١/١) لە سەقز لەدایک بووە.

٢- ڕاهی، لە (١٩٩١/٦/١٩) لە ڕانیە لە دایک بووە.

٣- ڕادی، لە (١٩٩٤/٥/٢٧) لە هەولێر لەدایک بووە.

٤- ڕۆیی، لە (٢٠٠٥/٩/٤) لە هۆڵەندا لە دایک بووە.

٥- خۆم لە کۆیە لە دایک بوویم.

٦- بەیان، لە ئاغجەلەر لە دایک بووە، (بەیان) سەرەتا ناوی (بەیبوون) بووە، بەڵام لە بەیانی (١١)ی ئازار ناوی گۆڕدراوە بە ((بەیان)).



له خانەی خۆمان شەش سەر خێزانین، هەریەکەمان لە جێگایەك لە دایك بووین، لە کات و شوێنی جیاواز، بۆیە جەژنی لە دایك بوونمان لەگەڵ یەکتردا یەکناگرێتەوە. هەر یەکەمان لە شوێنێ لە دایك بووین !!

نۆبەرەمان کچ بوو، وەك دەڵێن: نۆبەرەت کیژ بێ، بەختت تیژ بێ، (ڕەندیخان)، لە شاری (سەقز) لە گەڕەکی (پێچی کانی گەرمکاو) لە دایك بووە، لە خۆشیان خەنی بووم، هەر شیعرو شانامەم بۆ دەهۆنیەوە، لە باوەشم هەڵم دەپەڕاند، بە خۆشی و خۆشەویستییەوە دەمگووت:

هۆ ڕەندی ڕەندی ڕەندی

هەم شەکرۆکەی هەم قەندی

ئەوجا دەبوو بە کۆرس بیڵێنەوە: (هۆ ڕەندی) (ڕەندی) (ڕەندی)! کە لە دایك بوو، ئەو چەند دێڕەم بۆ داڕشت بوو:

لە شاری سەقز لە یەکی یانزدە

بووم بە باوك پێم درا موژدە

ڕۆژی چوار شەمووی ساڵی هەشتاو نۆ

دوو چارێگێك کەم، وەختی پاش نیوەڕۆ

خوا کچێکی پێ داین، ناومان نا (ڕەندی)

ئاواتێکم بوو شوکر هاتە دی!

بۆ پاشە بەرەی (کچم) ڕۆیی ئەو چەند دێڕەم هۆنیوەتەوە:

دوو هەزار و پێنج لە چواری نۆدا

ڕۆژی یەك شەموو وەختی نیوەڕۆدا

سەعاتی دوانزدە پێنج خولەکێك کەم

لە ئەنیش خەدیێ گوڵێ هاتە بەرهەم

بە گوڵێ بەناوبانگ خاکی هوڵندا

بەناوی (ڕۆیی) گوڵێ سەری هەڵدا

# دەردی نامۆیی و مەرگ

لەبەر برینێکی پێشمەرگایەتی لە ساڵی(١٩٩٦) بە مەبەستی چارەسەرو نەشتەرگەری، چارەنووس فرێی دامە (هۆڵەندا)، بە زوویی نەشتەرگەریم بۆ کرا، ڕانیان هەڵدریم و چی ساچمەو برین هەبوو دەریان هێنا؟ بە چل و دوو تەقەڵ وردو ڕێك، بێ ئەوەی ئاسەواری پێوەدیار بێ بە جوانی دروویانەوە، بەڵام چوار مانگان بە دار شەق و شەلەشەل هەنگاوم هەڵدەهێنا، لە وڵاتی گوڵ و پایسکیل، بابم هێندەی مۆڵەت پێدا بووم، پاش چارەسەر بگەڕێمەوە، درێژە بە خەبات و پێشمەرگایەتی بدەم، ڕێکەوت وابوو، کە گەڕامەوە لە(١٩٩٨/٨/٣) لە کۆیە چاوم بە بابم کەوتەوە، بە نەخۆشی سەعات هەشت و نیو بوو، تەنیا دە چرکە چاوەکانی تێ بڕیم و بە زەردەخەنەوە، بێ ئەوەی یەك وشە دەربڕێ، کۆچی دوایی کرد، خوا ڕۆحی ڕاگرت تا گەڕامەوە، ئاواتی گەڕانەوەم بوو، لەسەر وەسیەتی خۆی لە هەیبەسوڵتان نێژرا، ئەو چەند دێڕەم بۆ هۆنییەوەو لەسەر کێلەکەی نووسرا:

ئەی هەیبەسوڵتان پیرۆز و بەڕێز
چاکێکی پاکت هاتە شان و ڕێز
سەید برایمە بیگرە لە ئامێز
سەیدی ساداتە وەچاخی بەهێز
*******

**لەسێی مانگی هەشت، ساڵ (نەوەت و هەشت)**
**پەپوولەی گیانی فڕی بۆ بەهەشت**
**بۆ کوردایەتی بەندی و دەردی چەشت**
**شاراوەی شاران دەربەدەری دەشت**
**********

**ڕووناکی ژینم بە کۆیە و خاکی**
**هەیبەسوڵتانە مەرقەدی پاکی**
**دەبمە قوربانی بە سەیدی و کاکی**
**وەسیەتی خۆیەتی مەکەن غەمناکی**

چونکە بابم لە شعرێکدا وتویەتی:

**هەرکاتێ مردم دڵ نەکەن غەمناک**
**لە کوردستانا بمنێنە ژێر خاک**

داکیشم (خەجاوەخان) لە (٢٠٠٤/٨/١٨) لە سوید کۆچی دوایی کردو لەتەك بابم لە هەیبەسوڵتان نێژرا، بەو چەند دێڕە کێلەکەمان رازاندەوە:

**لە ئارامگای خەج و سەیدا**
**دوو عاشقی بۆ کورد شەیدا**
**لاسکو گوڵی یەك دڵ و گوڵ**
**خەجی خەجان ژنانەو گوڵ**
**تەوارێکی لوتکەی عاسێ**
**بەندیخانەو شاخ دەیناسێ**
**شێری پێ دایەن بە دەستنوێژ**
**بۆ خەباتی سەخت و درێژ**

بـــــا عاشـــــقانی شـــــاخ و خـــــەبات
بـــــۆ مـــــرازی وەفـــــا و ئـــــاوات
گـــــۆڕی پـــــاکی خەجاوەیـــــە
بـــــۆ رازو ڕێـــــز سەرچـــــاوەیە



ساڵی ١٩٩٦هۆڵەندا، هۆخەفێن (ئەسعەد عەدۆ، ڕەهبەر سەید برایم، حەسەن تاڵەبانی ، کامەران، ، فوئاد جاف،)
دانیشتووگان لە چەپەوە بۆ راست (کارزان حەمە غەریب، سیروان دزەیی، هێدی، دانا)



**فوئاد جاف، ئەسعەد عەدۆ، کاك هەمزە، ڕەهبەر سەید برایم، کاك دڵزار  کارزان حەمە غەریب**

**دانیشتووەکان لە چەپەوە بۆ ڕاست کەمال شەوکەت، نەناسراو، سیروان دزەیی، عەبدول ڕەحمان محەمەد، کاك محەمەد**



**(سیروان دزەیی، کاك دانا، ڕەهبەر سەید برایم، فوئاد جاف)**



**١٩٩٦/ هۆلەندا، ئەرنهیم (کارزان حەمە غەریب، نەناسراوە، ئەسعەد عەدۆ، کاك هەمزە، رەهبەر سەید برایم، کاك دڵزار، نەناسراوە )**

# پەیژەی پلە و پۆست

لە راستیدا زوو بوومە کادیرو لێپرسراو، شۆڕش کەم دەرامەت و سەخت بوو، لە هەرێمەکان و بارەگاکان خوێندەوارو خەڵکی شار کەمتر بوون، ساڵی(١٩٧٩) کرام بە ئەندام ناوچەی خۆشناوەتی، ساڵی(١٩٨١) کرام بە لێپرسراوی ناوچەی دەشتی کۆیەی (ی.ن.ك)، دوایش هەر لە دەشتی کۆیە بوومە لێپرسراوی ناوچەی شۆڕشگێڕان لە کۆیە، پاش شەهیدکرانی (شەهید شەماڵی باخ و شەهید سەرباز ئەحمەد) ساڵی(١٩٨٣)



کرام بە جێگری تیپی(۹۳)ی کۆیە لە جێی (شەهید سەرباز ئەحمەد)و کەرتێکی تایبەتی خۆشم هەبوو، هەم جێگر تیپ بووم، هەم ئامیرکەرت، من لە ڕێکخستنێکی بێ هێزبووم لەناو (ی.ن.ك) زۆربەی خەڵك و پێشمەرگە کۆمەڵە بوون، زاڵ بوون بەسەر شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، من شۆڕشگێڕان بووم، بۆیە قەرزاری (شەهید شەماڵی باخ)م، لەناو ئەو هەموو کادیرو فەرماندانەی کۆمەڵە، دەیگووت بەدیلی من (ڕەهبەر سەید برایم)ە. ئەمە قورس بوو، چونکە هاوڕێیانی کۆمەڵە ئەوەیان پێ هەرس نەدەکرا، کەوتمە کاروباری سەربازیەوە، ساڵی(١٩٨٤) بووم بە فەرماندەی تیپی (۹۳)ی کۆیە تا ساڵی(١٩٨٧) دوایی گوێزرامەوە بۆ سەرتیپی(۲٥)ی خاڵخالآن، سەرەتا تووشی کێشەو ناڕەزایی بووم لەلایەن پێشمەرگەو کادیرەکانی تیپی (۲٥)ی خاڵخالآن، بەڵام ناهەقیان نەبوو، چونکە خۆیان سەرتیپیان هەبوو، (مام جەلال)یش بروسکەیەکی لێدابوو، بۆیانی نووسیبوو، سەرتیپێکی قارەمان وخوێندەوارو هۆشیارم بۆناردوون، ئەویش (ڕەهبەر سەید برایم)ە، کە ئەم بروسکەیە دەبینن، نیگەران دەبن! دوایی (مام جەلال) کادیرو فەرماندەکانی بانگکردو پێی ڕاگەیاندن کە پشتیوانی (ڕەهبەر سەید برایم) بکەن، ئەوانیش بە ڕاستی هەموو پشتیوانیان کردم و بەسەرکەوتوویی چالاکی زۆرمان ئەنجامدا، ڕۆژانی سەختی پارتیزانی ئەنفالمان بەڕێ کرد، بە خۆڕاگریو ورەبەرزی، دوایی چووینە سەر سنور(قاسمەڕەش)، لەوێ بۆیەکەمجار فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دامەزرا، بوومە ئەندامی فەرماندەیی گشتی، (مام جەلال) لە زەڵێ ماڵەکەی خۆی پێدا‌ین، تا ڕاپەڕین، بەرنامەی ڕاپەڕین داندرا، لێپرسراوی میحوەر بووم لە بیتوێن و کۆیە تا کەسنەزان، لە ڕاپەڕین کرام بەئامیر بەتالیۆن و ئینجا هێزی (۷)ی کۆیە، (٥)هەزار پێشمەرگەمان هەبوو، لە قەڵای هەرمۆتە مەشقمان پێ دەکردن، دوایی گوێزرامەوە بۆ هێزی (١٥)ی قەرەچوغ لە هەولێر.





١٩٩٠- کرماشان / مام رۆستەم +شێردل حەوێزی +شێخ جەعفەر + شەهید شاخەوان +جەبار یاوەر + کاک کۆسرەت +رەهبەر سەید برایم + سەفینی مەلا قەرە





محافظة اربيل
الادارة العامة
الى / ...
م/ تأييد

نؤيد بأن السيد رهبر سيد ابراهيم ...

عبد المهيمن بارزاني
محافظ اربيل

لەگـەڵ دامەزرانـدنی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان بوومـە قایمقـامی شـەقلاوە، پاش راپەڕین یەکەم قایمقامی شەقلاوە بووم، کە قایمقام بووم لە شەقڵاوە، لە ساڵی ١٩٩٣ داوەتێکی کوردەواری رێکخراوەی (ئۆفدە) م کرد لە شەقڵاوە، خاڵە تایەرم لەو رێکخراوە کاری دەکرد چونکە لە ئەمریکا خوێندنی تەواو کردبوو، زمانی ئینگلیزی زۆر بە ڕەوانی دەزانی: لێپرسراوی رێکخراوی (ئۆفدە) مستەر (سکۆت پۆرتمن) لێ پرسیم چۆن سەرکەوتوو دەبی کە قایمقامی شەقڵاوەی ؟ منیش گوتم لە ساڵی ١٩٧٩ پێشمەرگەم لەو شاخانە، لەسەر چیای سەفین بە سەختی بریندار کرام وەخت بوو بکوژرێم، باپیرە گەورەم کار بەدەستی گەورەی ئەو شەقڵاوە بووە، بەڵام خەڵکی شەقڵاوە خەبات وبریندارییبوون و باپیرە گەورەی منی بۆچیە ئەو دەم بارەدۆخی خەڵك نا لەبار بوو، گوزەرانی خەڵك لەوپەڕی خراپی دابوو، خەڵك بەدۆلاری کەس وکاری کە لە دەرەوەی وڵات بونایە دەژیا، چونکە دۆلار بەهای بە هێزی هەبوو، کوتم گەر دەتەوێ سەرکەوم، نەوت وئازوقەم بۆ خەڵکی شەقڵاوە بۆ دابین بکە، چونکە خەڵك پێویستی پێ یەتی بەو کارە سەرکەوتوو دەبم، مستەر سکۆت وتەکەی منی بە دڵ بوو، بۆیە داخوازیەکەی جێ بە جێ کرد، دڵی خەڵکی شەقڵاوەی شاد کرد. هەر لەو ماوەی قایمقامی شەقڵاوە بووم لە دەوامی بووم ، بە رێکەوت

حاجی مەجیدی قەساب ومەلا عەزیزی ئیمام و خەتیبی مزگەوتی گەورەی شەقڵاوەم لا بوو، هێندەم زانی پۆلیسەك لە پڕ هات رمبەی پێ ی هات وسەڵاوێکی سەربازی کرد بە منی گووت (بەگم) دوو دەستە چەکدار دامەزراون لە شاخی سەفین نزیك قایمقامیەت گووتم بۆ ؟چی قەوماوە، گوتی جوتیار وئاغان کێشەی زەویان هەیە، منیش قاتم لەبەر بوو بۆینباغم بەست بوو بەپەلە هاتمە دەرێ، بینیم هەمووی بە چەکەوە بەرامبەر یەك دامەزراون، حاجی مەجیدی قەساب و مەلا عەزیزی ئیمام خەتیبی مزگەوت لەگەڵم هاتنە دەرێ، منیش کە چاوم بەو هێزە چەکدارانە کەوت، تووڕە بووم بۆینباغەکەم کردەوە، گوتم ئەوە ئێوە من بە ئەفەندی تێ دەگەن لەوەتی هەم لەو شاخەم، مەراقم شەڕە گەر مەرد وپیاون با بیکەینە شەڕ، هەردوولا چەکدار زانیان تووڕەم، پاش مشتومڕێك نوێنەری هەردوو لا هاتنە خوارو چەکدارەکانی دیکە هەر لەوێ بڵاوەیان لێکرد. نوێنەرەکان هاتن بۆ ناو قایمقامیەت، هێور بوونەوە ویستم پێکیان بهێنم، بەڵام پێك نەهاتن قەپ وقڕیان نەکرد و بەشەڕ نەهاتن، منیش نوسراوێکم بۆ کردن کە لە قایمقامیەت ناوەندی هەولێر بەڵکو بۆیان چارەسەر بکەن، بێ شەڕ وتەقە لا ئێمە رۆیشتن وهیچ روی نەدا مەلا عەزیزوحاجی مەجیدی قەساب شایەتحاڵ بوون، بەڵام سەرئەنجام لەبەردەم قایمقامیەت ٢-٣ کەسیان لەیەکتر کوشت ! مەلا عەزیزی ئیمام وخەتیب زۆر سەرسام بوو بەو کارەم، شەڕی یەکێتی و پارتی قەومابوو ئەو لە وتاری نوێژی هەینی ستایشی منی دەکرد، دەیگوت ئەمە قایمقامە بۆینباغی فڕێدا گوتی وادەزانن ئەفەندیم، چونکە زەبت وڕەبتی هەبوو لە شەقڵاوە چ نەقەوما بەڵام لە هەولێر یەکتریان کوشت.

پاش قایمقامیەت دوایی گوێزرامەوەو بوومە سەرۆك ئەرکانی قیادەی مەنتیقەی هەولێر لە سوپای یەکگرتوی کوردستان، دوایی بوومە فەرمانەدەی

قیادەی مەنتیقەی کۆیە، ئامادەنەبووم لە کۆیە شەڕی برا کوژی بکەم تالانی بکەم، بۆیە بە مەبەستی نەشتەرگەری چوومە هۆڵەندا، بە (١٤) ڕۆژان پەنابەری سیاسیم وەرگرت و پاسەپۆرتیشیان پێدام، لەوێ چامەی (بەبەختی حاجی)م دانا:


١٩٢٥

پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی خۆجێتی و کاروباری ئیداری
خۆجێتی

حکومەتی هەرێمی کوردستان

ژمارە /
بەروار / ٤/ ١٢/ ١٩٩٢

(( فەرمانی کارگێری ))
ب: دامەزراندنی قایمقامیەن

بڕیاردرا بەپێی فەرمانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ژمارە ٤٥٤٢ لە بەرواری ١٨/ ١٢/ ١٩٩٢ لە سەر فەرمانی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عیراق ژمارە ٣٥٢١ لە بەرواری ٢/ ١٢/ ١٩٩٢ بە دامەزراندنی ئەو بەڕێزانەی خوارەوە لەو فەرمانانەی وە بەو موچانەی کە بەرامبەر ناوەکانیان نوسراوە.

م: تعيين قائمقامين

تقرر بموجب امر وزارة الداخلية لاقليم كردستان ٤٥٤٢ في ٢٨/ ١٢/ ١٩٩٢ المعطوف على امر رئاسة مجلس الوزراء لاقليم كردستان العراق المرقم ٣٥٢١ في ٢/ ١٢/ ١٩٩٢ تعيين السادة التالية اسماؤهم ادناه بوظيفة قائمقام للاقضية المؤشرة بجانب اسمائهم وبالرواتب المؤشرة ازاءهم عدا مخصصات الزوجية والاولاد والشهادة والمنصب.

| ناو ـ الاسم | الوظيفة ـ فەرمان | موچە ـ الراتب ف | د |
|---|---|---|---|
| ١. محمود محمد | قائمقامی قەزای ناوەندی هەولێر | ٥٠٠ | ٢٩٣ |
| ٢. اختر علي جمال | = = کۆیسنجق | ٥٠٠ | ٢٩٣ |
| ٣. رهبر سيد ابراهيم سعيد | = = شەقڵاوە | ٥٠٠ | ٢٩٣ |
| ٤. سردار عبد الكريم | = = سۆران | ٥٠٠ | ٢٩٣ |
| ٥. عبد الرحمن ملا رسول | = = چۆمان | ٥٠٠ | ٢٩٣ |

عبد المهیمن بارزانی
پارێزگاری هەولێر
٢٩/ ١٢/ ١٩٩٢

وێنەیەک بۆ:-
وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستانی عیراق ـ نوسراوی دیار کراوتان لەگەڵ ڕێزمان
پارێزگاری هەولێر ـ کارگێری ناوخۆیی ـ الادارة المحلية
قائیمقامیەتی قەزای هەولێر
= = کۆیسنجق
= = شەقڵاوە
= = سۆران
= = چۆمان

١. تکایە ئاگادارمان بکەن بە دەستبەکار بوونی بەڕێزان بەکاری فەرمانەکانیان
٢. اعلمنا بتاريخ مباشرتهم بوظائفهم رجاءً

کت/ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکان ـ مديريات النواحي
بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر ـ مديرية شرطة محافظة اربيل

مەڵێن هەڵات و ڕایکرد و ڕۆیی
کوردکوژی نەبێ شەڕی ناوخۆیی
چۆن بەجێ دێڵم شارو وڵاتم
سەروەری ژینمە ڕەنج و خەباتم
تاریك نەکەون کورد خۆبەخۆیی
جۆش نەدەن وەك هەنگ بۆ سەربەخۆیی
لەگرمە گرمی هاشەی هەردولا
ناگەڕێمەوە ناچمەوە ئەولا
بەیەکگرتویی و ئاشتی و برایەتی
دەگەڕێمەوە بۆ کوردایەتی



کە گەیشتمە هۆڵندا بەهاوکاری پێشڕەوی عەریف برایم لە کامپی هۆ خەفێن گیرسامەوە، لووتم بە لووتی ئەسعەد عەدۆ وەبوو، گووتی کوردی گوتم بەلێ گووتی خەڵکی کوێ ی گووتم هەولێر گوتی ناوت چی یە گووتم بەرزنجی، دوایی چوو بووە لای کوردەکان گووت بووی جەلالیەك هاتووە گوتبوویان بە چ دەزانی جەلالیە گوتبووی زۆرم پرسیارم لێ دەکرد بەڵام ئەوە بە نا بە دڵی جوابی دەدامەوە، لەراستی من ئەوم دەناسی، ئەو نەیدەزانی من کێم؟ ئەو رۆژە هاتمە کەمپ چەند کەسێك پەنابەری سیاسیان بۆ دەرچوو بوو، نیمچە ئاهەنگیان ساز کرد لە کامپەکە، گوتیان (پێ ی و قدوومت) خێر بوو، یاخوا بەخێر بێ ی، هەندەیان پرسیار کرد، سەرەنجام گوتیان ئەو کامپە

و غەریبایەتی یە، نابێ باسی حزبایەتی بکەن هەموومان کوردین، منیش برادەرێکم ملوانکەیەکی زێری بۆ کرد بووم لە ملم بوو لە کۆنترۆلی کامپ لێ یان نەستاند بووم، منیش گووتم هەقم بەسەر ئێوەوە نی یە، بەلأم من کوردم وحزبیم و یەکێتیم، گوتیان ئاخر نابێ گوتم کاکە لە بەعس نەترساوم چۆن لە هۆڵندا بڵێم حزبی نیم ویەکێتی نیم، ژیانم لە و شاخ و داخە سەرف کردووە ، یەکیان گووتی تەماشای ملوانکەکەی ملی بکە لە حەیاتی لە شاخ نەبووە، سەرەنجام ئاشکرا بوو، هەردەهات و دەچوون پرسیاریان دەکرد پرسیاریان لە ئەسعەد عەدۆ دەهێناو ئەسعەد عەدۆ گووتبووی هەبێ نەبێ ئەوە ڕەهبەری سەید برایمە !هەر چەند دەمویست خۆم نەناس بکەم هەر ئاشکرا بووم! یەك لەو برادەرە کوردانە پەنابەری سیاسی بۆ دەرچوو بوو، خۆی نیازی تایبەتی خۆی هەبوولە هۆڵندا، چ پەیوەندی بە سیاسی و کوردایەتی یەوە نەبوو ئەو دەم ئەسعەد عەدۆ پەنابەری سیاسی وەرنەگرت بوو، ئەویش خۆی بە جۆرنالیزم و سیاسەتمەدار دەزانی، منیش هەر بەخۆشی بەو برادەرەم دەگووت ئەرێ دەبێ حکومەتی بەعس بروخێ، ئەویش دەیگوت (نا) هەر (ئا) و (نا) ی دەزانی دەمگووت دەبێ یەکێتی و پارتی بەشەڕ بێن دەیگووت (ئا) ئەسعەد عەدۆش گڕی دەگرت دەیگوت ما قوولە پرسیار لەو دەکەی لە من ناکەی ئەوە چی یە من سیاسی و جۆرنا لیستم ! منیش گووتم کاکە ئەو حکومەتەی هۆڵندا ددانی بەو زاتە هێناوە کە سیاسی یە چونکە پەنابەری سیاسی وەرگرتووە، چیشم بە تۆیە ! قابیلە هۆڵندا هیندە غەشیم بێ بۆیە هەر سیاسیەك بێ من پرسیاری لێ ناکەم، بەس لەو کەسانەی پەنابەری سیاسیانەیان وەرگرتووە، پرسیار دەکەم،

لەگەل ئەسعەد عەدۆ بووینە برادەر، ڕازی دڵ و سکالأی خۆمان لەکن یەك هەڵدەرشت گلەیی لە(ی.ن.ك) هەبوو کاتی خۆی سەرەتای ڕاپەڕین وەریان

نەگرت بوو، گلەیی هەبوو کەوا لە شەڕی ناوەخۆ ئازار دراوە، سەرەنجام دوو قۆڵی کەوتینە کامپی (ئازیلۆ) لە ژورێکی تەسك دەژیاین بەس پارتیەکی توندڕەو بوو کە پێوە ماندوو نەبوو بوو، بە ڕێکەوت ببووە پارتی !!

جارێك لە کامپی(ئازیلۆ) کوردێکی کوردستانی تورکیا کورسیەکانی کەمپی کۆ کردبۆوە یەك بوتڵە بەنزینی پیێ بوو لەگەڵ چەرخێك دەیگووت خۆم دەسوتێنم لەگەڵ کامپەکە گەر پەنابەریم نەدەنێ لە دوویان ناردم کەوا کوردم پێ ی بڵێم خۆت مەسوتێنەکە چووم گووتی بیێ یە پێش دەتسوتێنم گووتم نەهاتووم کە خۆت نەسوتێنی پێم خۆشە خۆت بسوتێنی بەس حەیای گەلی کورد نەبەی دەزانم خۆت ناسوتێنی، پوختە پۆلیس گرتی و بردی، دەپارایەوە گوتم ئاخر نەمگووت حەیای کورد مەبە ! بۆ خۆت نەسوتاند !

دەبوو ئەو کارەت نەکرد با، گەر دەتکرد خۆت سوتاندبا !

ئەسعەد عەدۆش دەیگوت یەکێتی چەند زاڵمە وە دەتویست خۆی بسوتێنێ ئاخر گوتم لەبەر کوردمە، نەدەبوو وای کرد با ! لە کامپەکە لۆمەی کوردانی دەکرد کاری خراپی کردووە.من و ئەسعەد عەدۆش کورد بوین کوردی دیکەی لیێ نەبوو، دەیانگووت کورد تیرۆرستە ! بە تەما بوو کامپەکە بسوتێنن!

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
ژمارەی بڕیار : ( ٥٦١ )
ڕۆژ : ١٩/ئەیلول/٢٠٠٥ز
بەرامبەر : ٢٨/گەلاوێژ/٢٧٠٥ك

**بـــڕیـــار**

**پشت بەستن بەئەحکامی بڕیاری ژمارە ( ١٨٠ ) لە ٣٠/ئەیلول/٢٠٠٢ ، و ئاماژە بە بڕیاری ژمارە ( ١٨ ) لە ١٠/کانوونی دووەم/٢٠٠٥ ، تایبەت بە پێکهێنانی دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان ، بڕیارماندا :**

١. دامەزراندنی بەڕێز (**ڕەهبەر سید إبراهیم بەرزنجی**) بە لێپرسراوی دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان بە پلەی (**بریکاری وەزارەت**).

٢. هەردوو وەزارەتی (کاروباری پێشمەرگە، دارایی و ئابووری) ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی دەرچوونییەوە.

٣. لە سلێمانی نووسرا لە ١٩/ئەیلول/٢٠٠٥ ز ، بەرامبەر ٢٨/گەلاوێژ/٢٧٠٥ ك.

**عومەر فەتاح**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

٨/١٥

سەرەتا لە کەمپی (هۆخەفین) بووم، لەوێ (ئەسعەدعەدۆ)م ناسی و لەگەڵ (هەمزەی ئیلخانیزادە، حەسەن تاڵەبانی، سیروان دزەیی، فوئاد جاف). لە کەمپی (ئازیلۆ) بووم لەگەڵ (ئەسعەد عەدۆ) ئەو دوو کوردەبووین، پێکەوە باس و خواسی فۆلکلۆرو ئەدەب و شعرمان زۆر دەکرد. نەشتەرگەری قاچم بۆ کرا لە (هەنگلۆ)، بەراستی جوامێرێکی بەرکەتی بەناوی (چخسی بارزانی) لە وەرگێران و میوانداری یارمەتی زۆری دام، دوایی لە شاری (ئەنیشخەدێ) گیرسامەوە، بە هۆی هاوسەنگەری پێشمەرگایەتیم (ئاری کەمال) زۆر هاوکاری کردم و یەك هۆدەی هەبوو، بۆ منی تەرخانکرد بەس ئەوی لێ بوو بیناسم و ئەو شارە بە دەگمەن کوردی لێ بوو، دواتر وردەوردە کوردو کۆیشی هاتێ، سەرەنجام بووینە (١٤) ماڵە کۆیی لە (ئەنیشخەدێ). چەندان ماڵە کوردی لێ پەیدا بوو !

ساڵی(١٩٩٨) گەڕامەوە کوردستان، وازم لە پەنابەری هێناو پاسەپۆرتیان لێ سەندمەوەو مافی پەنابەری و پاسەپۆرتم نەما، بە ماڵ و منداڵەوە ئێجگاری گەڕاینەوەو لە شاری سلێمانی گیرساینەوە. ساڵی(١٩٩٩) بوومە جێگری مەڵبەندی پێشمەرگە، دواتر بوومە کارگێڕی فەرماندەیی گشتیو سەرپەرشتیاری فەوجەکانی سکرتاریەتی (مام جەلال) ساڵی(٢٠٠١) بڕوانامەی کۆلیژی سەربازی قەڵاچوالانی (خولی یەك)م بەپلەی نایاب بەدەست هێنا، سەرەتا بە مولازم و سەرئەنجام بوومە لیوا، ساڵی(٢٠٠٥) کرامە سەرۆکی دەزگای کاروباری پێشمەرگە دێرینەکان لە سلێمانی و بەپلەی جێگری وەزیر، لە کۆنگرەی (٣)ی (ی.ن.ك) لە(٢٠١٠/٦/١) بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرام و لە (٢٠١١/٨/٢٥) کرام بە لێپرسراوی مەڵبەندی (١٤)ی ڕێکخستنی کۆیەی (ی.ن.ك). لە ٢٠١٨/٧/٢٣ کرام بە لێپرسراوی مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی.ن.ك) لە ٢٠١٨/٧/٣١ دەست بەکار بووم. پاش هەفت ساڵ و

مانگێك کەم توانیمان لە سێ هەڵبژاردن بیبەینەوە برەومان بە کاری سیاسی و رۆشـەنبیری وزانستی وهونەری دا، دەیان کەسایەتیمان ژیاندەوە، بە ناوڵێنانیان بە پارك وپەیکەر ومزگەوت و قوتابخانەو کتێبخانە وهۆڵ و گەلەری، یان یادکردنەوەیان لە بۆنە وساڵڕۆژەکان.



٢٥ /٢٠١١/٨/ دەست بەکاربوونم وەك لێپسراوی مەڵبەندی کۆیە



قەلاچۆلان/ مەحمود بێسەری — تەها کانی بەردی — مام — رەهبەر سەید برایم – حەمە هەژار



رەهبەر سەید برایم، مەلا بەختیار، جەمیل هەورامی

تا نهۆکە ٦٣ خەڵاتی رێزلێنان ومەدالیا و سوپاسنامەم پێشکێش کراوە، لە بواری پێشمەرگایەتی وکاری روناکبیری وکەسایەتی وخزمەتگوزاری ورۆژنامەوانی.



**رەهبەر سەید برایم، مام جەلال**

# هۆبەی هۆنراوە

# جەنابی مام

**هەڵۆی شاخ و شێرەکەی شام**
**بەرزو نەبەز بە ورەو سام**
**جەنابی مام**
**شۆڕشی نوێ و گیرسانەوەی**
**نەڕووخان و هەڵسانەوەی**
**وانەو وەڵام**
**جەنابی مام**
**چاویلکەکە و گۆچانەکەی**
**تەزبیحە قل قەزوانەکەی**
**بۆتە پەیام**
**جەنابی مام**
**قاقاو نوکتە گێڕانەوەی**
**ئاسۆی دووری لێکدانەوەی**
**سەیرو سەرسام**
**جەنابی مام**
**بنکەو ماڵی لە جەرگەی شەڕ**
**لە قوڵایی ناو جەماوەر**
**پێگەی مەقام**
**جەنابی مام**
**ناکۆکی و دژ ململانێ**
**مام لێزانەو لێ دەزانێ**

**ساڕێژی زام**

**جەنابی مام**

**بە گووتاری جۆش و خرۆش**

**بە لێدوانی شیرن و خۆش**

**ووتەی بەتام**

**جەنابی مام**

**مێژوو ویژدان شایەد حاڵە**

**گەورەو ڕابەر مام جەلالە**

**بە بێ بەڵام**

**جەنابی مام**

**لە ڕووداو و بۆنە و پرس**

**دەهاتە گۆ بە بێ ترس**

**بەڵام ئەنجام**

**نەجیم نەلام**

**حەیف بۆ مام**

٢٠١٥/٦/١

## هەستی ڕەبەنێ

عاشقێکی ئەشقیامە
بێ واریس و بێ مەئوامە
بە ڕەبەنی تەمەن ڕۆیی
پیر بووم دەمرم بە نامۆیی
نەگەیشتم بە ئاواتم
کارەساتە بەسەرهاتم
بەد بەختێکی ڕەنجەڕۆمە
جێی گلەییم دەمکەن لۆمە
بەچی دەچێ باغی بێ گوڵ
بانگی عەشقە نەوای بولبول
تەنیایی من ناچارییە
سۆزو وەفا یادگارییە
عەشق نەمرە جوانی گیانە
بێ هاوسەری کەی ژیانە
کە منداڵێ دەڵێ بابە
ئاگر دەگرم دڵم کەبابە
دڵ ڕەنجاو و بەجێ ماوم
بیرم ناچێ هەتا ماوم
هەست ناسک و بریندارم
تابمێنم ئەویندارم
تا بمێنم ئەویندارم
وەفادارم، وەفادارم

پێشکەشە بە برایان (ع) و (ن) و (ئا)

# کوڕەکەی خۆرهەلآتی

کوڕەکـــــــــەی خۆرهــــــــەلاَتی
بـــــۆ کۆیـــــه بـــــەخێرهاتی
زەویـــــه ســــپی و هەرمۆتـــــه
مـــــالّ و مەڵبەنـــــدی خۆتـــــه
کوڕەکـــــــــەی خۆرهــــــــەلاَتی
******

مـــــن کـــــۆیی و تـــــۆ کوێـــــستانی
کـــــــوردین و کوردســــــــــتانی
بـــــۆ کوردایـــــــەتی و خــــــەبات
بویـــــــه پێـــــــشمەرگەی ولاَت
کوڕەکـــــــــەی خۆرهــــــــەلاَتی
قارەمـــــــــانی خــــــــەباتی
******

دەشـــــکێنم شـــــووره و ســـــنور
ڕەچـــــاو ناکـــــەم خــــەتی ســـــوور
دەبمـــــه بـــــووکی خۆرهـــــەلاَت
ژیـــــان و گیـــــان دەکـــــەم خـــــەلاَت
کوڕەکـــــــــەی خۆرهــــــــەلاَتی
ئـــــــازادو دیمـــــــــوکراتی
******

نەمێوان و ئاوارەی
وەك من خەڵکی ئەو شارەی
خاوەن ڕێزو پیرۆزی
مەردو بەهێزو قۆزی
کوڕەکەی خۆرهەڵاتی
پشتوو پەناو قەڵاتی
ڕۆژێ دادێ بەشادی
بەسەر بەرزی و ئازادی
بۆ ئەو دیو بچینەوە
بەری ڕەنج بچێنەوە
کوڕەکەی خۆر هەڵاتی
لوتکەی ڕێزو ئاواتی

ئەم شیعرە بیرۆکەی کچێکە، برایەکەی لەگەڵ مندا شەهید بوو، ڕازو سکاڵای دڵی خۆی بۆ باس کردم وەك نزیکیەکی تێ ڕادیتوو.....

# بانگی دەوڵەت بوون

ئـــــــەرێ دونیـــــــا ســـــــەراپا
بـــــە پێـــــشکەوتووی ئـــــــەوروپا
بـــۆ گـــشت کیـــشوەری جیهـــان
بەڕاشـــــکاوی بـــــێ پـــــەنهان
ڕوو لـــــە یـــــەزدانتان دەکـــــەین
بـــــانگی ویـــــژدانتان دەکـــــەین
کـــــوا یاســـــاو مـــــافی مـــــرۆڤ
دەگاتـــــە کـــــوێ بـــــانگی ئـــــۆف
کـــــورد نەتەوەیـــــە ئاســـــا
بەگـــــشت پێـــــوەرو یاســـــا
کـــــورد گەلـــــە بـــــێ دەوڵەتـــــە
دابـــــەش کـــــراوو لـــــەت لەتـــــە
پێگـــــەی مێـــــژووی هەیـــــە
خـــــاك و ڕابـــــردووی هەیـــــە
خـــــاوەن زمـــــان و ســـــنووره
بـــــەئاین و کـــــەلتووره
کارەســـــات و قڕکـــــردن
لەمێـــــژە بەشـــــی کـــــوردن

ئەنفال و کیمیاباران
تێکدانی گوندو شاران
لەکات بەدەری فەلەك
لالش و تاوس و مەلەك
مەسحەفا ڕەش و جیلوە
سۆمای چاوو پێڵوە
ستەم دیدە ئێزیدی
لەجێی ئەژدادو زێدی
لەزومارو شنگالا
بەغەزەبی دەجالە
بێ ئازادی دەربڕین
(دین گۆڕین و سەڕبرین)
شەرمەزاریەو خەوشە
لەو پێشکەوتن و ڕەوشە
بەدڕندەیی و بێ ڕەواج
ماڵ و شەڕەف بەهەڕاج
ئێزیدی خۆڕاگرە
لەناو خوێن و ئاگرە
چیان نەکرد لەدژی
کورد هەر ژیاو هەردەژی
ئاسۆی گەشە کوردستان
دەوڵەتە خواو ڕاستان



# شەهيد نەقيب ڕەنگين

دژی تـــــــيرۆر دەجـــــــــەنگين
بـــــووکی شـــــەهيدان ڕەنگـــــين
بـــەخوێن ڕەنگـــين ئـــەی ڕەقيـــب
پێـــــــشمەرگەی ژن بەنـــــــەقيب
گولاڵـــــە ســـــوورەی تـــــەوار
جێـــــی بەهەشـــــتە دوا هــــەوار
ڕووی داوە لەمێــــــژووی كـــــورد
لەهەڵمــــــەتی دەســـــت و بـــرد
قـــەڵغان بـــووە ســـينگی كـــچان
لەخـــــەباتی بـــــێ وچــــان
لـــــەجياتی زێـــــرو مێخـــــەك
ســـينە پـــڕ ساچـــمەو فيـــشەك
شـــاجوان و پـــــەری شـــــەڕەف
بـــێ بـــاك لەهەڕەشـــەو گـــەف

حـــــوّری بەهەشــــــتی کـــــوردان
لەبـــــــەرخودان و شــــــەڕدان
کوردســــــتان دابـــــەش دابــــەش
پەڵـــــەی دا بــــە خـــــوێنی گـــەش
خــــاك بـــــەخوێن و فرمێــــسك
هێڵـــــی ســـــنور بــــە هێــــسك
بــــست بەبـــست دەیپــــارێزین
ورە بـــــــــەرزو بـــــــــەهێزین
ئـــــەی ڕەقیـــــب ئـــــەی دوژمنــــان
بەجــــــەرگن هێــــــزی ژنــــــان
ڕەنگـــــین بــــــەخوێن ڕەنگینــــــە
ئـــــافرەتی کــــــورد ســــــەنگینە
لــــــە بــــــاخی شـــــــەهیدانە
نۆبـــــــەرەو ســـــــەر کاروانــــــە

ڕەنگین یوسف عزیز لە ساڵی ١٩٨٩ لەدایک بووە.

باوکی پلەی نەقیبە لە وەزارەتی ناوخۆو دایکی پلەی مقەدەمە لە وەزارەتی پێشمەرگە، بە دایك و باوك و هاوسەرەوە پێشمەرگەن و خاوەن شەهیدو قوربانین، خولی کۆلیجی سەربازی لە بنکەی مەشقی تەیناڵ تەواو کردووەو پلەی نەقیب هەبووە، جێگری فەرماندەی فەوجی ژنان بووە، بەداخەوە لە ٢٠١٤/١٠/١١ لە شەڕی داعش شەهید کراو دوو منداڵی لە پاش بەجێ ماوە.

تێبینی:

گوڵاڵە سوورە: هێمای شەهید بوونە، لە زەمانی شاخ لە ڕاگەیاندن دەگووترا ئەوەندە گوڵاڵە سوورەمان هەیە، واتە ئەوەندە شەهیدەمان هەیە.

# گریانی عیشق

چەندان ساڵ بوو نەمبینی بوو
خەونم لەسەر هەڵچنی بوو
بەحەسرەت بووم بیبینمەوە
هیواو خەونم بچنمەوە
یەکترمان دیت گریاین بەکوڵ
فرمێسکمان ئاونگی گوڵ
بەموچڕك و تەزووی تەزین
دڵ بەخورپە، گیان بەلەرزین
ورتە لەدەم نەهاتەدەر
بۆیەك نەبووین بەخت و قەدەر
سڕو تاساین بەرانبەر یەك
چۆن گۆڕابوو کچی گەڕەك
پیرو شێواو پرچ سپی
گەش نەمابوو گۆناو گوپی
جاران جوان و شای گوڵان بوو
لەچوار چێوەی ناو دڵان بوو
شۆخ و شەنگ بوو لەگەڕەکێ
کەس نازانێ دایان بەکێ
لێك دابڕاین ئاخ زەمانە

لـــــەو بەدبەختیـــــەی کـــــە هەمانـــــــە
جـــوانی عیـــشق قـــەت پـــیر نابـــێ
تـــا ســـوڕی خـــوێن بـــەدڵ دابـــێ
تاقیامـــــــەت لـــــــە دڵمانـــــــــە
نهێنیـــــــەکی ژێـــــــر گڵمانـــــــــە
بـــــەو تەمەنـــــە گریـــــان و ئـــــاخ
گـــــڕی ئەشـــــقە و ئـــــاگری نـــــاخ

# پرچ

پەپوولەی دڵم بە پرچی کچێ
عاسێ و ئاڵاوە ناتوانێ دەرچێ
پرچ چ پرچ؟ خەنەیی و خاوێن
چڕو پڕو خاو، درێژ تا داوێن
دڵ خواستی حەزو ئەشقە بە ڕاستی
شەرم دام دەگرێ، چ بکەم لە ئاستی؟
وشەی گوڵی لێو چ بکا ناوێرێ؟
ڕاز بدرکێنێ، عەشق ڕاسپێرێ
من کە شاعیرو پێشمەرگە بووبم
بە گژ دێوەزمەو ستەم داچووبم
لە تۆپ و تانك و شەڕ نەترسابم
بێ منەت بەرانبەر مردن وەستابم
سەیرە لە گوڵ و کچێ بترسم
لە دەروون ناسێ دەبێ بپرسم!

## دێمه‌وه

دڵ کووره‌ی پڕ پشکۆیه
وه‌خته شێت بم بۆ کۆیه
به‌به‌ختی خه‌واڵوویی
ده‌چمه‌وه به زیندوویی
دێمه‌وه ته‌مه‌ن ڕۆیی
بۆ کۆیه به شکۆیی
ده‌بێ بمرم له‌و شاره
زێدی خۆمه‌و یادگاره
چۆن به‌جێم هێشت و ڕۆیم ؟
ده‌رده، دووریی و نامۆیم
چۆن نه‌نازم به‌شارێ
پێشه‌نگی زۆر بوارێ
پایته‌ختی کوردایه‌تی
مه‌ڵبه‌ندی مه‌ردایه‌تی
به‌ردی بناغه‌ی ڕامیاری
به‌زانست و زانیاری
سه‌کۆی بیرو باوه‌ڕه
مه‌کۆی به‌هره‌و هونه‌ره

**لەئاسمانی گەش نزیك**

**لە شیعرو شانۆ و مۆزیك**

**پڕ ئەستێره و چرایه**

**لە خێوەتی خارایه**

**مێژوویی و شوێنەواره**

**گەشتیاری و خۆش هەواره**

# قامک کەوچک

نازداریٚ له پیٚشوازی
به سۆز وریٚز شیٚوازی
به چاو ترووکان وجووڵه
برژانگ، پەڕەی پەپووله
تەقەی پیڵاو، به ئاواز
به زەردەخەنەی پڕ ناز
به تاقمی سینی یه چاوه
ویٚنەی جوانی بەرچاوه
چای بەدیٚمی سەر پشکۆ
بەنوقل و کیٚك و گەزۆ
کچ و چای بەگوڵ خونچه
شەککەراته، یەك پارچه
پەنجەی دەکەم به کەوچك
شیلەی لیٚدەتکیٚ تك تك
بیخاته ناو پیاڵەکەم
پیٚی تیٚك دا چا تاڵەکەم
وەك شەڕاب چای نۆش دەکەم
تەواو خۆم سەرخۆش دەکەم

تیٚبینی: کچیٚك هەبوو له کۆیه هیٚنده جوان و شیرین بوو، ناویان لیٚ نابوو ((ئەنگوست بەشەکراو))

# گوومان بە پیری

کەی ڕەوایە بە ویژدانت
سوختم بکەی بەبوختانت
نیگەرانم لە گومانت
نازانم بۆ
وادەکەی تۆ
بەمسۆگەری و دڵنیایی
دەردەکەوێ خۆ لە دوایی
ناحەقیە بە خۆڕایی
سوڕ دەزانم
بێ تاوانم
بە دڵداری یەکترمان خواست
وەفادار بووین دڵسۆزو ڕاست
عەشقی پاکمان بە دڵ پاراست
چ بکەم باسی؟
خۆ دەمناسی
بەزنجیری هاوسەرگیری

**كـــــۆت كـــــراوين بـــــە ئەســـــيرى**
**لـــــە خەڵوەتگـــــەى ئەلقـــــەى پـــــيرى**
**تەمەنێكـــــــــــــــــــــــــــــــــە**
**زەمەنێكـــــــــــــــــــــــــــــــــە**
**چـــــۆن دەتـــــوانى بەئاســـــانى**
**تێـــــك دەى لانـــــەى كامـــــەرانى**
**دوايـــــى چ ســـــوود پەشـــــيمانى**
**حـــــەزرەتى يـــــــــار**
**بەســـــــــــــــە ئـــــــــــازار**

# تاپۆی دڵ

چیت داوە لە موڵک ومـاڵ
حەیفە وادەکەی خەیاڵ
سەرو گیانم بۆ تۆیە
دڵمت لەسەر تاپۆیە
لەدڵ زیاتر چیت دەوێ
عەشقی لێ بەدەر کەوێ
بەهای عەشق پیرۆزە
ڕێزو ڕاستگۆیی و سۆزە
ماڵی دونیا بێ سوودە
عاشق ناکا ئاسوودە
لەجیاتی زێڕ، تاپۆی دڵ
ئەڵقەی پەنجەو چەپکێ گوڵ
مارەیی تاپۆی دڵە
بە خۆشەویستی قوفڵە
دەستووری خۆشەویستی
قوربانییە کە ویستی

قـــــــوفڵی دڵ بـــــــه کلیلـــــــــه
لـــــه قەفـــــەزی ســـــینگ دیلـــــه
مـــــــەلی متمانـــــــه و ئـــــــەوین
لـــــه هێلانـــــــەی دڵ کـــــــەوین
بـــــەو هۆیـــــــه دڵ تاپۆیـــــــــه
(بۆتۆیـــــــــــه دڵ بۆتۆیـــــــــــه
کیژۆڵـــــــەی شـــــاری کۆیـــــــه
ماڵەکەشـــــــــم بۆتۆیـــــــــــه
چاوەکەشـــــــم بـــــــۆ تۆیـــــــه)

تێبینی: دێڕی ناو کەوانەکان هۆنراوە و ووتنی هی هونەرمەندی گەورە هەست ناسك شەماڵ سائیبە



# گەریلا

**لەبـــــــەرزایی قەنـــــــــدیلا**
**ئـــــــازاو بــــــەرزن گـــــــەریلا**
**دەیـــــــسەلمێنن کـــــە مـــــــەردن**
**ئاســــــۆی ئومێـــــــدی کـــــوردن**
**گـــــۆش کـــــراون بـــــە بـــــاوەڕ**
**مەشـــــــق دادراون لەشــــــەڕ**
**گـــــورج و گـــــۆڵ و یـــــەك بـــــەرگن**
**چـــــاپوك دەســـــــت و بەجــــــەرگن**
**ئەفـــــــسانەی بـــــــــەرخودانن**
**خـــــــــۆڕاگرو شــــــــــەڕزانن**
**زۆر لەگـــــــــەریلاکان کیـــــــــژن**
**پـــــاك و هـــــەڵۆی چـــــاو تیـــــژن**
**تـــــــەواری بــــــەرزە فـــــــڕن**
**پـــــــەروەردەی چـــــیاو بــــــەفرن**

دۆستی مەل و ئاژەڵن
لەگرینگی ژینگەو گەلن
بۆ کورد بوون پێ داگرن
بومەلەرزەو ئاگرن
قەندیل مەندیلی کوردە
بۆ ڕێی ئازادی پردە

# کچە باخچەوان

**جوانی سروشتی کچە باخچەوان**
**ڕەزەوانێکە بەخت و نێوچەوان**
**هەناران دەڕنێ بەچنگ و قەرانگ**
**دەم بە گۆرانی بەئاوازو بانگ**
**هونەرمەندێکی دەنگ وەك كەناری**
**هێلانەی دڵی دەنکە هەناری**
**میوە و ناز فرۆش عاشق کڕیارە**
**بەدەنگ و ڕەنگی عەشق بڕیارە**
**بەجلکی ئیشێ و خاکەناز لەشان**
**نازو نیازە تەرازووی کێشان**
**کە لە ناو ڕەزم هەنار نادزم**
**وەنەوشە دەچنم دیدارە حەزم**
**دەستگیرانت بێ کچە باخچەوان**
**ئاسوودە دەبی خۆش بەخت و خەندان**
**بن هەر دارێکی جێ ژوانێکە**
**پیاسەی ناوڕەزان خۆی سەیرانێکە**

بـــۆن و بەرامـــەی گـــوڵ و دەنگـــی مـــەل
خـــوڕەی ئـــاو لەگـــەڵ شـــنەی دار تێکـــەڵ
ئـــاوازو دیمـــەن ژینگـــەی نـــاوڕەزان
گـــەش و دڵگـــیرە تـــاوەرزی خـــەزان
کۆریـــــت و کـــــەپر هـــــەواری باخـــــە
ئەشـــق مـــشتاخە ئـــاگری ناخـــە

* مشتاخ: بەو هەنارە دەوترێت کە هەڵدەگیرێت بۆ وەرزی زستان.

# ڕەندی خان

**ڕەندی خانی گۆپتەپە**
**بە بەزم و گاڵتەو گەپە**
**ژێرو ژێکەڵەو خەپە**
**دونیا لەئاستی کپە**
*********
**ڕەندی خانی دەم زێیە**
**چەندە ئومێدم پێیە**
**لە مێژوودا بێ جێیە**
**خەڵکی دەپرسن کێیە**
********
**ڕەندی خانم هەوارە**
**چۆڵ و بێ شوێنەوارە**
**گۆڕ غەریب و ئاوارە**
**وەی ڕۆ هەی ڕۆ هاوارە**
********

**بە بۆمباو تۆپ کێڵدرا**
**بەکیمیاو خوێن ئاودرا**
**ژینی لێ نەهێڵدرا**
**وەك هەڵەبجەی لێکرا**
********
**ڕەندی خان ویژدانمە**
**کارەسات و ژانمە**
**کۆرپەی بێ تاوانمە**
**بووکی کوردستانمە**

**ئاوازو ووتنی (هابیل عمر ئەسعەد) ناسراو بە دەشتی تاڵەبانی**
**دابەش کردنی (سەعدوڵا مەلا محمد و هەژار حەمە عەلی)**

ڕەندی خان هەوارێکە لە گۆپتەپەی دەم زێ، لە ١٩٨٨/٥/٣ کیمیاباران کرا لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە، نزیکەی ١٥٧ کەسی لە ژن و منداڵ و پیرو لاو لەپێشمەرگەو هاووڵاتی شەهیدکران، ٢٤ کەس لە بنەماڵەی شێخ عەبدول قادری عەسکەری کە دەکاتە برا گەورەی شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەری کە دەکاتە بەرەی دایکی ڕەندی خان شەهیدکران، ساڵی ١٩٨٩ ڕەندی خان لە شاری سەقز لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایك بووە، ئەم شعرە، زادەی ئەم ڕۆژگارە سەختەیە، مەلا شاخی شاعیرو پێشمەرگە، ئەو شیعرەی بۆ دۆزیمەوە لە ئێران لە رۆژنامەیەك بڵاو کرابۆوە.

# بێ هەڵوێستی

گلـــەیی چـــی لـــەمن دەکـــەی بـــە خـــۆڕایی
لەپاشـــی چـــی پەشـــیمانی لـــە خۆبـــایی
هاوســـەرگیری پیرۆزتـــرین گـــرێ بەســـتە
شـوت پـێم نـەکرد بیـانوت پـێم گـرت ئـەی مامۆسـتا
خـــزم و هـــەڤاڵ شـــایەدحاڵن کەوتنـــە نێـــوان
نـــەت ســـەلماند و نەبوویـــە بـــووك و گـــوڵی کێـــوان
نەهاتیـــە شـــاخ و پێکـــەوەبین لەمـــەرگ و ژیـــن
خـەبات خـۆش کـەین لـەژێر سـایەی قـەڵای ئـەوین
بـــە ئـــاوات بـــووم لانەیـــەکم هـــەبا لـــە شـــاخ
کـــونجی و خۆشـــی و قەناعـــەت بـــا، بـــێ ئـــاخ و داخ
دەبـــوو عەشـــق، جـــوان و نـــەمر پـــیرۆز بکـــەین
نـــەك ژیـــانی خـــەباتی شـــاخ ئـــاڵۆز بکـــەین
خونـــچەی هیـــوات لێ وەرانـــدم بەخـــەزانی
بـــێ هەڵوێـــست بـــووی بـــەهای عەشـــقت هەرنـــەزانی
تـــۆ مامۆســـتاو مـــن پێـــشمەرگەی هـــات و نـــەهات
چـیم بەسـەر هـات کەوتمـە خـەم و نـاو کارەسـات
وات دەزانـــی شـــەهید دەبم و نـــات بینمـــەوە
نـــەت دەزانـــی بـــەری خـــەبات دەچـــنمەوە
عەشـــقی ئێمـــە چـــیرۆکێکی نـــەزانراوە
ڕێـــك نەکـــەوت و بەسیاســـەت چـــوو لـــەوپێناوە

# هەرمۆتە

هۆ هەرمۆتە شەللامللۆخ[1]
پڕ لە جوانی و نازداری شۆخ
لە هەرمۆتەی گوندی دیانان
واریێ[2] گوڵێك شای جوانان
خاچ لە گەردن دیانێکی تۆخ
ئایە مرە[3] پشێنە تێلۆخ
کچە دیان جوانی شێوە
توو کەنیسەو گیانی سێوە
توو قەدیشەو خاچ و قەشە
بێ منەت بە لە هەڕەشە
دەژین دەمرین منت لە ڕۆخ
هۆ هەرمۆتە شەللا مللۆخ
ڕووگەی عەشقم موسوڵمانان
شەنگ مێرەمە و شلەو خانان
پاك و ڕاست گۆین لەئەوین دا
بۆ یەك دەبین لەئایندە
زەمان زلۆخ[4]، گۆڕاوە دۆخ
هۆ هەرمۆتە شەللا مللۆخ

---

1 شەللا مللۆخ: سلام علیکم.
2 واریێ: خۆشەویستی هونەرمەند مامە سێوە بوو.
3 ئایە مرە پشێنە تیلۆخ: کچەکە گووتی بەخێر بێیت.
4 زەمان زلۆخ: ئەو زەمان ڕۆیی.

# کچە شێخ

**پێشکەشە بە گیانی شەهیدان وعاشقانی بە یەك نەگەیشتوو د. ئاتیلا وفاتیلا**

**بمدەن لە دار قەنارەو مێخ**
**واز ناهێنم لە کچی شێخ**
**کچی شێخی شیرین و شۆخ**
**خۆشم دەوێ تاناخی مۆخ**
**شێخی سەنعان لایدا لەدین**
**لە پێناوی یارو ئەوین**
**خۆم دەکەمە سۆفی و دەروێش**
**تکاکاران دەهێنمە پێش**
**نوێژی عەشق دادە بەستم**
**خوداو جوانی دەپەرستم**
**پرچ و پەرچەم دەهێڵمەوە**
**وەك کەزی یار دەیهۆنمەوە**
**لەخۆم دەدەم شیرو زەرگ**
**حاڵ دەگرم بۆ زیکری مەرگ**
**کەی جیاوازی چینایەتی**
**کۆسپە لەڕێی عاشقایەتی**
**هەردووك وەك یەك بەندەی خوداین**
**گیان و جەستەین بۆ لێك جوداین**
**توخوا شێخم خوای بناسە**
**نەریتی کۆن مەکە یاسا**

# کچە دیانەکەی کۆیی

کچە دیانەکەی کۆیی
عەشقی تۆم بە ڕاستگۆیی
سەختە دەردی بێ تۆیی
بە جوانی و بە مەکرۆیی
نەمخەیتە ڕەنجەڕۆیی
****

ئەوین ئاین چوزانێ
هێزو نەریت ناتوانێ
پێی ناکرێ ململانێ
ئەو زەمان زلۆخ[1] ڕۆیی
کچە دیانەکەی کۆیی
****

تۆ دیان و من موسڵمان
دەبا وەك شێخی سەنعان
هاوار بۆ خواو ئاسمان
تۆش هاوشارو هەم خۆیی
کچە دیانەکەی کۆیی
****

[1] زەمان زلۆخ: ئەو زەمان ڕۆیی.

تـــوو خـــاچ و شـــێخی دێـــرێ
هێـــز بـــه ئـــەوین نـــاوێرێ
خـــوا بەنـــدەی خـــۆی نـــابوێرێ
مـــرۆڤ مـــاکی یـــەك تـــۆیی
کـــچە دیانەکـــــەی کـــۆیی
****
بـــه ئـــاین لێـــك جیـــاوازین
لـــه ئـــەوین یـــەك ڕێبـــازین
بـــا هـــەر بڵـــێین، پێـــك ڕازیـــن
دەژیـــن بـــه ســـەربەخۆیی
کـــچە دیانەکـــــەی کـــۆیی

# زانکۆ

**زانکــــۆ لـــە کۆیـــە لوتکـــەی شـــکۆیە**
**پـــڕ لـــە خوێنـــدکاری گـــوڵ و چـــڕۆیە**
**شـــلکو ناســـکی بـــەهاری ژیـــانن**
**تـــین و تـــەوژم و هیـــواو شـــایانن**
**حـــۆری و غیلمـــانی بەهەشـــتی زانکـــۆن**
**چـــاوی ئاینـــدە و پڕشـــنگی ئاســـۆن**
**ڕوونـــاکی گەشـــی کـــۆی چـــرایەکان**
**زانـــاو پـــسپۆڕو مامۆســـتایەکان**
**زانـــست و زانکـــۆ لـــە کۆیـــە جوانـــە**
**ڕابـــردووی گەشـــەو بناغـــەی دانـــا**
**هەڵکـــەن لـــە کۆیـــە ئـــاڵای کوردســـتان**
**لـــە ســـەری ســـەرا لـــە هەیبـــەت ســـوڵتان**
**نکـــووڵی نـــاکرێ کۆیـــە شـــارە شـــار**
**مێـــژووی دیـــارە نیـــشانەی ژیـــار**
**شـــاری هونـــەرو پێگـــەی زانـــستە**
**چـــاوگی پـــەروەردەو فێرگـــەی توانـــستە**

# بەرەو پیری

تەماشای قژی ماش و برنجیم
ئاوابوو ئاسۆی تەمەنی گەنجیم
بەهاری ژینم گەڵای وەریوە
ڕۆژانی گەنجی جوانیم ڕۆییوە
ورد ورد چرکەی کات لە تەمەن دەڕوا
خۆشاوی جوانیم تێپەڕی هەروا
نەما ڕەونەقی شەوقی جارانم
توانـاو تەوژمی بەزمی یارانم
کات پێ ڕاناگا ڕێگەی کار درێژ
لە دەست دەچێت هەل لە ئاوات و چێژ
گەنجێتی خۆشە، پیری پڕ خەوشە
وشک و بێ شەونم باخی ونەوشە
پرچی پڕ پەمۆم ڕەشە بە دەگمەن
ئەویش نامێنێ بە ماوەی تەمەن
قیرووسیا سپی و زیوین و بەفرە
ئاخ لەداخ دەردی فشارو شەکرە
هێرشی نەخۆشی هەر دێت بێ وچان
چاو بۆ چاویلکەو دەست پێ گۆچان
بەرەو پیرت دێت پیری و نەخۆشی
هاکا مەرگ هات بە کفنی پۆشی

# خاکی پیرۆز.....

دەشت و مێرگ لە کوردستان
گیاو گۆڵ و بن دارستان
شاخ و دۆڵ و هەڵەت و گرد
خاکی پاکی پیرۆزی کورد
خاکی کوردان بە خوێن ئاڵە
خوێناویە سەدان ساڵە
بست بە بستی ئەم وڵاتە
بە نوێژەو پاك و تاتە
ڕوو لە ڕووگەی نوێژ دابەستە
بە بڕواوە نوێژ دروستە
لە خواوەیە، بە خوا کردی
جێی کەشتی نووح کێوی جودی
موڵکی کوردە و کوردستانە
کورد زادەیە ئەو جیهانە
سەلاحەدین ئەیوبی کورد
لە پێناوی دین چی نەکرد
بەناوی دین تیرۆستان
غەدر مەکەن لە کوردستان
کفرە و تاوان، دژی کورد بن
بە نەفرەت و ئەستۆ وردبن

# کوڕە قۆزەکەی

کـــوڕە قۆزەکـــەی گـــەڕەکی گـــردی
جـــوان و بەرچـــاوی بـــە جلـــی کـــوردی
لـــە دەشـــت خوڵقـــاوی پـــەروەردەی گونـــدی
****
ڕاســـــتە بـــــە نـــــاز و شـــــلە شــــاریمە
عەشـــقی کـــوڕە گونـــد لـــە هۆشـــیاریمە
لـــــە خۆشەویـــــستی کوردەواریمـــــە
****
بـــــژاردەی دڵـــــم کـــــوڕە کرمانجـــــە
قـــەڵغانم لـــە ڕووی جـــێ تـــیر و توانجـــە
بـــە پـــاکی و گونجـــان عەشـــقم ئامانجـــە
****
نابـــێ جیـــاوازی لادێـــــی و شـــــاری
کۆســـپ و ڕێگـــر بـــێ لـــەڕێی دڵـــداری
دەبـــێ یەکـــسان بـــێن بـــەرەو بـــەختیاری

# تەمەن.....

تەمەن مۆمە، دادەگیرسێ و دەتوێتەوە
بە مۆم جەژنی لە دایک بوون دەکرێتەوە
ئەو تەمەنەی، کە ڕۆییوە، شیرین چ تاڵ
جەژن و بۆنەی بۆ دەگێڕن، لە سەری ساڵ
تەمەن دەڕوا، بەرەو پیری و بۆ دوا هەوار
قەت ناچتەوە سەرچاوەی خۆی، هەر وەك ڕووبار
ناچتە دواوە، ئەو چرکەیەی، کە ڕۆی وەخت
گەڵای وەریو، نایەتەوە سەر درەخت
مرۆڤ ناژی، بە قەد بەردو درەخت و مەل
مەرگ و ژیان، نهێنییەکە بۆتە مەتەڵ
چیان نەدی؟ خدری زیندەو حەزرەتی نوح
گوایە مردن، لە جێی قایمە، دەرنایە ڕووح
گەردوون کۆنە، ژیان کورتە، تەمەن کەمە
پڕ ئاوات و ئەشق و خۆشی و خەون و خەمە
ژین بێ ئەوین، درەختێکە، بێ شکۆفە
باخی بێ گوڵ، بێ شەونمە، ئاخ و ئۆفە
مرۆڤ ناسکە، گۆشت و هێسکە، خوێن و دەمار
گەنج نازانێ، پیر ناتوانێ، وایە ڕۆژگار
تەمەن، تا چەند درێژ بێ، کورت دەبێتەوە
ژیان قەرزە، ئیلا دەبێ، بدرێتەوە

# (پێشکۆچ)

کۆچی ئێل و مەڕداران
بۆ کوێستان و هەواران
(پێشکۆچ) پێشەنگی قەتار
ناوازەی ناو نازداران
جوان و ڕازاوەو ڕەنگین
جێی سەرنجی ڕێبواران
کاروانی خێڵ بەرەو ژوور
ڕەوەندی ئەسپ و سواران
بەرەو بژوێن و قۆپەن
لە دەشت و لێڕەواران
ژینگە خۆش و فێنک و پاك
ڕەنووە بەفری نساران
بۆن خۆشی شنە و شێبا
گوڵاوی مێر گوزاران
کانی و ئاوی بەفراوی
هاژەو پڕژەی ڕووباران
بە زایەڵەو ئاوازە
دەنگی مەل و گیانداران

دڵگـــــــــیرو بـــــــــە دیمەنـــــــــە
ڕێـــــــــزە کـــــــــەپرو دەواران
ســـــــــادە و کوردەواریـــــــــە
نـــــاو خـــــێڵات و کۆچـــــباران
نایەنـــــەوە بـــــەرەو خـــــوار
تاپـــــایز وەختـــــی بـــــاران

وشە نامۆیەکان

* پێشکۆچ: شۆخ و شەنگترین نازداری مەڕدارانە ڕێشمەی ولاخی ڕازاوە، بە گوڵینگەو خورجین دەگرێ و پیش دەکەوێ، بەچاوی خۆم ئەو دیمەنەم دیوە لە دۆڵە ڕەقە.

بژوێن: زەمەندو زەوی پڕ گیاو لەوەڕ.

قۆپەن: پەڵە گیای بڵند لەناو مێرگ و گیا جاڕدا.

ناوازە: شاز، ڕیز پەڕ.

شێبا: بای شێدار.

قەتار: ڕیز، سەف، کاروان.

دەوار: ڕەشماڵ، تاوڵ، خێوەت.

# گوڵی گەڕەک

شـــــۆخەکەی بـــــەفری قەنـــــدی
شـــــیرینی شـــــەکری قەنـــــدی
****

شـــــاجوان و گـــــوڵی گـــــەڕەك
لێکـــــی دابڕانـــــدین فەلـــــەك
****

بـــۆ کـــوێ چـــووی، بـــۆ کـــێ بـــووی
ئـــاخ ئـــەو ڕۆژەی بـــە بـــووك چـــووی
****

گـــــوڵی گـــــەڕەکیان بـــــردین
تووشـــــی غـــــەمێکیان کـــــردین
****

گوڵەکـــــەی بـــــەفری قەنـــــدی
لـــــە گـــــەڕەك هـــــەڵیان قەنـــــدی
****

بـــــە تاســـــەو تامـــــەزرۆوە
عـــــەودالْ بـــــووم بـــــە دوای تـــــۆوە
****

هەواڵتم نەدەزانی

هەر وەك جاران جوانی

****

كە ڕۆیشتی لە خەما

باوەڕو هیوام نەما

****

گەڕەك ناخۆش و خامۆش

هەوار چۆڵ و فەرامۆش

****

وەك كۆڵانەی تەنگژە

دڵ تەسك و تەنگ و گرژە

****

كۆشكی ئاواتم ڕما

ئەو خەمەم لە دڵ هەر ما

****

چەند یادگاریەكی تاڵە

پێی دەناڵم چەند ساڵە

****

هەرگیز بیرم ناچیەوە

نەمردم بینیمیەوە

****

گۆڕەپـــــــــانی جاسمــــــــــــاغا
لــــــێم حەرامـــــــــەو یاســـــــاغا
****
خــــــــەیاڵ و خولیـــــــاو هێمــــــــا
بـــــــە یادگــــــــاری بەجێمـــــــــا
****
قەیناکـــــــە بـــــۆ مـــــن نــــــەبووی
خۆزگـــــــە ئـــــــاسودە دەبـــــــووی

---

★کەرەکی بەفری قەندی: گەرکێکە لە کۆیە

★کۆڵانەی تەنگژە: کۆڵانێکی تەسکە لە کۆیە

# زانیم کۆییە

## (١)

لە سەر چنار بە ڕێکەوت
نازدارێکم چاو پێکەوت
چ نازدارێ؟ شیك و ڕێك پۆش
عەینەن حۆری و کچە کافرۆش
بە پۆشاکی کوردی نایاب
بە گۆبەرەو دوگمەو دۆراب
بە کرمۆکەو چۆچەو سەرتاس
مەستی کردم سەرسام و کاس
من بەقاتی دیمۆقراتی
بە دەستوری خۆ ولاتی
ئەو بە کراسی نەخش و نیگار
شلك و تەنك پوولەکەدار
بە چارۆگەو سەڵتەی بەسیم
زانیم کۆییە، یەکسەر ناسیم
بەناز ڕۆیی، بە پیاسە
بوو بە یادگار، پڕ هەناسە


la sarchnar ba rekawt
honrawa/rahbar said
awaz/zahir mhamad
Lute
music
nay
tip
song
copla
klarnet


2
la sarchnar ba rekawt
copla2 bayat
Fine

(٢)

لە سلێمانی بە ڕێکەوت
هێشووەك وشەم بەرگوێ کەوت
بە ناسکی کچێك دەدوا
دەیگووت بەرێ و توو بەشقی خوا
هەر هۆپەکم لە خۆم زانی
هێند خەنی بووم تێم دەڕوانی
زانیم کۆییە لە گفتوگۆ
بەئەدی کوو، بە لاکەو لۆ
هەر دەرلەعاس، بە پرس و باس
ناسیمەوە، خۆی کرد نەناس
کۆیی نەبێ کوو دەزانێ
ئەو شێوازە، قەت ناتانێ
گفت شیرین، وشە شەکر
بە تام و خۆش، پڕ لە مەکر
بە نازناوی، بووین بە ئاشنا
کۆیایەتی کرد، یەکجار واشنا


La slemany ba halkawt
honrawa/rahbar said braim
awaz/zahir mhamad
♩= 85
muzik
♩= 85
Lute
9
gutn
18
27
copla music
34
42
50
58

# گڕی پشکۆیەکی نەکوژاوە

**کۆرپەی بێشکە**
**گەرووی وشکە**
**دەگری، دەگری، چاوی پڕ ئەشکە**
**بەڵام تەگبیر**
**کوا چۆڕێ شیر ؟**
**کوانێ دایکی بەلای لایە**
**ڕایژاندبوایە**
**قومێ شیری لە دەم نایە**
**لاشەی دایکی سەرەو شوێنە**
**گەوزی خوێنە**
**بەڵام کۆرپەی برسی و تێنوو**
**نێزە و ڕمی کەوتە گەروو**
**جگە لەمە**
**نەوەی نوێی ئەم سەردەمە**
**لەتکراون، بەڕم و قەمە**
**لەمەش زیاتر**
**فڕێ دراون بۆ ناو ئاگر**
**ئاخ کۆرپەی مرد!**
**نەبووە گڕی پێشمەرگەی کورد**

**ساڵی ١٩٧٤**

# وەرزی گوڵ

عەشـــقی یـــار و نیـــشتمان بـــووم
بـــۆ کوردســـتان چـــەك لەشـــان بـــووم
****
کوردایـــــەتی و ئـــــەوینی یـــــار
ئاوێتـــە بـــوون لـــە دڵ و دەمـــار
****
یادگـــاری ئـــەو هێـــزی گیـــان بـــوو
شـــاخ و داخـــم پـــێ ســـەیران بـــوو
****
چـــی جـــوان هەیـــە لـــە سروشـــتا
لـــــە ئاسمـــــان و زەوی و دەشـــــتا
****
گـــوڵ و مـــانگ و ئەســـتێرەی شـــەو
لـــە جوانیـــدا دەمـــشوبهاند بـــەو
****
لـــە گەرمـــەی شـــەڕ لـــە بـــەرگری
لـــــە ســـــەنگەرو ئێـــــشکگری
****
لـــە یـــادم بـــوو ســـاڵەهای ســـاڵ
بـــە یادگـــاری خـــەون و خـــەیاڵ
****

پاش حەوت ساڵان چاوەڕوانی
پێشمەرگە بووم نەمدەتوانی
****
بۆچی پرچی بهۆنتەوە؟
تاکەی! خۆی بۆم بهێڵتەوە
****
تەمەنی کچ وەك وەرزی گوڵ
بەو پەیمانەی بۆ من یان گڵ
****
خەباتی شاخ پڕ کارەسات
کاروانی ڕێی هات و نەهات
****
بۆ هەڵوێست و هەستی کوردی
گوڵی دڵم بای شاخ بردی
****
بە ئاواتی خۆم نەگەیم
عاشقێکی بێ گلەیم
****
بێ گوناه بوو، بە گەردنم
نهێنیەکە تامردنم
****
جەفای نەبوو، وەفای هەبوو
ئەو ڕەوا بوو خەتای نەبوو

# کچەکەی بایزاغا

ماڵیان لە شاری کۆیە
لە گەڕەکی مۆسکۆیە
لە بازاڕە گچکەلە ١
دیتم نازدار ژیکەلە
من لە گەڕەکی قەرات
نیشتمانی و دیموکرات
ئەو مارکسی و کۆمەنیست
شارەزا لە مانیفیست٢
ژیرو ئاستی هۆشیاری
ڕامیاری و پڕ زانیاری
کەسایەتی و بە شێواز
لە بیر و باوەڕ جیاواز
پارەی جگەرەکەی دا
ئاگری لە جگەر بەردا
سوتاندمی لە ناخا

[1] بازارە گچکەلە / ٤ – ٥ دووکانێك بوون لە گەرەکی بایزاغای شاری کۆیە، سەردەمێك (ساڵحی حاجی ئۆمەری و ڕەفیقی ئەمینی سەمەنیٚ و حاجی مەلا وعبدوڵا تایەر و ئامینی ساڵحی وفاتمەی حسێنی مەلۆی وساڵحی خدری ووسوی بن دیانی دوکانیان هەبووە)

[2] مانیفیست لە زاراوەی لاتینی manifestus وەرگیراوە. مانیفیست لە واتا سیاسییەکەیدا، ڕاگەیەنراوێکە کە کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان بۆ دەربڕینی بیروبۆچوون و هەڵوێستی سیاسی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە.

کـــــــــــچەکەی بایزاغـــــــــــا
لــــــە باخــــــچۆرەو تەمتـــــــەمان
خـــــــەڵکی لێمــــــــان ڕادەمـــــــان
بـــــەجێم دەهێـــــشت لـــــە تـــــاوان
بـــۆ کـــــن دەرکــــــی خۆشـــــناوان
عەشـــــق شـــــەرمی پـــــێ نـــــاوێ
بـــــا کـــــەس پـــــەلار نـــــەهاوێ
خۆشەویـــــــــــستی پـــــــــــیرۆزە
ویـــــــژدان و وەفـــــــاو ســــــۆزە
عەشـــــق نـــــەمر و متمانەیـــــــە
جـــــــوانی ڕۆح و ئەفـــــــسانەیە
گـــــڕی عەشـــــق نـــــاکرێ خـــــەف
نیـــــاز پاکییـــــــەو شـــــــەڕەف
دڵـــــــــــدارانی دڵخـــــــــــواز
خوایـــــــە بگـــــــەن بـــــــەمراز
بایـــــــەکتر پەســـــــند بکـــــــەین
شـــــایی و زەماوەنــــــد بکــــــەین


Gerekî MOSKO
گەرەکی مۆسکۆ
Note nûs : Kamîran Îbrahîm
Awaz : Edrîs Hekîm
Meqam : Beyat ( sol)
Têkist : Rehber seyîd birahîm
Mal yan le şa-- rî-- ko--- ye le-- ge----re----kî
Leba--------za re-- kiç- ke----le dî----tim naz dar
Mo-----s-ko--ye t minle ge---re---kî qe-- rat-- niş--ti----ma
Ji------- ke---le
nîû-dî---mukr -------at ew mar ki----sîû ko--menist------ şa--reza le
me ni ----fist-------------- jî --rû as----tî ho----şyarî-------
ramyarî û pir zanyarî parey ci ge re key da agi-rî le ci
sûtan dimî le naxa ki çe key ---
ger ber da
Ba------yiz axa
Malyan le şarê Koye le gerekî moskoye
Le bazare giçkele dîtim nazdar jikele
Min le gerekî qerat niştimanî û dîmokrat
Ew markisî û komenist şareza le manî fist
Jir û astî hoşyarî ramyarî û pirr zanyarî
Parey cigerekeyda agirî le ciger berda
Sûtandimî le naxa kiçekey bayz axa
Kesayetî û be şêwaz le bîr û bawerr ciyawaz
Le bax çore û tem teman xelkî lê man rrademan
Ba yektir pesend bikeyn şayî û zemawend bigeyn

# خانمێکی لەچکدار

**نەمناســـــیەوە تخـــوا هـــەوی**
**جـــاران دەتگـــووت مانگـــە شـــەوی**
**خـــوا ئـــەو جوانیـــەی پێـــت بەخـــشیوە**
**بـــــەو تەمەنـــــە دات پۆشـــــیوە**
**تـــا لـــە تـــافی جـــوانی و گـــەنج بـــووی**
**ســـادە و ســـفوور جێـــی ســـەرنج بـــووی**
**قـــاچ و پـــرچ و دەســـت و مەچـــەك**
**ڕووت بـــوو بـــە بـــێ جبـــەو لەچـــەك**
**پـــووز ســـپی و خـــڕ بـــە پـــامووره**
**مـــۆدە و ســـپۆرت، بـــە تـــەنووره**
**لـــە زەمـــانی پێـــچە و عـــەبا**
**جوانیـــــەکانت نیـــــشان دەدا**
**بـــاخی ســـینگت نـــەختێ دیـــار بـــوو**
**بـــە کاریگـــەر ئـــاگردار بـــوو**
**پیـــل و باســـك ڕووت و ناســـك**
**بـــە بلـــووزی تـــەنك و تەســـك**
**عاشـــق کـــوژ و ئـــاگر بـــاران**
**تۆقـــەت دەکـــرد لەگـــەڵ یـــاران**
**ئێـــستا پـــیرو لەچـــکداری**
**بـــالاّ پـــۆش و وا دینـــداری**
**ئـــاخ ڕۆژگـــاری، پـــڕ یادگـــاری**


jwanl
Violin

# کۆیەی پڕتەو

بەشەو لە شاخ کۆیەت دیوە
یائیلاهی زێڕ و زیوە
بە سپی و زەرد شەو چراخە
لە باوەشی شاخ و باخە
کۆیەی چرا و پڕ ئەستێرە
لە داهێنان پشکی شێرە
تریفەی مانگ ئەستێرەی شەو
کزن لە ئاست کۆیەی پڕتەو
لە کۆساری هەیبە سوڵتان
زاڵە، دڵە بۆ کوردستان
شارو شاخ و دێ و دەشتی
شانۆیەکە بە سروشتی
نەوتی کوردان دیارە گڕ، گڕ
لە شیواشۆک، بابەگوڕگوڕ

دره‌وشـــــــاوه و ڕووناكییــــــــه

زێـــــڕی ڕه‌شـــــی ژێـــــر خاكییـــــه

بـــــالای بـــــورجی ســـــه‌ر بـــــاواجی

شانـــــــشینه بـــــــه‌رزه تـــــــاجی

كۆیـــــه‌ی تـــــابلۆی كـــــرده گـــــاره

مێـــــژووی گه‌شـــــی پـــــڕ یادگـــــاره

koya



# کچە لادێ

کچە لادێی زەحمەت کێشی
قاڵی بۆتەی ڕەنج و ئێشی
هەردەم ماندووی کێڵگەو زەوی
بە پاچ، بە داس، بە دوودەوی
ڕەنجدەرێکی ئارەق ڕێژی
هەر لە کارای، ژان دەچێژی
هەڵقر چاوی بەرهەتاوی
ستەم دیدە و بەشخوراوی
تێلەکێش و کرێکاری
قەت پێی ناکرێ کچی شاری
دەست ڕەنگینی بێری و کابان
ئاو دەهێنی بە گۆزەی شان
بێ مکیاج و بێ ڕازاوەی
بووکی جوانی ژێر کەژاوەی
شیك و ڕێك و گۆشت پتەوی
نەلاوازی، نەقەڵەوی
وەك سروشتی گوڵی دەشتی
بێ دەستکاری جوان و قشتی
گەرم و گوڕی خوێنت دەکوڵێ
دڵ بەردیش بێ پێ دەجووڵێ
(کچە کوردێك خۆی بنوێنێ
هەزار مۆدەی پاریس دێنێ)

داب و نــــــەریت کــــــۆتی کـــــــردووی
بــــــە خێڵــــــەکی مـــــافی بـــــردووی
بـــــە فـــــەرمانی خەنجــــەرو کێــــرد
بـــێ ئـــــارەزوو دەدرێــــی بــــە مێــــرد
بــــــەڵام بێینــــــە ســــــەر ڕێبــــــازی
سۆشیالــــــــــست و نوێخـــــــــوازی
چەوســـــــــاوەکان ڕزگاردەکـــــــــەین
لەگـــــەڵ دەنگتـــــان هـــــاوار دەکــــــەین
دژی زوڵـــــــــم و چەوســـــــــانەوەین
بــــــۆ یەکـــــسانی و حەســــــانەوەین

١٩٨١ دەشتی کۆیە

پێشمەرگەی دێرین (مەلا جەمالی مەلا زیادی و ئامانج بەکر فتحوڵڵا) ئەو شیعرەیان کۆپلە کۆپلە لەبەر بوو، سوپاسیان دەکەم بۆیان دۆزیمەوە، لە پێشمەرگایەتی دامرشتووەو زادەی ڕووداوێکە لە دەشتی کۆیە.

ئەو دێڕە کۆنترە، کە قوتابی بووم لە ناوەندی لە پەخشنامەی دیوار، بەناوی (زایەڵە) بڵاوکراوەتەوە، حاکم پێشڕەو دەری دەکرد، لە دواناوەندی بوو، لە سالآنی (١٩٧٢-١٩٧٤)، شیعرەکە فەوتا لەگەڵ ئەو شیعرە تێك هەڵکێش کراوە.

# منی کۆرپەلەی تازە

منـــــی کۆرپەلـــــەی تــــــازە
کوردایــــــــــەتیم ڕێبــــــــازە
لــــــە بێـــــشکەی ســـــاوای ژینـــــا
لـــــە ئێـــــسقانی بــــــۆ تینـــــا
کـــــــوردە قوربـــــــانی تۆمـــــــە
کوردســـــتان خـــــاکی خۆمـــــە
زامـــــی کـــــوردان تـــــوێ توێیـــــە
چـــــاوی لەنـــــەوەی نوێیـــــە
پێویـــــــستە پێـــــــشمەرگەبین
ئـــــەو ڕۆڵـــــە بـــــە جەرگـــــەبین
بـــــــۆ ســـــــەربەخۆیی وڵات
قـــــەت کـــــۆڵ نـــــەدەین لـــــە خـــــەبات

١٩٧١

# گوندی مە

بە شانازی و بێ توانج
کوڕە گوندیمە کرمانج
خۆشە، زێدو گوندی مە
زێڕە، خۆڵ و بەردی مە
جوان و خنجیلانەو قشت
دیمەنی نەخشی سروشت
بە قەڵبەزەو ڕەوەزە
پڕ کێڵگەو مێرگ و ڕەزە
ژینگە پاك و کانگای سۆز
کچیان شۆخ و کوڕیان قۆز
پاك و چاك و چالاکن
تاك و خاکی و بێ باکن
پیاوەتی و میوانداری
لە لادێی کوردەواری
چەند خۆشە جوانە لادێ
وەختێ ئێوارە دادێ
بێری و گاڕان و مێگەل
لەگەڵ زایەڵە تێکەڵ
ئاوازو سولۆیەکە
ڕەنگاو ڕەنگ تابلۆیەکە

# پەرچەم و چاو

**لەسەر لاچاوت پەرچەمت جوانە**
**پەلکە ڕەنگینە**
**بەر خۆرەتاوە**
**قژە موویەکی پەرچەمی زەردت**
**بە زنجیرەك زێڕ، نایدەم هەرزانە**
**ئەو خوێن هەنگوینە**
**گیانت پێکهاتەی شیلەی هەڵاڵەی**
**گوڵی شاخانە**
**ئەو چاوە شینەی**
**بۆ چاوەزارە و ئاوێنەی ڕوونە**
**شێوەت بێگەردە**
**نەخشی خوا کردە**
**چاوە، کانیاوە**
**گزنگی تاوە**
**ڕووحە شەکراوە**
**شیرینی هەنگوین گزینگ و ئاورینگ**
**ئاوێتە بوونە**
**شیرن بارانە**
**خەرمان بەرەکەت لەو هەموو جوانیە**
**دڵ دەکەم بەخێر دە پێ بزانە**

# سکاڵای پیره هەڵۆیەک

خـۆ بێـستان نـیم هـەموو سـاڵێ بژێمـەوە
خۆکـــانی نـــیم بـــە بـــەهاران بزێمـــەوە
نەتەسـبیحم دنـك ئەبڵـەق هـەر جـوانتر بم
نەشـــەڕابم بگـــرو خۆشـــتر، تـــا کـــۆنتربم
مـن کـوردێکم پێـشمەرگە بـووم تـا تـوانیم
لە شاخ ڕۆیی خۆشاویەکەی گەنجی و جوانیم
ڕۆژی ڕەش و شـەڕی سـەخت و ئـازارم دی
گـــەڵێ مـــەرگی هاوســـەنگەری نـــازدارم دی
جەمەدانی و زەوی و ئاسمان پێ خەفم بوون
وره و بـاوەڕ چـەك و پـاکی شـەڕەفم بـوون
شـانازی بوون بـەرگی خـاکی و شڕو چڵکن
ئەوانـەی وا لـە خۆبـوردن بـۆ کـورد مـوڵکن
****

ئێـستا دەڵـێن بـە ڕابـردووی خـۆت مـەنازە
ئـەوڕۆ خـەبات لەگـەڵ خیانـەت چ جیـاوازە
لە مزگەوت و ناو ئەشکەوت و گوند دەخەوتم
کووڕ بوومەوە بە هـەورازان هێنـد سەرکەوتم
سەرو ڕیشم سپی و پیر بووم ڕەش دەبمەوە
بە ئازادی و ئاڵای کوردان گەش دەبمەوە

گڕ بەرنادەم لە خەرمانەی چەندان ساڵەم
ڕۆژێ دەبــێ ویــژدان هــەبێ لــەو خەیاڵــەم
چـش لـە ژان و ڕەنـج و خـەبات داواو سـکاڵا
بـەو ئاواتـەی کـورد ئـازاد بـێ هـەڵکا ئـاڵا
کوردســـتانم مێـــژووی دیـــارە لـــە خەباتـــە
بـــۆ ئـــازادی لـــە قوربـــانی وکارەســـاتە

# چنارۆک

بە هەشتی گەشت خۆش چنارۆك
ئاگر و دار لە ناوەرۆك
بۆی سووتاوە حاجی قادر
لە خۆی هەڵهێناوە ئاگر
ئاو و ئاگر فێنك چ (نار)
ڕازاوە و جوان بە باخ و دار
سوولی پاشاو كانی خاتوون
پڕژەی ئاوی زیوین و ڕوون
هەر دۆڵێكی كانی چاوگ
تیشكی ئاوی وەك چراوگ
گوڵێكە گوڵ لە ئێخەی شاخ
سەری سەراو لەشكر بەیداخ
دیمەنی گەش لە نمایش
سروشتی پاك بە ئارایش
خۆش هەوار و هاوینگەیە
ئاوەدان بێ ئەو ژینگەیە



مەرگی سوتماکی سۆزناك ئارەزوو
جەرگی چزاندین چ زوو بوو چ زوو
گڕی بەردایە مۆزیك و ئاواز
ئارامی رۆحی کردە پەرتەواز
کوورەی ئاگراوی دڵی مهاباد
چۆن دادەمرکیێ هەی هاوار و داد
خامۆش و ناخۆش جەژنی ڕەمەزان
جەژنانەی مەرگ و گریان و خەزان
کارەساتی وا، بگیریێ بەهەند
کۆچی کۆسرەت و سۆزناك و سەهەند
جوانە مەرگانی تازە پشکوو توو
شلکە نەمام بوون کران بەسووتوو
سوتانی ڕۆحە ئاگری ناخە

(١) لەڕۆژ مێژووی ٢٠١٦/٧/٩ لەسەر ڕێگای پیرەمەگروون سێ لاو بەڕووداوی ئۆتۆمبێل گیانیان لەدەست دا سۆزناك و سەهەند، هەردووك تاقانەو خوێندکاری زانکۆ بوون سۆزناك کوڕی هونەرمەندی گەورە مامۆستا ئارەزوو ئیسماعیل مەنسوور بوو و لەگەڵ کۆسرەت سەڵاح کاسب بوو، بە بەهەشت شادبن.

هەناسـەی هـەناو وەك تەنـدوور داخـە
پـچڕا ژێـی سـازی، سـەنتوور و بـانجۆ
باخـچە بـێ ئـاورینگ، بـێ گـوڵو چـرۆ
بـاخ بـێ ئـاو نیـە، پـاراو بـە ئەشـك
دیمـەنی خـەمناك گـەڵاو گـوڵ، وشـك
هـەواری چـۆلی مـەل و پەپوولـە
زامێکـی قووڵـە، بـێ نـەواو جووڵـە
هەڵقرچـا لـە تـاو بـێ سـایەی شـاتوو
ئـاگرو پـەنگر نـاخی کۆسـتکەوتوو
بـە فـیڕۆ ڕۆیـی ڕەنجـی باخـچەوان
بەشـی سـووتانە بـەخت و نەوچـەوان

# م.توانا[1]

**مامۆستا توانا جگەرگۆشەی خاڵ**
**بێ ژن و ماڵ بوو گۆڕت کردە ماڵ**
**لە ڕۆژی جەژن، وەرە بتنێژن!**
**شیوەن بگێڕن، ئازار بچێژن**
**گوڵی ژیانی نەگەشاندەوە**
**ئەو ئەمانەتەی زوو گەراندەوە**
**٢٣ساڵ بوو، ڕۆیی بۆ بەهەشت**
**بەوعومرە کورتە دەردو ژانی چەشت**
**ڕەوشت پاك و چاك، فریشتە ئاسا**
**خزم و خۆشەویست بە مەرگی تاسا**



**(١) توانا محەمەد سمایلە سووری نەجار، خالۆزام بوو، مامۆستا بوو لە خدران، بە تەمەنی٢٣ ساڵی لە ڕۆژمێژووی ٦/٧/٢٠١٦ لە یەکەم ڕۆژی جەژنی رەمەزان کۆچی دوایی کرد، لە گردی سەیوان نێژرا. لە٧/٧/٢٠١٦.**

# چاویلکه

پـێم سـەیره بۆچـی چـاویلکەت لـە چـاو
بۆجــوانیو نــازه یــان بــۆ خۆرەتــاو!
هـــی چـــاوو زاره بـــۆ تـــەپو تـــۆزه ؟
چـــەند ســـەرنج دەدەم ســـەیرو ئـــاڵۆزه
چـاوت کـز نـەبووه خـۆ خوانەخواسـته
کـەم دیـدەی دووریو نزیـك کـام ئاسـته!
چـــی تێڕانەچـــووه لەپوشـــکەو چـــیلکه
توخـوا هـۆی چـییه بۆچـی چـاویلکه ؟
خـــۆ وەك مەحبوبـــەی حـــەزرەتی نـــالی
خێـــڵو خـــێچ نـــەبووه پێـــوەی بنـــاڵی
نـــەختیٚ ســـەرناکا تـــەلازووی نـــازت
ئەفـــــــسوناویه رازو نیـــــــازت
بـــــرژانگ ســـــەرتیر بـــــرۆت کەوانــــه
نیــــشان شـــــکێنەو دڵ پاســـــەوانه
لەچـــــاوەڕوانی پـــــــەیمانو ژوان
بـــەژان نـــەهاتووه نـــازداری چـــاوجوان
بـــیٚ چـاوێنی بـیٚ چـاوت گـەورەو گـەش
بەشووشـــەو مینـــا بـــۆدەیگری ؟ وەش
جـــوانتره لـــەمانگ زیـــاتر چـــیت دەویٚ
مەســـــتو خومـــــاره دەبـــــا دەرکـــــەویٚ

# به بەختی حاجی

ئـــاوریٚ لـــە ســـکتان قاقـــاو گـــرد گـــۆران
خەزنـــەی داهـــاتی میرپاشـــای ســـۆران
ئەســـحابە دەرگـــەی شـــاری (مـــەراتوو)
ببێتـــەوە شـــار گـــەر لـــە داهـــاتوو
ســـکتان شـــارێك بـــوو کۆنینـــە و مێـــژوو
بـــە کارەســـات و شـــەڕ بـــوو بـــە ڕەژوو
ســـۆری میرابـــیٚ و ئەشـــکەوتی ســـەرگرد
بنکـــەی شـــۆرش بـــوون پـــشتیوان و پـــرد
لـــە نێـــو (داڕۆشـــە) و شـــاخی کنێـــران
قـــەلاٚی باســـاغاو ئاشـــی ئـــاووێران
شـــەقلاٚوە و پیرمـــام دۆڵـــی بالیـــسان
بێتوتـــە و هـــیران خۆشـــناون دیـــسان
نـــازی نـــازەنین ســـایەی ســـناوە
بەنـــداوی جـــەلی خۆشـــە ئـــەو نـــاوە
گەشـــتی سروشـــتی ناوچـــەی خۆشـــناوان
بـــە ئاســـودەیی و بۆگەشـــی چـــاوان
****

گشت دەشتی کۆیە و شارەدێی ئاشتی
لە مێژووی کوردا گەشە یاداشتی
لە شۆڕش و خەبات لە زەمانی شاخ
دەشتی کۆیە بوو سەرەری و قۆناغ
لە ساتوقەلاّ هەرێمی ئیدۆ
چاخی ئاشوری و پاشای سەربەخۆ
****
گەرووی حاجیلان، تیشی پاوەنان
واخۆش، فەرامۆش، لەبێ خاوەنان
کانگای سروشتی بەرد و دەوەنان
شوێن و نیشانەی تۆپ و هاوەنان
حەمە خاڵدان و بەردە خاڵداری
لەبەرزی و خۆشی هاوتای کۆساری
**********
هێلانە پیرۆز، دارە تەرازوو
دێگەڵە ئاوو ، داربەروو مازوو
دۆڵی قورتەلاس کانی بی وگرتك
هۆبە و هەواری مەڕدار و مەنتك
کلاّوی کۆیی یان لەسەر کانی لاس
خۆرسك و خوا کرد، هێند خۆش ناکرێ باس
لە بەنەباوی و دڵکۆ و خەم رەوێن
کلاّوی قەسری بەرز و دڵ رفێن !
جۆبار و روبار بژوێن و بەندەن
پڕ کانی و چیمەن دەوار و دەوەن

گردباوەجـــان و گـــردی ســـێداران
دیرۆکـــی کـــۆنی نـــاو شـــوێنەواران
لوتکـــەی مۆزیـــك و کێـــشکێ و فاتمـــەلان
جوولـــەی دار و ئـــاو ئاهـــەنگی مـــەلان
زایەڵـــەی زولاڵ ســـۆز و ســـۆڵۆیە
سەرچـــاوەی هونـــەر وراتـــی کۆیـــە
**********

لـــە ســـیتەغار و گـــردی بانـــەڕەق
کـورد هـەڵکا بـەیرەق، لـە پـردی تـەق تـەق
لەبەســـتی شـــەرغە و چـــیای گۆرقـــەرەج
پێگـــە و شـــەتڵگەی جـــوامێری بـــەوەج
کـــەور جولەکـــە تـــا ئاســـت دواوان
کۆیـــە و شـــاخ و دێ ی شـــانۆی بەرچـــاوان

# خانمی حەمام

**لەحـــــــەمامی جمهـــــــــووری**
**هاتـــــەدەر، بـــــەروو ســـــووری**
********

**شـــــــۆربۆوە بەبوخـــــــــچەوە**
**بەتەقـــــــــەی پاپوچـــــــــەوە**
*********

**گـــــــــولاوی و ســـــــابووناوی**
**خــــــــاوێن و ئەفـــــــــسوناوی**
********

**دەمـــــو لێـــــوی گـــــوڵی ســـــوور**
**جەســـــــتە ئـــــاگر، لەتەنـــــــدوور**
********

**هـــــــالاوی لـــــــێ هەڵدەســـــــتا**
**پیـــــاو دەتاســـــــاو دەوەســـــــتا**
********

**پـــــــاك وشـــــــۆراو بەگڵەســـــــەر**
**پەرچـــــــەم و ئەگریجـــــــە تـــــــەڕ**
********

**دەســـــــتو قاچـــــــی ســـــــافو روون**
**ســـــــپی بەکـــــــەڤ ســـــــابوون**
********

**جـــــــوانی شـــــــێوەو رەونـــــــەقی**
**نـــــــەرمی ســـــــابوونی رەقـــــــی**
********

**لەگەرماوی کۆماری**
**حەزو عەشق دەباری**
****

**دەمزانی لەگەرماوە**
**چاوەڕێ بووم لەوناوە**
****

**گڕم دەگرت بەخەیاڵ**
**بۆقاپ قاپەو پەشتەماڵ**
****

**شڵپەی ئاو وتەقەی تاس**
**بانگ وهاوار دەتکا کاس**
****

**چاوی کامێرای دڵم**
**وێنەی بەرجوڕنەو هەڵم**
****

**یاهەیبەتی حەمام چی**
**سوتام ئاخر خەتام چی**
**سوتام ئاخر بڵێم چی**
*****

**هاوار شێخی شێخ موسریٛ**
**بەخێرم بۆ بنوسریٛ**

---

- ؛ ساڵی ١٩٥٨ حەمام جمهوری کرایەوە پێش حەمام جمهوری حەمامی حەسەناغا و حەمامی ناوەندی و حەمامی پیسکان هەبووە ! لە کۆیە
- شێخی شێخ موسریٛ: چاکێکە نزیك حەمام جمهوری

# شیعر

تا سەر ئیسقان ئەشقی شیعرم
شیعر نەبێ بەخوای دەمرم
شیعر منی گەیاندە شاخ
بە کاریگەر رۆ چووە ناخ
شیرینی کرد نیشتمانم
چەکی بڕوای کردە شانم
ئاخۆ دەبێ چی بێ شیعر ؟
نهێنی یەکە، سۆز و سیحر
هەر شاعیرێ پێناسەیێ
رۆح وبیر وهەناسەیێ
دەریایەکە هێند، فراوان
شاعیر دەبێ بە دەریاوان
لەبن دەریا دوڕ دەردێنێ
بیرو ویژدان دەهەژێنێ
ویست و نەست و سرۆشانە
پشکۆی وشە لە جۆشانە
مەرگی شیعر کفرە کفر
وەك باران و گوڵ و بەفر
شیعری نایاب نامرێ و دەژی
لە شیعری جوان نابم تەژی

# (سێوی مێخەکرێژ)

ســــێوێکی تــــێم گـــرت لــــه دوور
ســـەر چـــیخ ڕۆیـــی بـــەرەو ژوور
پــــێم نەکــــەوت، نــــەیکرد ســـڵ
نــــەی پێکـــــا نیــــشانەی دڵ
نەمــــــدەزانی لــــــه مێـــــژه
ئــــەو ســـــێوه مێخەکرێـــــژه
بــــیٚ ئاگـــا خـــــۆشمی دەویٚ
دڵ ســـــێوه پــــێم ناکـــــەویٚ
چـــەند زەمـــان ڕۆیـــی و ڕابـــورد
ئــــەو عەشــــقەم هەســـت پــیٚ نـــەکرد
شــــــەیدام بــــوو لەناخــــــەوه
نـــــەمزانی بــــــه داخـــــەوه
تــــاپیر نـــــەبووین نـــەی درکانـــد
وێنـــــەی لــــه دڵمــــا چـــرکاند
زانـــــیم ســــــاڵەهای ســــاڵه
ئــــەو منـــــی لـــــه خەیاڵــــــه
بــــیٚ دڵ نـــــەبووم ببـــــووره
گیــــانم بـــۆت فەرشـــی ســــووره
ببــــووره لــــــه منــــی پەشــــێو
پــــڕ نــــەبووم لـــه بــــۆنی ســـێو
ویــــــژدانم بــــــه ئـــــازاره
دڵــــــی ســـــــێوم یادگــــــاره !

چیرۆکی عەشقی (ش.چ.س)ه کچێك سێویکی تیٚ گرتووه پیٚ ی نەکـەوتووه، حەزی لیٚ کردووه، به پیری یەکتریان دیوه گوایه کچەکه گووتویـەتی چل ساڵه حەزم لیٚ کردووی، ئەویش بیٚ ئاگا بووه !

# ئاخ کوبانی....

پێشمەرگە وشەڕ ڤانیم
بەقوربانی کوبانیم
هەر بستێکی کوردستان
فیداکارین بێ وەستان
کاروانی هات ونەهات
پڕ لە کۆچ وکارەسات
دووبارەیە مێژوومان
هەر خوێنە ڕابردوومان
هاواری هاوکاریە
هۆشیاری ڕامیاریە
هەموو هاوارکەین تێکرا
(ئیتیفاقیەك ڤێکڕا)١
کوبانی تەنیا نی یە
دیدەی حاجی وخانی یە
ئاخ کوبانی کوبانی
نەبتە قۆچی قوربانی
ئاخ کوبانی وکوردستان
یەك پرسە گەلی دۆستان
تیبینی: ★سەیری کەن خوێناویە ڕابردوومان - دڵدار

---

[1] ئیتیفاقیە ك ڤێکڕا - خانی

# ئازاری ڕوح

**توخوا بەسە ئازاری ڕوح**
**خۆ تەمەنم ناگاتە نوح**
**ئاخر نیمە سەبری ئەیوب**
**ژیانم بۆتە مەستی و مەشروب**
**یادگاری من**
**ڕۆژگاری من**
*********
**پرچی ڕەشت سپی کردم**
**بەرق وخەم پیر بووم مردم**
**ناخی سپیم ڕەش کرد تاریک**
**لە دۆزەخی مەرگ نزیک**
**ناخۆشی و وشەڕ**
**تاکەی تاسەر**
********
**خۆشیم نەدی بەرێکەوتیش**
**بۆ نەهاتی، بەخت خەوتیش**
**تەمەن هێندەی پێ نەماوە**
**داری ژینم لێ چەماوە**
**حەزرەتی یار**
**تەگبیر وچار**
***********

**دەبا بژین خۆش وخەندان**

**بە ئاسودەی گیان ویژدان**

**پەڕەی سپی هەڵدەینەوە**

**ژیان خۆش وجوان کەینەوە**

**بە ڕووناکی**

**عەشقی پاکی**

## لە چاپ کراوەکانی رەهبەر سەید برایم:

١- گرِدار ٢٠٠٦

٢- پەیڤین لەگەڵ رِۆح ٢٠٠٧

٣- سایەی هەیبەسوڵتان ٢٠٠٨

٤- مەشخەڵان ٢٠٠٩

٥- رۆژنامەوانی لە کورەدا ٢٠٠٩

٦- بە بەختی حاجی ٢٠١٠

٧- رِزگاری – دەنگی یەکیتی شۆرشگێرانی کوردستان ٢٠١١

٨- شنەی شاخ٢٠١٢

٩- شیشۆق ٢٠١٤ ٢٠١٧/٧/٤ پاریس / بوورجی ئیڤڵ

١٠- پرِشەنگەکانی کەکۆن ٢٠١٤

١١- پرچی ئایشێ وفاتمان ٢٠١٧

١٢- دیلانە ومۆزیك ٢٠١٨